غەزەلنووس

# جەللاد

پێر لاگەرکڤیست

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی

ناوەندی **غەزەلنووس**- بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

زنجیرەی کتێب: **(٢٧٢)**

# جەللاد

## پێر لاگەرکڤیست

**کەریم تاقانە**

**لە سوێدییەوە کردوویەتی بە کوردی**

- بەرگ: باسم ڕەسام
- نەخشەسازیی ناوەوە: غەزەلنووس
- چاپ: یەکەم/ ٢٠١٩
- چاپخانە: تاران
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: ٣٠٠٠ دینار
- بڵاوکار: ناوەندی **غەزەلنووس**- بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

مافی لەبەرگرتنەوەی بە هەموو شێوەیەک پارێزراوە بۆ **ناوەندی غەزەلنووس**©

**سلێمانی- مەیدانی پاسەکانی تووی مەلیک- نهۆمی زەمینی بازاڕی کتێب**

**ژمارەی تەلەفۆن: ٠٧٧٠٣٥٧٣٧٥٧**

www.xazalnus.com

# جەللاد

## پێر لاگەرکڤیست

کەریم تاقانە
لە سوێدییەوە کردوویەتی بە کوردی

فەرهاد شاکەلی
پێشەکیی بۆ نووسیوە

چاپی یەکەم
٢٠١٩

**ئەم وەرگێڕانە، بە نیشانەی ڕێز و خۆشەویستی و وەفاداری، پێشکەش دەکەم بە دایکم.**

***کەریم***
***تاقانە***

## وەرگێڕان هونەرە، وەرگێڕان خۆشەویستییە

فەرهاد شاکەلی

ئـەوەی بناغـەکانی زمـانێکی پـاراو و دەوڵەمەنـد دادەڕێژێـت تــەنیا شــاعیران و نووســەران نــین، بەڵکــە وەرگێــڕە چاکەکانیشــن. ئــەوەی دیوارەکــانی زمــانێکی یــەکگرتوو هەڵـدەچنێت تــەنیا زمانــەوان و تیۆریزانــەکان نــین، بەڵکـە وەرگێڕە نەترسەکانیشـن. لـە ئـەزموونی زمانـە دەوڵەمەنـد و پێشــکەوتووەکانی دنیــا ورد ببــەرەوە! دەبینیــت نەخشــی وەرگێـڕە دەسـتڕەنگینەکان هیچـی لـە نـەخش و بەشـداریی شاعیرە ناودارەکان و ڕۆماننووسە لێهاتووەکان کـەمتر نییـە. وەرگێڕان تەنیا گواستنەوەی تێکستێک یا زانیارییـەک نییـە لـە زمانێکـەوە بـۆ زمـانێکی دیکـە. وەرگێـڕیش کۆڵهـەڵگر نییـە شـتومەکی ئـەم و ئـەو لـە لایەکـەوە بگوێزێتـەوە بـۆ لایـەکی

دیکە. تەرجەمە هونەر و داهێنانە، زانستێکە بنەما و قانوونی خۆی هەیە.

ئەزموونی وەرگێڕان لە زمانی کوردیدا ئەزموونێکی تازەیە. پێم وایە کۆنترین تێکستە وەرگێڕدراوەکان ئەوانەن کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا ئەنجام دراون. لەم ڕۆژانەدا تەماشای تێکستێکی وەرگێڕدراوی کوردیم دەکرد، کاتی خۆی ڕۆژهەڵاتناسێکی ئاڵمانی بڵاوی کردووەتەوە. کوردێک، دوو سێ لاپەڕەی یەکەمی گوڵستانی سەعدیی شیرازیی کردووەتە کوردی. لەوەیە هەموو کتێبەکەیشی تەرجەمە کردبێت، بەڵام ئەوەی بڵاو کراوەتەوە و گەیشتووەتە دەستی ئێمە هەر ئەو دوو سێ لاپەڕەیەیە. تەرجەمەکەی جوانە و گەلێ وشە و دەربڕینی جوانی بە کار بردوون. ئەو تێکستە کۆنترین تێکستی وەرگێڕدراوی کوردی نییە، بەڵام، بێگومان، یەکێکە لە هەرە کۆنەکان. من کە ئەمڕۆ ئەو تێکستە دەخوێنمەوە هەست دەکەم ئەو وەرگێڕە ئامانجێکی فەرهەنگی و خەیاڵێکی ڕەنگداری لە بیردا هەبووە، بۆیە دەستی داوەتە وەرگێڕانی تێکستێک کە، دڵنیام، بەشێکی زۆری خوێنەواری کوردی ئەو سەردەمە پێویستیان بەو وەرگێڕانە نەبووە و دەیانتوانی گوڵستانی سەعدی ڕاستەوخۆ بە فارسی بخوێننەوە. بەڵام کە ئەو پیاوە گوڵستان دەکاتە کوردی، دەیەوێ پەیامێکی شارستانەتی بگەیێنێتە خوێنەری کورد، دەیەوێ پێی بڵێ تۆیش زمان و فەرهەنگ و ناسنامەی خۆتت هەیە، تۆیش

دەتوانیت و دەبێت شاکاری ئەدەبی بە زمانی خۆت بخوێنیتەوە و بەرهەم بهێنیت!

وەرگێڕان ڕێگەیەکە بۆ ناسینی ئەوی دیکە و ئەوانی دیکە، بۆ ناسینی فەرهەنگ و شارستانەتیی جۆراوجۆر، بۆ پەیداکردنی ئاشنایەتی لەگەڵ بەشێکی تری مرۆڤایەتیدا. ئەو ئاشنایەتییە تەنیا وردبوونەوەیەکی یەکلایەنە نییە لە پێشانگایەک، چاولێکردنێکی خێرای بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنی نییە. ئاشنایەتی بە هۆی وەرگێڕانەوە، ئاشنایەتییە لەگەڵ شێوەی بیرکردنەوەی بەرانبەردا، لەگەڵ بەهرەی داهێناندا، لەگەڵ مەنتیق (لۆگیک)ی کەڵەکەبووی داهێنان و بەرهەمهێناندا. وەرگێڕان ئەو دەرفەتەمان پێ دەدات بتوانین خۆمان لەگەڵ ئەوی/ئەوانی تردا بەراورد بکەین. هەر ئەم بەراوردکردنەیشە کە دەبێتە کلیلی دەرگا داخراوەکان. بە بەراوردکردن ئێمە ناتەواوییەکانی خۆمان چاکتر دەناسین و لایەنە گەشەکانی ئەوی دی دەکەینە نموونە بۆ خۆمان. ناسینی ئەوی تر، هەستی بەراوردت دەداتێ، ئەو هەستەت لا دروست دەکات کە چاوێکی تازە بە ماڵەکەی خۆت و بە گەنجینەکانی خۆتدا بگێڕیت. هەر ئەم هەستەیشە کە دواجار وزە و توانستت دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی بەرەو ئاسۆیەکی تازە و بەرەو ئامانجێکی تازە هەنگاو بنێیت.

وەرگێڕان ڕێگایەکە بۆ پێشخستن و پێشکەوتنی زمان. ئەو دەربڕین و زاراوانەی لە کاتی وەرگێڕانی تێکستێکدا پێویستمان پێیانە و ناچارین بە کاریان ببەین، لەوانەیە

لە گەنجینەی زمانەوانیی خۆماندا دەستمان نەکەون. ئەودەم پەنا دەبەینە بەر داڕێشتنیان و دروستکردنیان، ئەمەیش بنەمایەکی ڕاست و پێویستە بۆ ئەوەی زمان گەشە بکات و زەنگین ببێت. تۆ کاتێک دەتەوێت تێکستێکی فەلسەفی یا تەکنیکی یا مێژوویی بکەیتە کوردی، دەیان جار لەگەڵ چەمک و دەربڕین و وشە و زاراوەی وەهادا ڕووبەڕوو دەبیتەوە کە لە کوردیدا نین و نەمانبووە. چارەسەر ئەوەیە کە دەبێ زمانەکەی خۆت بە جۆرێک بگونجێنیت ناچاری بکەیت شتی تازەی پێ بڵێی و دەرببڕیت. من ئێستا باسی میکانیزمی ئەو داڕێشتن و وشەڕۆنانە ناکەم. لە نووسینی دیکەمدا لەمەوپێش، لەو بابەتە نزیک بوومەتەوە و تیۆرییەکەی خۆمم ڕوون کردووەتەوە. بەڵام کاتێک کە خۆت دەنووسیت، کاتێک دەتەوێت بیری خۆت دەرببڕیت، زۆر جار وا ڕوو دەدات کە تۆ بیرەکەی خۆت لەگەڵ زماندا دەگونجێنیت، واتە دەستبەرداری هەندێ بیری پێشکەوتوو، ئاڵۆز، یا تازە دەبیت، چونکە دەزانی زمانەکەت بۆ دەربڕینی ئەو بیرە بەش ناکات. کەچی بۆ وەرگێڕانەکە دەبوو زمان لەگەڵ بیردا بگونجێنیت.

تۆ ئەگەر تێکستێکت خۆش نەوێت، ناتوانیت تەرجەمەی بکەیت. تەرجەمەیشی بکەیت، بە دڵ نایکەیت و بەو شێوەیە دەرناچێت کە خۆت پێت خۆشە. چونکە وەرگێڕان عیشقە، خۆشەویستییە. ڕەنگە ناوی نووسەر نەخشێکی لەوەدا هەبێت کە چی بۆ وەرگێڕان

هەڵدەبژێرین، بەڵام بڕیاردەری گەورەتر تێکست خۆیەتی، نەک نووسەرەکەی. لەوەیە تۆ نووسەرێکت خۆش بوێ، بەڵام دڵنیام ناتوانیت هەموو تێکستێکی ئەو نووسەرەت خوش بوێت، یا حەز بکەیت بۆ زمانێکی تری وەربگێڕیت. کەچی ئەگەر تێکستێکت خۆش ویست، زۆر گوێ بەوە نادەیت نووسەرەکەی کێیە.

وەرگێڕان تەنیا لە چوارچێوەی سیاسەتێکی فەرهەنگیدا دەتوانێت چاکتر ئامانجەکانی بە دی بهێنێت. ئەمە کەمنرخاندنی بەهرە و مەبەست و هۆشیاریی وەرگێڕ نییە، وەک تاکەکەس، هێندەی جەختکردنی پێویستیی هەبوونی سیاسەتی فەرهەنگییە. لە باشووری کوردستاندا ژیانی فەرهەنگی، سەرەڕای هەموو پێشکەوتنێکی بەرچاو، لە قەیرانێکی کەموێنەدا دەژی. پێشخستن و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ هەرگیز بەوە جێبەجێ ناکرێت کە هەزاران کتێب چاپ بکرێن و سەدان ڕۆژنامە و مانگنامە و وەرزنامە بڵاو بکرێنەوە و دەیان تەلەڤیزیۆنی ساتیلیت دابمەزرێنرێن. دەبێ هەموو هەنگاوێک، لەو بوارەدا، لە چوارچێوەی نەخشەیەکدا بنرێت کە پێویستییە ماددی و ڕۆحییەکانی نەتەوە، ئامانجە دوور و نزیکەکانی و قۆناغە مێژووییەکەی کردبێتە نوختەی دەرچوون. ئەو نەخشەیە، سیاسەتی فەرهەنگییە (Culturalpolicy)، کە چەندە ئامانجێکی فەرهەنگییە، ڕەنگە لەوەیش زێدەتر گەوێک بێت لە ستراتیژیی سیاسیی نەتەوە و نیشتمان.

بزووتنـــەوەی وەرگێـــڕان، ڕێـــک بـــە پێچەوانـــەی بزووتنەوەی نووسینی داهێنەرانەوە (شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و شانۆنامە)، لە بازنەی نەخشەیەکی فەرهەنگیدا دەتوانێت چاکتر گەشە بکات و سەرکەوتووتر بێت. تۆ ناتوانیـت بـە شـاعیران و ڕۆماننووسـانی وڵات بڵێیـت دەبێ لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا دووسەد و پەنجا دیـوانی شـیعر و سێسـەد و بیسـت ڕۆمـان بنووسـن و دەبـێ چەنـدی لەمـەڕ مێـژوو، دڵـداری، سیاسـەت و نازانمچییـەوە بێـت. کـەچی دەکرێـت نەخشـەیەکی وا دابنێیت کە، بۆ نموونە، لە ماوەی پێنج ساڵدا، دووسەد ڕۆمـان، سەدوبیسـت کتێبـی مێژوویـی، حـەفتا کتێبـی فەلسـەفی، بیسـتودوو کتێبی بـایۆلۆگی، سـیوپێنج کتێبـی سـایکۆلۆگی و هەشـتاوچوار کتێبـی سیاسـی بکرێنـە کوردی. تەنانەت دەکرێت نەخشـەکە وا دابنرێت کە لـەم کتێبانە چەندیان لە ئینگلیزییەوە و چەندیان لـە فرانسـی، ژاپۆنی، فارسـی یـا سـوێدییەوە تەرجەمـە بکـرێن. بـەڵام نەبوونی سیاسەتێکی فەرهەنگی لـە کوردسـتاندا، ڕێگـەی لـە وەرگێـڕی کـورد نـەگرتووە، بـەپێی تێگەیشـتن و بۆچوون و هەڵسـەنگاندنی خۆی، تێکستێک، بابـەتێک یـا کتێبێـک هـەڵببژێرێت و بیکاتـە کـوردی. ڕاسـتییەکەی ئەوەیە کە تەرجومانی کوردیش ڕێک هەر وای کردووە. ئێمە کە ئەمڕۆ ئـەو بەرهەمـە نایابانـەی وەرگێڕی کورد تەرجەمـەی کوردییـان کـردوون، دەخوێنینـەوە، دەزانـین کەس ڕێنوێنیی نەکردوون کامە تێکسـت تەرجەمـە بکـەن

و کەسیش بۆ کاری دەستڕەنگینانەیان خەڵاتی نەکردوون. ئەوان خۆیان هەستیان بەوە کردووە دەبێ چۆن کار بکەن و خوێنەری کورد چیی پێویستە.

لەناو نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، باوەڕ ناکەم کەس هێندەی ئێران لە بواری وەرگێڕاندا پێشکەوتوو بێت. هێندەی من ئاگادار بم و پێی بزانم، ئێران بە تەنیا شەش ئەوەندەی هەموو وڵاتانی عەرەب (پێم وایە بیستوئەوەندە دەوڵەتن) کتێب تەرجەمە دەکات. زمانی فارسی لەو زمانانەیە کە لە بواری زاراوەسازیدا یەکجار دەوڵەمەندە و ساڵانە هەزاران کتێب لە بواری جۆراوجۆری زانست و زانیاریدا دەکرێنە فارسی. ئەنجامەکەیش ئەوەیە کە زمانی فارسی، یەکێکە لە زمانە دەوڵەمەند و زیندووەکانی دنیا و فەرهەنگی ئێرانی بەشێکی ڕەنگداری شارستانەتیی ئەمڕۆی مرۆڤایەتییە.

یەکێک لە ئەنجامە تاڵەکانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد ئەوە بووە کە سەدان هەزار کورد لە وڵاتی خۆیان ئاوارە بوون و لە وڵاتانی دیکەی دنیادا گیرساونەوە. ئەم دیاردەیە لەپاڵ هەموو لایەنە ناخۆش و سەختەکانیدا ئەو بەرهەمەیشی هەبووە کە مرۆڤی کورد ئاشنایەتیی لەگەڵ فەرهەنگ و شارستانەتی و زمانی جۆراوجۆردا پەیدا کردووە. ئەمڕۆ لە بەشی هەرە زۆری وڵاتانی دنیادا، کورد هەیە و لە هەندێکیاندا تەنانەت کۆمەڵگای گەورە و فراوانی کوردیش هەن.

زۆرجار ئێمە بە گاڵتەوە باسی "کوردستانی سوێد" دەکەین. لەناو ئەم کوردانەدا سەدان و هەزاران هەن کە شارەزاییەکی باشیان لە زمان و فەرهەنگی نیشتمانە تازەکەیاندا پەیدا کردووە. لەناو ئەمانەدا نووسەر و هونەرمەند و ڕووناکبیری گەورە هەن، کە بێ ئەوەی هیچ دەستەڵاتێک دایانمەزرێنێت، بوونەتە نوێنەری زمان و فەرهەنگ و شارستانەتیی کوردستان لە وڵاتە تازەکانیاندا، بەڵام هاوکاتیش دەبنە نوێنەری فەرهەنگ و شارستانەتیی وڵاتە تازەکانیان لە کوردستان.

کاک کەریم تاقانە لاوێکی فەرهەنگدۆست و خوێنەوارە و نووسەر و وەرگێڕێکی بەهرەوەرە. هەر لە منداڵییەوە لە زێدی خۆی، کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، هەڵکەنراوە و ئاوارەی عەرەبستانی عیراق بووە. دواتریش لە بەفرستانی سوێد گیرساوەتەوە. تاقانە بە هۆی زمانی سوێدییەوە ئاشنایەتیی لەگەڵ ئەدەبییات و فەرهەنگ و شارستانەتیی نیشتمانە تازەکەیدا پەیدا کردووە و زانیاریی خۆی تا ئەو پلەیە سەر خستووە کە ڕۆمانی (جەللاد)ی پێر لاگەرکڤیستی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. من، وەک خوێنەرێک، چەندە بەوە دڵخۆشم کە تێکستێکی سوێدیی تەرجەمە کردووە، زۆر لەوەیش پتر دڵخۆشی ئەوەم کە ڕۆمانی نووسەرێکی گەورەی وەک لاگەرکڤیستی بۆ وەرگێڕان هەڵبژاردووە. لاگەرکڤیست نووسەرێکی گەورەیە و تێکستەکانی ئاسان نین. ئەو لە شیعر و ڕۆمانەکانیدا هەمیشە خوێنەر بەرەو هەرێمەکانی دین و فەلسەفە، بەرەو

مەسەلە قووڵەکانی ژیان و هەبوون و مردن دەبات. من ئەم بەرزویستییەی تاقانەم پێ خۆشە و بە نیشانەیەکی ورشەداری دەزانم.
ئەگەر لە کوردستانی ئەمڕۆدا، دەستەڵاتی سیاسی لە ناوەڕۆکی سیاسەتی فەرهەنگی تێبگەیشتایە، دەیتوانی سوود لە سەدان بەهرەوەری وەک کاک کەریمی تاقانە وەربگرێت، کە شاکارە گەورە و جوان و بەپێزەکانی دنیا، لە دەیان زمانەوە بکەنە کوردی و پێشکەشی خوێنەری کوردیان بکەن. گەشەکردن و پێشکەوتن و دەوڵەمەندکردنی زمان و فەرهەنگی کورد، بێ بزووتنەوەیەکی گەورە و فراوانی وەرگێڕان، لە چوارچێوەی سیاسەتێکی دووربینانە و ئاوەزکارانەی فەرهەنگیدا، بە دی نایەت.

**فەرهاد شاکەلی**

**ئوپسالا ١٧-١٠-٢٠١١**

## پێشەکیی وەرگێڕ

پێر لاگەرکڤیست[1] کێیە؟

"پێـر فابیـان لاگـەرکڤیسـت" یـەکێک لـە گـەورەترین نووسەران و شاعیرانی مێژووی سویدە.

ئـەو سـاڵی ١٨٩١لـە شـاری ڤێکخـۆ[2]، لـە بنەماڵەیـەکی زۆر ئایینی چاو بە دنیا هەڵدێنێت و هـەر لـە زێدەکـەی خـۆی و لـە کەشـوهەوایەکی تونـدی ئایینیـدا گـەورە دەبێت. لاگەرکڤیست جگە لە ئینجیل و نامیلکـەی ئـایینی، هـیچ کتێبـی دیکـە لـەماڵـدا نابینێـت. بـەڵام سـەرەڕای ئـەوەیش، زۆر زوو لەگـەڵ داروینیسـم و سۆسـیالیزم و بیـری نـوێ ئاشـنا دەبێـت و واز لـە بیـر و بـاوەڕی مەسـیحییەت دەهێنێـت. بابـەتی چیرۆکـەکانی پێـر لاگەرکڤیسـت هـەردەم بـاس لـە دوو دنیـا دەکـەن، دنیـای

---

[1] Pär Lagerkvist
[2] Växjö

مەسـیحییەت و ئەفسـانەکان و پاشـان دنیـای ژیـان و بوونی مرۆڤ کە لەودا خودا چیی تر دەستەڵاتێکی نییە. پێر لاگەرکڤیست ساڵی ١٩١١-١٩١٢ لـە زانکۆی ئوپسـالا[١] دەرسـی ئـەدەبییات و مێـژووی هونـەر دەخوێنێت، بـەڵام پاشـان واز دەهێنێت و سـەفەری وڵاتـی فرانسـا دەکـات و لەگەڵ ڕێبازە نوێیـەکانی وەک کوبیسـم و ئێکسپێرسیۆنیزم ئاشـنا دەبێت و ئـەزموون وەسـەر یـەک دەنێت. پاشـان لـە فرانساوە سەفەری دانمارک دەکات و لـە کۆپێنهاگ لەگـەڵ کچێکی دانمارکی ئاشنا دەبێت و پێکـەوە ژیانی هاوسـەری پێـک دێـنن و دواتـر منـداڵێکیان دەبێـت، بـەڵام ژیـانی هاوسـەرێتییان درێـژە ناکێشـێت و ناچـار لێک هەڵدەبڕێن. لـەو سـەروبەندەدایە کـە ڕۆمـانی "میـوانی واقعییـەت"[٢] (١٩٢٥) دەنووسـێت و ئـاوڕ لـە سـەردەمی لاوێتیـی خـۆی دەداتـەوە. پێـر لاگەرکڤیسـت، لـەم سـەفەرەدا کـە تـا سـاڵی ١٩٣٠دەخایەنێت، دەتوانێت زۆر بەرهەمی بـەپێز و نـەمری ئەدەبی بنووسێت.

لاگەرکڤیسـت هەمیشـە عـەودالی دوای ئـەوە بـوو کـە جووڵانەوەیەکی بـەربڵاوی فیکری بهێنێتـە گـۆڕێ و بیـر و زەینی مرۆڤ لـە قەید و بەندی چەقبەستووی ئـایینی دابماڵێت.

ئەو گوێی بەو ڕێباز و شێوازانە نەدەدا کـە ئـەوکات بـاو بوون و نووسـەران پێیان دەنووسی بەڵکوو هەمیشـە بـە

---

[1] Uppsala
[2] Gäst hos verkligheten

دوای ڕێگا و شێوازی نوێتردا وێل بوو هەتا بتوانێت بە ئاسانترین شێوە لەگەڵ ڕۆحی مرۆڤ بکەوێتە پێوەندییەوە. هەر لەبەر ئەوەیش، بەرهەمە کۆنەکانی وەک: کتێبی ئایینی هیندۆسی، ئاڤێستا، قورئان، حیکایەت و بەیتە فۆلکلۆرییە سوێدییەکانی دەخوێندەوە و لەو باوەڕەدا بوو کە نووسەران و بوێژانی ئەم بەرهەمانە هەوڵیان داوە بە شێوەی سروشتی لەگەڵ ڕۆحی مرۆڤدا پێوەندی بگرن.

پێر لاگەرکڤیست پیاوێکی ڕەشبین بوو کە بەردەوام لەبارەی تراژیدییەکان و ئاکارە پیس و پۆخڵەکانی مرۆڤەوە دەینووسی. ئەو کۆمەڵگای دەدایە بەر ڕەخنەی توند و هێرشی دەکردە سەر.

لاگەرکڤیست بەردەوام ئەو پرسیارە دژوار و ئەزەلییانە دەورووژێنێت کە هەر لە سەرەتای دروستبوونی دنیاوە ختووکەی ناخ و زەینی مرۆڤیان داوە: ئێمە بۆ زیندووین؟ ئەم دنیایە چۆن بناسین؟ مەرگ چییە؟ خودا بۆ وەڵامێک ناداتەوە؟

هێزی شەڕ و ئاشتی، ئەهریمەن و ئاهورامەزدا، هەمیشە لە بەرهەمەکانی پێر لاگەرکڤیستدا ڕەنگیان داوەتەوە. ئەو پێی وایە شەیتان و خودا، ئەهریمەن و ئاهورامەزدا بە بێ یەکدی هەڵناکەن و دەبێت هەمیشەیش لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا هەبن. لاگەرکڤیست هەمیشە دەگەڕێتەوە لای ئەو چەمک و پرسیارانە، بەڵام هونەری مەزنی ئەو لەوەدایە کە لە تەواوی تەمەنی پڕ

لـه داهێنـانی خۆیـدا، هـەرگیزاو هـەرگیز خـۆی دووبـارە ناکاتەوە.
پێـــر لاگەرکڤیســـت دڵ و دەروونێکـــی ناهومێـــد و تەمـداگرتووی هـەبووە. بـە هـیچ شـێوەیەک حـەزی بـە خۆدەرخستن نەبووە و تەنانەت پێی خـۆش نـەبووە لەگـەڵ ئەدیب و نووسەرانیشدا زۆر هەڵسوکەوتی هەبێت.
لـە سـاڵی ١٩٤٠یشـدا، کاتێک وەک نوێنـەری ئـەکادیمیای سـوێد هەڵـدەبژێردرێت و قـەرار وا دەبێـت وتەیـەک پێشکەش بکات، دەردەکەوێت کە ئەوە یەکەم جارە لـە پـێش چـاوی خـەڵک قسـە دەکـات؛ هەرچەنـد ئـەوکات تەمـەنی لـە پـەنجا سـاڵ نزیـک دەبـووەوە و زیـاتر لـە بیستوپێنج کتێبیشی بڵاو کردبووەوە. تەنانـەت کـاتێکیش خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیات دەباتەوە و ئیدی ناچار دەبێت هەر دەربکەوێت، لە وتووێژێکی چاپەمەنیدا کە ناوەندی چاپەمـەنیی نێونەتـەوەیی پێکـی دەهێنێـت، بـە کـورتی وەڵامـی پرسـیارەکان دەداتـەوە و دەڵێـت کـە وەڵامـی پرسیارەکان لە کتێبەکانیدا دەست دەکەون.

بـەڵام سـەرەڕای ئەوانـەیش، پێـر لاگەرکڤیسـت زیـاتر ئیمانی بە مرۆڤە تا خودا.
تایبەتمەندیی سـەرەکیی نووسـینەکانی پێر لاگەرکڤیست کورتبێژییە. ئەو هەروا لـە خـۆڕا وشـەی ڕیز نـەکردووە بەڵکوو تا ئەو شوێنەی بـۆی کراوە کورتی نووسـیوە و پـوختی گوتـووە و مەبەسـتی پێکـاوە. ئەگـەر بـە تـەنیا

سەرنجی کۆمەڵە چیرۆکی "حیکایەتگەلی خراپ"[١] (١٩٢٤)ی بدەین، ڕاستیی ئەم قسەیەمان بۆ دەردەکەوێت.

ئەو هێندە شیرین و دڵگیر دەنووسێت کە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی یەکەمین دێڕەکاندا لەگەڵ نووسینەکەی تێکەڵ دەبێت و لەو دنیایەدا کە نووسەر مەبەستیەتی باسی بکات، خۆی دەبینێتەوە.

پێر لاگەرکڤیست شاعیریش بووە. ئەو ساڵی ١٩١٦ کۆمەڵە شیعری "پەرێشانی"[٢] و دوای ئەوەیش چەند کۆمەڵە شیعرێکی دیکە بڵاو دەکاتەوە، وەک "تیاتر". بەڵام وەک باس دەکرێت، "ئێوارستان"ی پێر لاگەرکڤیست یەکێک لە باشترین دیوانە شیعرییەکانی ئەدەبییاتی سویدە.

ساڵی ١٩٤١ لەلایەن زانکۆی شاری یۆتەبۆرییەوە دۆکتۆرای ئیفتیخاریی لە فەلسەفەدا پێ دەبەخشرێت.

ساڵی ١٩٤٤ڕۆمانی "کورتەبنە"[٣] بڵاو دەکاتەوە کە باس لە کورتەبنەیەک لە دیوەخانی یەکێک لە سوڵتانەکانی سەدەکانی نێوەڕاستی ئیتالیادا دەکات. ساڵی ١٩٥٠یش ڕۆمانی "باراباس"[٤] بڵاو دەکاتەوە کە سەرکەوتنێکی بەربڵاو و نێونەتەوەیی بە دەست دەهێنێت[٥]. پاشان

---

[١] ئەم کۆمەڵە چیرۆکەم کردووەتە کوردی. **وەرگێڕ**

[2] Ångest

[3] Dvärgen

[4] Barabbas

[٥] خەبات عارف دیوانی "ئێوارستان" و هەردوو ڕۆمانی "کورتەبنە" و "باراباس"ی کردووەتە کوردی. **وەرگێڕ**

ساڵێک دواتر، واته له ساڵی ١٩٥١دا، وهختێک خهڵاتی ئهدهبیی نۆبێل دهباتهوه، جارێکی دیکه توانایی و دهستهڵاتی بێوێنهی ئهو له نووسیندا دهسهلمێنرێت و دانی پێدا دهنرێت.

## ڕۆمانی "جهللاد"[١] :

پێر لاگهرکڤیست له بههاری ساڵی ١٩٣٣دا سهفهری فهلهستین و یۆنان دهکات و دواتر که دهگهڕێتهوه، دێته ئیتالیا و ئاڵمان و به دوو چاوی خۆی دهبینێت فاشیزم و ناسیزم چۆناوچۆن له گهشهکردندان. ئیدی که دێتهوه سوێد، یهکسهر دهست به نووسینی ڕۆمانی "جهللاد" دهکات و ههر ئهو ساڵهیش که بڵاو دهبێتهوه، پێشوازییهکی گهرمی لێ دهکرێت. ڕۆمانی "جهللاد" یهکێک لهو کتێبانهیه که نازیستهکانی ئاڵمان وه زاڵه دێنێ و ناچاریان دهکات کۆی بکهنهوه و ههمووی بسووتێنن. کاتێکیش له ساڵی ١٩٣٩دا شهڕ ههڵدهگیرسێت، ناوی پێر لاگهرکڤیست دهچێته لیستی مهرگی گێستاپۆوه. لهوه بهدوا پێر لاگهرکڤیست پتر

[١] Bödeln به زمانی سوێدی واته "جهللادهکه". بهڵام لهبهر ئهوهی له کوردییهکهیدا لهسهر زمان قورس و ناخۆش دهبوو، من ههر "جهللاد"م دانا. **وهرگێڕ**

خـۆی بـۆ خـەبات دژ بـە دیکتـاتۆری و ڕەگەزپەرسـتی ئامادە دەکات.
ئەو ساڵی ١٩٧٤ لە تەمـەنی هەشـتا و سێ سـاڵاندا کۆچی دوایی دەکات.

***

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانـم کـە زۆر سوپاسـی بـرای خۆشەویست کاک "عەزیز مـەحموودپوور"ی نووسـەر و چیرۆکنـووس بکـەم کـە "جـەللاد"ی بـە دڵ و بـە گیـان خوێنـدەوە و بـە سـەرنج و تێبینییـەکانی وەرگێڕانەکـەی منی دەوڵەمەندتر کرد.

**کەریم تاقانە**
**سوێد ٥-١٢-٢٠١٠**

جەللاد

**جە**للاد لە پەنای مێزێکی نیوەتاریک لەنێو میوانخانەدا دانیشت و خواردیەوە. لە بەر ڕۆشناییی ئەو تاکە شەمە دووکەڵاوییەدا کە خاوەنی ڕیستۆرانەکە دایناببوو، بە جلوبەرگە خوێنڕەنگەکەیەوە، دەست لەسەر تەوێڵ لەو شوێنەی نیشانەی جەللادیی لێ هەڵکەنرابوو، بە قورسی خۆی بەسەر مێزەکەدا دا. لەولای مێزەکەوە چەند پیشەکار و کرێکارێکی نیوەسەرخۆشی ناوچەکە لەگەڵ خواردنەوەدا هاتوهاواریان بوو، کەس لە تەنیشتی ئەو دانەنیشتبوو. کچەکە بە هەنگاوی بێدەنگ و بە ئەسپایی بەسەر بەردەڕێژەکەدا چوو و وەختێک کە دەفرەکەی بۆ پڕ کرد، دەستی لەرزی. شاگردوەستایەک کە خۆی خزاندبووە ژوورەوە و لەولاوە لە تاریکاییدا خۆی حەشار دابوو، بە چاوە داگیرساوەکانی جەللادی ماشتەوە.

یەکێک لە پیشەکارەکان هاواری کرد:

- بیرەکـەی بەتامـە، میرغـەزەب! هەڵبـەت دەزانـی کـە دایە[1] لە دەرەوە لە بن سێدارە بووە و قامکی یـەکێک لە دزەکانی تۆی قرتاندووە و کردوویـە بـە پەتێکـەوە و بۆ بن بۆشکەی بیرەکەی شۆڕ کردۆتـەوە. ئـەو بـە کەسـی ڕەوا نـابینێ بیـرەی لـە هیـی خـۆی باشـتری هـەبێ و هـەموو شـتێک بـۆ میوانـەکانی خـۆی دەکـا. ئاخر هیچ شتێک وەک قامکێکی بن سـێدارە تـاموچێژ بە بیرە نادا، دەزانی!

پینەچییـەکی پیـری بچـووکی دەمچـەوت، لـە حاڵێکـدا بـە گومانـەوە بیـرەی سـەر ڕیشـە هـاڵۆز و سیسەکەی پاک دەکردەوە، گوتی:

- نـا هەرشـتێک لـەوێوە دێ، سەیروسـەمەرەیە. چ دەستەڵاتێکی سەرسووڕهێنی هەیە.
- بـە گیانتـان قەسـەم! مـن لـە بیرمـە جارێکیـان لـەوێ بووم کە لە ناوچەکەماندا جووتیارێکیان لەبەر ڕاوی ناقـانوونی لـە دار دەدا، هەرچەنـد کـابرا دەیگـوت کـە بێتاوانە. وەختێک جەللاد لەسەر سەکۆی سەرخست و پەتی سـێدارە گەردنی ڕاتەکاند، کـابرا بایـەکی لـێ بۆوە کە بۆنەکەی هەموو ئەو دەوروبـەرەی تـەنی و گوڵـەکان ژاکـان و مێـرگ و چیمـەنی ڕووەو خۆرهـەڵات هـەموو سـیس بـوون و وشـک هـەڵهاتن

---

[1] Mutter: وشـەیەکی ئاڵمـانییە کـە نووسـەر هێناویەتـە نێـو نووسینەکەی خۆیەوە، واتە "دایک". **وەرگێڕ**

چونکە، دەبێ بڵێم، ئەوکات با ڕوو بە خۆرئاوا هەڵیکردبوو، ئیدی هاوینی ئەو ساڵەش نەهاتی ڕووی لەو ناوچەیە کرد.

هەموو پێکەنین و خۆیان بەسەر مێزەکەدا دا.

– بەڵێ، بابی من دەیگێڕاوە کە لە سەردەمی لاوییدا کابرایەکی دەبباغ بووە لەگەڵ براژنی خۆیدا دەستی تێکەڵ کردووە و وەختێک پەتی سێدارەی دەخەنە مل، ئەویش ئەم کارەی لێ دەقەومێ. ئاخر کەسێک ئاوا بە پەلەپەل دنیای ڕۆشن بە جێ بهێڵێ، بە ئاسانی وای بەسەر دێ. کە خەڵکەکەش لەبەر بۆنەکە دەکشێنە دواوە، هەورێک دەبینن بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێ و هەورەکە ئەوەندە ڕەش دەبێ هەر باس ناکرێ و لە دواوە شەیتان بۆ خۆی لەسەر شەنەیەکی ئاورین لە پەنای ڕۆحی گوناحکاری کابرای دەبباغدا دانیشتووە و لە دڵەوە بە بۆنەکە پێدەکەنێ و بۆ سەرەوە دەئاژوێ.

پیرەمێردەکە تیلەی چاوی بڕییە جەللاد و درێژەی بە قسە دا:

– نامەوێ قسەی هیچەکە و پووچەکەی ئێوە ببیستم. من کە باسی هێزی ئەوتۆ دەکەم، بە جیددی قسە دەکەم، چونکە ئەوە ڕاستە و گومانی تێدا نییە. بۆ نموونە، کریستن[١]، کوڕەکەی ئاننا[٢] کە هەر دەیدا بە

---

[1] Kristen
[2] Anna

عـەرزدا و کـەفی دەچەڕاند، تووشـی شـێتی بووبوو! من بۆ خۆم چەندین جار لە پەنای بووم و یارمـەتیم داوە، هەڵمســتاندووە و زاریــم کردۆتــەوە، ئــەوەی تووشـی ئـەو بووبـوو، ترسـناکە و لـەوەتی وە بیـرم دێ، کەسێکی دیکەم لـەو وەزعـەدا نـەدیوە. بـەڵام کـە یەرکر[1]ی ئاسنگەر مرد، ئاننـای دایکی ناچاری کـرد خـوێنی ئـەو بخواتـەوە و ئیـدی بـەم شـێوەیە چـاک بۆوە. لەو کاتەوە تا ئێستا تەنانـەت بـۆ جـارێکیش لـە خۆی نەچۆتەوە.

– نە کورە...

– تـۆش هـەر وەک مـن کـە لـە لای ئـەوان دەژیـم، لـەو سەریڕا دێیەوە.

– بەڵێ، هیچ کەس نکووڵی لەوە ناکا.

– ئەی چۆن، ئەم شتە وەک ڕۆژ بۆ گشت دنیا ڕوونە.

– بــــەڵام دەبـــــێ خـــــوێنی پیاوکوژێـــــک بــــێ و گەرماوگەرمیش بێ ئەگینا بە کەڵکی هیچ نایە.

– بێگومان.

– بەڵێ. سەیرە، سەیر...

پیرەپیاوەکە گوتی:

– هەروەها ئەو منداڵانەی بە دەست نەخۆشیی نەرمیی ئێسـقانەوە دەنـاڵێنن و زۆریـان ئـازار هەیـە، ئەگـەر کەسـێک خوێنێکیـان بـداتێ کـە بـە شمشـێری جـەللاد

[1] Jerker

ڕژابێ، چاک دەبنەوە. من هەر لە منداڵییەوە ئەمە دەزانم. خەڵکی ناوچەکە هەموو ئەوەیان دەزانی و مامانیش بۆ خوێن پەنای دەبردە ماڵی جەللاد و کارەکەی جێبەجێ دەکرد. ئەرێ وا نییە، گەورەم؟

جەللاد ئەوی نەدەبینی. نەدەبزووت. ڕوخساری مەزن و مەنگی لەو ڕووناکییە لەرزۆکە، لەژێر سێبەری دەستیدا بە ئاستەم دەبینرا.

پیرەپیاوەکە گوتی:

- ئەی چۆن. ڕۆحی شەیتانی، هێزی شفادانی هەیە، لەوەدا هیچ گومانێک نییە.
- بەڵێ، سەیرە، دە بزانە خەڵک لەپێناویدا خۆیان لە هیچ شتێک نابوێرن. کە شەوانە بە بەردەم سەکۆی سێدارەدا بۆ ماڵەوە دەچم، لەوێ غەڵبەغەڵب و هەرا و بەزمێکە دڵی مرۆڤ خەریکە بە یەکجاری داکەوێ. ئاشکرایە ئەو داو و دەرمانساز و جادووبازانە وسیحربازە خوانەناسەکانی دیکە لە کوێوە مایەی کاری خۆیان وە دەست دێنن، کە پاشانیش هەژاران و لێقەوماوان ناچار دەبن بە پارە و پووڵێک کە بە زەحمەت و عارەقەی نێوچاوانیان وە دەستیان هێناوە، لێیان بسێنن. دەڵێن گوایە ئەو تەرمانەی لەوێن تەنیا ئێسک و پرووسکیان لێ ماوەتەوە و مرۆڤ ناتوانێ بزانێ ئەوانە ڕۆژێک لە ڕۆژان گیانلەبەر بوون و ژیاون. دیارە منیش وەک ئێوە باش دەزانم ئەوە هێز و دەستەڵاتە و

وەختێکیش مرۆڤ تووشی ڕۆژڕەشیی مەزن هات، ئیدی دژوارە دەرەقەتی بێ. من بۆ خۆم ئەوەم تاقی کردۆتەوە، لەگەڵ کەیبانووەکەی خۆم. بەڵام دەڵێم، تف! تف لە بەزمی وا! تەنیا بەراز و مەل و جرِوجانەوەری دنیا نین لەسەر کەلاکی مرۆڤ دەژین، بەڵکوو ئێمەش لەگەڵ ئەوان هاوڕێین!

– کورە دە وس بە! مرۆڤ کە گوێی لە تۆ دەبێ، نەخۆش دەکەوێ. گوتت تۆ چیت خواردەوە؟

– نەمگوت چیم خواردەوە و ناشلێم. تەنیا دەڵێم تف لەو ڕۆحە پیسە! چونکە لە هەموو ئەو شتانەدا هەیە کە لەو لاوە دێن، باوەڕم پێ بکەن!

– ئۆی، قسەی پووچ. ئێوە ئەمشەو تەنیا قسەی قۆڕ دەکەن و گەنوگوو دەخۆن. من چیی دی تاقەتی ئەوەم نییە گوێ لە وڕێنەی ئێوە بگرم.

– ئەوە ئاوجۆکەت بۆ ناخۆیتەوە؟

– بێگومان دەیخۆمەوە. سەگی بەدمەست، خۆت بیخۆوە.

– بەڵام داخۆ سەیرە کە بەو شێوە شفابەخشە و هێزی ئەوتۆی هەیە؟

– هێزی هەیە.

– بەڵێ، هەر چۆنێکی لێک دەیەوە، هێزی هەیە. مرۆڤ کە لە نزیکی بێ، هەمیشە لە مەترسیدا دەبێ.

بێدەنگ بوون و دانیشتن و پەرداخەکانیان بەملا و بەولادا با دا و نەختێک شوێنی خۆیان گۆڕی.

هێنـــدێکیان ڕوویـــان وەرگێـــڕا و بـــە دڵنیاییـــەوە نیشانەی خاچیان کێشا.

پیرەپیاوەکە چاوی بڕییە ئەو قەڵافەتە زەبەلاح و بێدەنگە و گوتی:

– دەڵـێن جـەللاد نـە چـەقۆ دەیبـڕێ، نـە شمشـێر. جـا نازانم ئەمە تا چەند ڕاستە.

– ئەمە ئیدی درۆیە!

– بـۆ؟ هەیانـــە جەســـتەیان "ڕەق"ە. لـــە ســـەردەمی گەنجێتیمدا باسی یەکێکیان دەکرد کە جەستەی ڕەق بـووە. کـە بـە هـۆی دڕنـدەیی و زوڵـم و زۆرەکـانی داویانەتـە بـەر شمشـێر، شمشـێر نـەیبڕیوە. پاشـان چوون تەوریان بۆ هێناوە، بەڵام تەوریش لە دەستی تەوروەشـێن دەرپـەڕیوە، ئـەوجا ئیـدی ترسـیان لـێ نیشـتووە و لێی گـەڕاون بچـێ، چونکـە تێگەیشـتوون کابرا هێزی جادوویی هەیە.

– قسەی قۆڕ!

– خـۆم چـۆن لێرە دانیشـتووم و دەیگێڕمـەوە، ئـا بـەو شێوە حەقیقەتە.

– پـەکوو، قسـەی پـووچ. هـەموو دەزانـین جـەللادیش وەک خـەڵکی دیکـە هـەم بـە شمشـێر و هـەمیش بـە تەور گیانیان کێشراوە. خۆ یێنس[1]ی جـەللادیان هـەر بە تەورەکەی خۆی لەتوپەت کرد!

---

[1]Jens

- بەڵێ، ئاخر یێنس شتێکی دیکە بوو، ئەو لەو چینە نەبوو، نا. ئەو کابرا بێچارەیە بێ ئەوەی خۆی مەبەستی بێ و بیەوێ، ئالوودەی ئەو کارە بوو و بۆ ئەوەی ژیانی بە ڕێوە بچێ، ناچار بوو قبووڵی بکا. ئاخر ئەو نەیدەتوانی لە کەیبانووەکەی و منداڵەکانی خۆی جیا بێتەوە. ئەو مەسەلەیە جیاوازە. ئەو توانا و تاقەتی جێبەجێکردنی کاری خۆی نەبوو و لە بن سێدارەدا لە گوناحکاری بێچارەش ترساوتر بوو. ئەو لە خراپە دەترسا، بەڵێ، دەترسا. ئەو کابرایە لەبەر ئەوەی بێئەندازە دەترسا و نەیدەتوانی خۆی بە ڕێوە بەرێ، تووشی بەڵا بوو، ئەمە ڕای منە. هەر لەبەر ئەوەش ستافان[1]ی برد، کە لەگەڵی باشترین هاوڕێ بوو- و گیانی کێشا. دەبێ پێت بڵێم کە هێزی تەورەکەی، لە هێزی خۆی زۆرتر بوو و پێی نەدەوەستا، هەر کە بەرزی دەکردەوە، نەیدەتوانی خۆی ڕاگرێ؛ ئەوە بوو کە لە ڕۆژێکی خۆشدا، ئاخری بۆ خۆیشی پێوە بوو، هەڵبەت بۆ خۆیشی ئەوەی دەزانی.

نا، ئەو هیچ دەستەڵاتێکی لە خۆیدا نەبوو. بەڵام ئەوانەی دەستەڵاتیان هەیە، هیچ شتێک نایانبڕێ.

- بەڵێ، ئاشکرایە جەللاد دەبێ هێزێکی هەبێ کە هیچ کەسێکی دیکە نییەتی، بە مەرجێک  کە لەگەڵ هێزی

---

[1] Staffan

خراپـــەدا بـــێ. لەوەشـــدا کـــە تەورەکـــەی و هـــەموو شـتێکی دیکـەی هێـزی خۆیـان هەیـە، گومانێـک نییـە. هەر بۆیە هیچ کەسێک ناوێرێ تـوخنی ئـەو شـتانە و هەر شتێکی دیکە کەوێ کە جەلاد دەستی لێ دابن.

- بەڵێ، ئەوە ڕاستە.

- لـەوێ هێـز و توانسـتێکی لێیـە کـە هـیچ ئینسـانێک تەنانـەت بیریشـی بۆیـان نـاچێ. لـەوەدا گومـان نییـە. هێـزی خراپـە، کـە بەسـەر ئینسـاندا زاڵ بـوو، ئیـدی دەستبەردار نابێ.

پیاوێک کە گشت ئەو ماوەیە کڕوکپ دانیشتبوو، گوتی:

- تۆ نـازانی. خـۆ هـەروا ئاسـان نییـە لـە هێـزی خراپـە تێبگەی. ئەگـەر پیـاو بتـوانێ تێـی بگـا، لەوانەیـە واقـی وڕ بمێنێ. لەبەر ئەوەش نا کـە مـن زۆرتـری تێبگـەم، بـەڵام دەڵـێم جارێکیـان چوومەتـە لای و ڕوخسـاریم دیـوە. ئەگـەر پیـاو بـەو شـێوەیە ڕازونیـازی لەگـەڵ بکـرێ، هـەموو تەمـەنی لـە یـادی دەبـێ. سـەیریش لەوەدایە مرۆڤ دوایە چیی دی لێی ناترسێ.

- حەح...

- ئەوە بە ڕاستتە؟ من گومانم هەیە.

- بەڵێ، ئەگەر حەز دەکەی گوێ بگری، پێت دەڵێم بـۆ ناترسـێم. کـە ئێـوە دانیشـتبوون و لێـرە قسـەتان دەکرد، من بیرم بۆ شتێک چوو.

- وا بزانم منداڵێکی تەمەن پێنج، شەش ساڵان بووم. لە باخێکی بچکۆلانەدا دەژیاین کە بابم هەیبوو و ژیانمان باش بە ڕێوە دەچوو، لە هیچمان کەم نەبوو. من تاقە منداڵیان بووم و دەتوانم بڵێم زۆریان ناز دەکێشام، لەوانەیە لە ڕادە بە دەریش، تاقانەش کە نازی ڕەوایە. ماڵێکی پڕ لە بەختەوەری و خۆشەویستترین دایک و بابم هەبوون؛ ئێستا هەردووویان مردوون و بە ڕەحمەتی خودا چوون. باخەکە نەختێک کەوتبووە پەڕەوە، لە قەراخ ئاوایی. منیش ڕاهاتبووم زۆرتر بە تەنیا یان لەگەڵ دایک و بابم بە دەوروبەری ماڵدا پیاسە بکەم. هێشتا لە بیرمە خانووەکان، گرد و لەوەڕگا و بێستان و کێڵگەکانی لای باشووری خانووەکەمان چۆناوچۆن هەڵکەوتبوون. هەرچەندە ئێستا هیچ شوێنەوارێکیان لێ نەماوەتەوە و من چیی دی ئەو ماڵە نابینمەوە، بەڵام ئەو بیرەوەرییانە هێشتا لە مندا هەر زیندوون.
بەڵام ڕۆژێکی هاوین کە هەموو خەڵکی لەسەر خەرمان بوون و دایکیشم چووبوو بۆ نێو زەویوزار و خواردنی بۆ بابم بردبوو، لەبەر ئەوەی ڕێگاکە بۆ من دووورودرێژ بوو، من بۆ خۆم بە تاقی تەنیا لەماڵ مامەوە. خۆر گەرم داهاتبوو و دەتگوت ئاور دادەبارێ و لە پێش دەرگا و لە بن تەپۆڵکەی خوارەوەی ئاغەڵەکە، کە ئەو بەیانییە شیرمان تێدا پاڵاوتبوو، مێشێکی زۆر وزەوزیان بوو. بەو

دەوروبــەرەدا ســووڕامەوە و چــاوم گێــڕا. چوومــە باخی سێوەکەمان و پاشان ئەو شوێنەی داریان بۆ ســووتەمەنی تێــدا ورد دەکــرد، دواتــر ســەرێکی هەنگەکانیشــم دا کــە گــەرما گێــژی کردبــوون و بــە تەمبەڵی بە دەوروبەری شانەکەیاندا هەڵدەسووڕان. بــەڵێ، نــازانم هۆیەکــەی چ بــوو، وا بــزانم بێتاقــەت بووبووم یان شتێکی لەو بابەتە، بەهەرحاڵ بەسەر پلیکانی پەرژینەکەدا سەرکەوتم و بە تووڵەڕێیەکدا بۆ نێو دارستانەکە شۆڕ بوومەوە کە پێشتر تەنیا چەنــد شــوێنێکی گــەڕابووم. ئــەمجارەیان ئەوەنــدە چوومە پێشەوە، ون بووم و ئیدی نەمزانی لە کوێم. تووڵەڕێیەکە گەیاندمیە سەرەوخوارییەک کە لەوێدا دارستانەکە چڕ دەبۆوە و پەرەی دەسەند. پیاو کە لــە خــوارێی دەڕوانــی، داری زۆرتــری دەدی و گاشــەبەردی گــەورەی وە بــەرچاو دەهــات کــە بــەر بووبوونــەوە و قــەوزەیان لەســەر شــین بووبــوو. دیســـان ڕێگاکـــە لـــە دۆڵەکـــەدا بـــۆ ســـەرەوە هەڵدەکشــایەوە و خــوڕە و ڕەوتــی چــۆمێکیش کــە بەوێدا تێپەڕ دەبوو، دەگەیشتە گوێ. پێم خۆش بوو لەوێ پیاسە بکەم و ئەو ڕۆژی هاوینە و هەموو شــتەکانی دیکــە، ئێجگــار دڵخــۆش و بــەدەماغیان کردبووم. خۆر بە هێمنی بەسەر ترۆپکی دارەکاندا وەنەوزی دەداو دارکونکەرەش داریان کون دەکرد،

بۆنی کووت ئەو نێوەی پڕ کردبوو و باڵندەش ئاوازیان دەخوێند.
نازانم چەندەم ڕێ بڕیبوو کە لە پێشمەوە هەستم بە خشەخشێک کرد و شتێک لەو دیوی قامیشەڵانەکەوە جووڵایەوە و دەرپەڕی. بۆ پێشەوە غارم دا تا بزانم چییە. لە پێچێکدا شتێکم بینی هەڵات. منیش بە دوایدا ڕام کرد. زەوییەکە تۆزێک تەختایی بۆوە و دارستانەکەش ئاوەڵا. ئەوجا دوو منداڵم چاو پێ کەوت هەڵدەهاتن. تەقریبەن هاوتەمەنی خۆم دەبوون بەڵام جلوبەرگی وەک هیی منیان لە بەردا نەبوو. لەولاوە لە ڕووبەرێکی کراوەی دارستانەکەدا ڕاوەستان و لە دەوروبەری خۆیان ڕوانی. ئەوجا سەرلەنوێ هەڵاتن. بە دوایاندا ڕام کرد و لە دڵی خۆمدا گوتم: دەتانگرم! بەڵام ئەوان لە توولەڕێیەکە لایان دا و لەنێو قامیشەڵاندا زووزوو لێم ون دەبوون. سەرەتا وام زانی گاڵتە و گەمەم لەگەڵ دەکەن و نیازیان هەیە پێکەوە وازیی خۆشارکێ، خۆشارکێ بکەین. بەڵام دوایە تێگەیشتم وا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا دەمویست بیانگەمێ و نەختێکیان کایە لەگەڵ بکەم، زیاترم هێز دایە بەر خۆم و وردەوردە لێیان نێزیک بوومەوە. لەئاکامدا لێکدی جیا بوونەوە و دیتم یەکێکیان خۆی خزاندە بن دارکاژێککە کەوتبووە سەر زەوییەکە. هەڵمکوتایە سەری و ئەو لەنێو لقەکانیدا کرووشمەی کردبوو!

هـــەروا کـــە ئـــارەق بـــە جەســـتەمدا دادەچـــۆڕا و پێدەکـەنیم، خـۆم بەسـەردا دا و گـرتم. ئـەو هـەوڵی دەدا خـۆی لـە چـنگم ڕزگـار بکـا و سـەری هـەڵێنا، چـاوی درِنـدە و پڕ لـە ڕق و تـرس بـوون، دەمـی بـە بزەیـەکی شـەیتانی خـوار و خـێچ بووبـووەوە. قـژی ئێجگـار کـورت و سـوور بـوو، وردە خـاڵ و پەڵـەی چڵکــن گشــت ڕوخســاری داپۆشــیبوو. جەســتەی تەقریبـەن ڕووت بـوو، تـەنیا باڵاپۆشـێکی پەشـمینی دڕاوی لـە بەردا بـوو، کـەوتبووە عـەرز و دەلـەرزی، هەر دەتگوت جانەوەرێکم گرتووە.

بە بیرمدا تێپـەڕی هێنـدێک سەیروسـەمەرە دێتـە بـەر چاو، بەڵام هەر ڕەهام نەکرد، لـە پـێش چـاوم ڕەزای هـیچ تـاڵ نـەبوو. وەختێـک هێـزی دایـەوە بـەر خـۆی هەتا هەستێتەوە، ئەژنۆم لەسەر دانا و پێـی پێکـەنیم، پـێم گـوت کـە نـاتوانێ لـە چـنگم دەرچـێ. هــەروا ڕاکشـــابوو و ســـەیری دەکـــردم و هـــیچ وەڵامـــی نەدەدایەوە. بەڵام پاش ساتێک، دیتم بووین بە ئاشـنا و لەبـــەرم هەڵنایـــە. ئـــەوجا لەســـەری لا چـــووم و هەسـتاینە سـەر پـێ و پێکـەوە کەوتینـە ڕێ. بـەڵام هەسـتم کـرد چـاوم لەسـەر هـەڵناگرێ. منداڵەکـەی دیکە، لە حەشارگەکەی خۆی هاتە دەرەوە، خوشـکی بوو. کوڕە، خوشکی بردە گۆشەیەکەوە و شتێکی بـە گوێـدا چرپانـد و کچـەش کـە ڕەنـگ بـە ڕوخسـارە چکۆلەکەیەوە نەمابوو و لە ترسـان چـاوی پـەڕیبووە

تۆقی سەری، گوێی بۆ شل کرد. بەڵام وەختێک لێیان نزیک بوومەوە، هەڵنەهاتن.
کاتێک کە تەنیا جارێک دەستمان بە گەمە کرد، ئەوان ئیدی شادییان لە دڵ گەڕا و گەمە و گاڵتەیان کرد، لەو کون و پەسێوانە خۆیان دەشاردەوە و دیار بوو پێشتر شارەزای بووبوون. وەختێک پەیدام دەکردن، بێ ئەوەی دەنگیان لێوە بێ، لەم شوێن بۆ ئەو شوێن هەڵدەهاتن. لەوێ زەوییەکە تا ئەندازەیەک تەختایی بوو، بەڵام گاشەبەرد و دارەشکاو ئەو نێوەی تەنیبوو. دیار بوو ئەوان شارەزای داروبەردی ئەو نێوەن. هێندێک جار نەمدەزانی لە کوێ خۆیان مات داوە، چونکە متەقیان نەدەکرد. لەوەتی خۆم ناسیوە نەمدیوە منداڵ ئاوا بە بێدەنگی کایە بکا. پڕ جۆشوخرۆش بوون و وەک ودودەی چکۆلانە بەملا و بەولادا هەڵدەهاتن، بەڵام ئەستەم بوو نووزەیان لێوە بێ. هیچیشیان پێ نەدەگوتم. بەڵام وێڕای ئەوەش خۆشمان لێ دەگوزەرا، لانی کەم من پێم وا بوو خۆشمان لێ دەگوزەرێ. هێندێک جار لە نێوەڕاستی یاریکردندا پاڵیان بە یەکدییەوە دەدا و تەنیا ڕادەوەستان و تماشایان دەکردم.
ئێمە بە دڵنیاییەوە ماوەیەکی زۆر هەر بەو شێوە گەمەمان کرد کە هاوارێک لەنێو دارستانەکەوە بیسترا. ئەوان بە خێرایی چاویان لە یەکدی کرد و تێیان تەقاند. لە دواوە هاوارم لێ کردن و گوتم

ڕۆژی دوایی دیسان یەکدی ببینینەوە، بەڵام ئەوان ئاوڕیان نەدایەوە. من تەنیا گوێم لە زرموکوتی پێیان بوو بەرەو تووڵەڕێیەکە.

کە چوومەوە ماڵ، هێشتا کەس لە ماڵ نەبوو. کە نەختێک دواتریش دایکم هاتەوە، پێم نەگوت لە کوێ بووم و چیم کردووە. نازانم، بەڵام ئەوە وەک ڕازی من وا بوو.

ڕۆژی دوایە، دایکم دیسانەوە چوو خواردن بۆ ئەو خەڵکە[1] ببا کە لەسەر خەرمان بوون و هەر کە تەنیا مامەوە، دیسان خۆم گەیاندە ئەوێ و هاوڕێکانم بینی. هەروا شەرمن بوون، لانی کەم لە سەرەتاوە، دیار نەبوو داخۆ بە چوونی من خۆشحاڵ بوون، یان نا. بەڵام ئەوان لە هەمان کاتدا، وەک چاوەڕێی منیان کردبێ- لەوێ بوون. دووبارە کەوتینەوە گەمە و وازی و هێند کپ و بێدەنگ غارغارێنمان کرد، ئارەقی ڕەش و شینمان دەر دا. لەبەر ئەوەی ئەوان هاتوهاواریان نەکرد، منیش نەمکرد، دەنا بە دڵنیاییەوە من حەزم لێ بوو هاتوهاوار بکەم. پێم وا بوو هەمیشە یەکدیمان ناسیوە. ئەمجارەیان چووبووینە شوێنێکی ئاوەڵای دارستانەکە و خانوویەکی چکۆلانەم بینی لە قەراخی بەردێکی زل

[1] لە گێڕانەوەی پێشتردا گێڕەرەوە دەڵێ کە دایکی خواردنی بۆ بابی بردووە، کەچی لێرەدا دەڵێ: "بۆ ئەو خەڵکە..."**وەرگێڕ**

دروست کرابوو و شانی لە بەردەکە ڕەت کردبوو. خانووەکە خۆڵەمێشی و ماتومەلوول دەهاتە پێش چاو. بەڵام ئێمە بە لایدا نەچووین.

کە گەڕامەوە ماڵ، دایکم تازە هاتبۆوە و لێی پرسیم کوێوە چووم. بەڵام تەنیا گوتم کە کەمێک لەنێو دارستان بووم.

پاشان هەموو ڕۆژێک سەردانی ئەوێم دەکرد. لە ماڵەوە هێند سەرقاڵی کاری خەلەوخەرمان بوون نەیاندەپەرژایە سەر من و منیش دەمتوانی بە ئاسانی خۆم بدزمەوە. منداڵەکان ئیدی جاروبار لەسەر ڕێی دارستان چاویان پێ دەکەوتم و وا دەردەکەوت چیی دی ئەوەندە شەرمم لێ ناکەن.

بە دڵ پێم خۆش بوو بزانم ئەو ماڵەی کە تێیدا دەژیان، چۆناوچۆنە، بەڵام وا دیار بوو نایانەوێ. ئەوان پێیان خۆش بوو هەر لەوێ بمێننەوە کە پێی ڕاهاتبووین. بەڵام ڕۆژێکیان پێم بە جەرگی خۆمدا نا و بەرەو خانووەکە کەوتمە ڕێ. ئەوانیش چەند هەنگاوێک لە دواوە، بە شوێنمدا هاتن. خانوویەکی ئاسایی بوو بەڵام هیچ سەوزایی و کێڵگەیەک لە چواردەوریدا نەبوو. زەوییەکە کۆدە و ناجۆر بوو و هەر دەتگوت وێرانەیە. دەرگا لەسەر پشت بوو و هەر کە منداڵەکان گەیشتنە لام، نەختێک لە دەرگاکە چووینە ژوورەوە. ژوورەوە نیوەتاریک بوو و بۆنی نم و تەرەشوع دەهات. ژنێک بێ ئەوەی سڵاو بکا،

بەرەو ڕوومان هات. چاوێکی ناحەزی هەبوو کە بەردەوام بڕیبوونیە من بێ ئەوەی ورتەی لە دەم دەربێ. نازانم، بەڵام شتێکی شەیتانی لە چرۆچاوی ئەو ژنەدا هەبوو. زوڵفی بەسەر ڕوومەتیدا هاتبووە خوارەوە و دەمولچە ئەستوور و بێخوێنەکەی جۆرێک زەردەخەنەی گاڵتەجاڕانەی لەسەر بوو. بەڵام ڕاستییەکەی هێندەم گوێ بەوەی نەدا. لە دڵی خۆمدا گوتم هەبێ و نەبێ ئەمە دایکیانە؛ پاشان بە ژوورەکەدا کەوتمە چاوەچاو.

ئەو لە منداڵەکانی پرسی:

– ئەمە چۆن هاتۆتە ئێرە؟

منداڵەکان بە تۆزێک نیگەرانییەوە گوتیان:

– لەگەڵمانە و لە دارستان گەمە دەکا.

ژنە بە چاوی پرسیارەوە سەرنجی دام و نەختێک نەرمونیانتر هاتە پێش چاو، ئاوام هەست پێ کرد، یان ڕەنگە من لەگەڵی ڕاهاتبووم. بۆ ساتێک ئەوەم بە زەیندا هات کە شێوەی لە کچەکە دەچێ، ئەو دەمەی یەکەم جار بەو چاوە دەرپۆقیوانەی لەنێو درەختەکانەوە دەرکەوت.

ماوەیەکی پێ دەچوو تا پیاو چاوی بەو ژوورە تاریکە ڕابێ. نازانم، بەڵام ئەوێ زۆر سەیر دیار بوو. جیاوازییەکی زۆر گەورەی لەگەڵ ماڵی خۆماندا نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاواز بوو. ئەوێ هەرگیز وەک ماڵی خۆمان نەبوو. هەر ماڵە و

بۆنی خۆی هەیە، بەڵام ئەم بۆنەی ئێرە سارد و سەنگین بوو، لە چەشنی سەرمایەکی شێدار. لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێ بە قەدپاڵی ئەو بەردە زلەوە هەڵکەوتبوو.

بەنێو ماڵەکەدا گەڕام و هەستم کرد سەیرە.

لەولاوە، لە قۆژبنێکەوە شمشێرێکی گەورە، درێژ و پان، دوودەمی، بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو. وێنەیەکی مریەمی پاکیزە و منداڵێتیی عیسای لەسەر نەخش کرابوو و پڕ بوو لە هێما و کەتیبەی سەیروسەمەرە. لێی چوومە پێشەوە تا لە نێزیکەوە چاوی لێ بکەم، پێشتر قەت شتی لەو بابەتەم نەبینیبوو، نەمتوانی دەستی لێ نەدەم. لەو کاتەدا شتێک وەک هەناسەیەکی قووڵ بیسترا و کەسێک لە پرمەی گریانی دا...

سەیری چواردەوری خۆمم کرد، بەرەو لای ئەوان چووم.

گوتم:

– ئەوە کێیە دەگری؟

دایکەکە گوتی:

– دەگری؟.. هیچ کەسێک نییە.

لێم مۆڕ بۆوە و نیگای بە تەواوی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات.

بە توندی دەستی گرتم و گوتی:

– وەرە!

بردمیــە دواوە بــۆ هــەمان شــوێن و لــێم گــەڕا وەک جاری
پێشوو دەستی لێ بدەمەوە.
دیسانەوە هەناسە قووڵەکە و دەنگی ئەو کەسەی بە کوڵ دەگریا، بە ڕوونی بیسترا.
ژنە قیژاندی:
– شمشێرەکەیە! ئەوە لە شمشێرەکەدایە!
پاشان لەوێی دوور خستمەوە.
وێڵــی کــردم و بــۆ ئــەولا وەرگــەڕا. چــوو لــە پــەنای ئاگردانەکە ڕاوەستا و نەختێک دەستی لەو قابلەمەیەی سەری وەردا و تێکی دا.
دوای ساتێک پرسیی:
– تۆ منداڵی کێی؟
وەختێک وای گوت، دەستی بەسەر دەمولچیدا هێنا کە پێم وایە شتێکی شەیتانیی لەسەر بوو.
وەڵامـم دایـەوە کـە منـداڵی کریسـتۆفێر[1]م لـە ڤـۆلا[2]، چونکە ناوی باوکم ئاوا بوو.
– ئەها.
منداڵــەکان ڕەق ڕەقێــک ڕاوەســتابوون و نیگــای دڕندانە و ترسلێنیشتوویان بڕیبووە دەرەوە.
ژنــە خــەریکی کــاری خــۆی بــۆوە. بــەڵام کــە کــاری تــەواو بــوو، چوارپایەیــەکی ڕاکێشــایە لای خــۆی و

---

[1] Kristoffer
[2] Våla

لەسەر ئەژنۆی خۆی داینام. نەختێک دەستی بە سەردا هێنام، گوتی:

– بەڵێ...

هێندێک زۆرتری سەرنج دام و دواتر لێی زیاد کرد:

– باشترین کار ئەوەیە بتبەمەوە ماڵی خۆتان.

خۆی ئامادە کرد، دامەنێکی دیکەی لە بەر کرد و کڵاوێکی سەیری کردە سەر کە من تا ئەوکات قەتم نەدیتبوو ژنێک کڵاوی ئاوا لە سەر بکا. ئەوجا کەوتینە ڕێ.

کە گەیشتینە نێو دارستانەکە، گوتی:

– ئا لێرە خەریکی گەمە و یاری دەبن؟

بە دەم ڕێوە زۆر کەم لەگەڵم دەدوا. کە هەستی کرد دەترسێم، دەستی گرتم.

هیچ تێنەدەگەیشتم و زاتیشم نەبوو بپرسم.

وەختێک گەیشتینە سەر گردەکە، دایکم بە هەڵەداوان هاتە بەردەم دەرگا. دەموچاوی سپی هەڵگەڕابوو. پێشتر قەت بەو شێوەیەم نەدیتبوو.

– ئەوە تۆ چت داوە لەو منداڵەی من! دەستی لە کۆڵ بکەوە، وا پێت دەڵێم! وازی لێ بێنە، پەتیارەی پیس!

ژنە بە خێرایی ڕەهای کردم، ڕوخساری گرژومۆن بوو، وەک جانەوەرێکی تەنگەتاوکراوی لێ هات.

– چ بەڵایەکت بە سەر منداڵەکەمدا هێناوە!

– لە ماڵەوە لە لای ئێمە بوو...

دایکم قیژاندی:

- کوڕەکەمت هەڵخەڵەتاندووە و ڕاکێشی ماڵە شوومەکەی خۆت کردووە!
- من هەڵمنەخەڵەتاندووە. ئەو بۆخۆی بۆ ئەویٚ هات، با پێت بڵێم.

هەر کە لە شمشێرەکەش نێزیک بۆوە و دەستی لیٚ دا، شمشێرەکە هەناسەی هەڵکێشا و بە کوڵ گریا.

دایکم بە چاوە دەرپۆقیوەکانی نادڵنیا و ترسلێنیشتوو سەیری کردم.

- پێم وا بیٚ دەزانی ئەوە مانای چییە.
- نا... نازانم.
- مانای ئەوەیە منداڵەکەت ڕۆژێک لە ڕۆژان بە شمشێری جەللاد دەمریٚ.

دایکم قیڕەیەکی نیوەخنکاوی لێوە هات و لێم مۆڕ بۆوە، ڕەنگی مردووی لیٚ نیشت و لێوەلەرزەی پیٚ کەوت، بەڵام تاقە وشەیەک چییە وەڵامی نەدایەوە.

- مەبەستم بوو ئەوەت پیٚ بڵێم تا بەڵکوو خزمەتێکم کردبی، بەڵام دەبینم تۆ لە بەرامبەردا تووڕەی.

ئەوەتانیٚ کوڕە بەڕەڵاکەت، بەڵام دوای ئەوەی تۆ خۆت وات دەویٚ، هەتا ئەو ساتەی نۆرەی دەگا، بە لاماندا نەیەی ها!

ئەوجا بە تووڕەیی ڕووی وەرگێڕا و لێی دا ڕۆیشت.

دایکم بە ترسولەرزەوە پڕی پێدا کردم، بە خۆیەوەی نووساندم و ڕایمووسیم. بەڵام نیگای

تەواو سارد و نامۆ بوو. کە منی بردە ماڵەوە، خۆی بە هەڵەداوان چووە دەرەوە. دیتم بەنێو مەزراکەدا هەڵدەهات و هاواری دەکرد.

ئەو و بابم، کڕوکپ و پەرێشانحاڵ هاتنەوە. لە بیرمە لە پەنای پەنجەرەکە ڕاوەستابووم و دیتمن بە قەراخ ڕێگاکەدا دەهاتنەوە.

کەس وشەیەکی پێ نەگوتم. دایکم لەولاوە لە تەنیشت ئاگردانەکە خۆی بە شتێکەوە خەریک کرد. بابم لە باتی ئەوەی وەکوو جاران لە شوێنێکدا دانیشێ، بە ژوورەکەدا هەر هاتوچۆی بوو. ڕوخسارە لاوازەکەی وشک و ڕەق هەڵاتبوو و هەر دەتگوت شوێنەواری ژیانی بەسەرەوە نەماوە. جارێکیان کە دایکم بۆ ئاوهێنان چووە دەرەوە، بابم منی بردە بەردەمی خۆی و بە ترسەوە و بە چاوی توێژینەوەوە لێم ورد بۆوە، پاشان دووبارە ڕووی وەرگێڕا. ئەوان لەگەڵ یەکدیش نەدەدوان. پاش ساتێک، بابم چووە دەرەوە، بێ ئەوەی کارێک بکا هەر وا بۆ خۆی بەنێو مەزراکەدا دەخولایەوە، ڕادەوەستا و چاوی دەبڕییە شوێنێکی دوور.

حاڵ و ڕۆژگارمان ناخۆش و گران بوو. من ڕۆژانە بە تەنیا دەچوومە ئەوێ، هەر دەتگوت کەس گوێم پێ نادا. هیچ شتێکیش وەک خۆی نەبوو، تەنانەت ئەو هەموو مێرگ و مێرگەلانەش، هەرچەندە خۆر دەدرەوشایەوە و هەر وەک جاران جوان و دڵگیر

بوون. هەوڵم دەدا نەختێک یاری بکەم، بەڵام ئەوەش هیچ تاموچێژێکی نەبوو. وەختێک ئەوان لێم نزیک دەبوونەوە، بێ ئەوەی شتێک بڵێن بە بەردەممدا تێدەپەڕین. دەتگوت نامناسن. بەڵام شەوانە کە دایکم دەیخەواندم، هێند بە توندی بە خۆیەوەی دەگوشیم وەختە بوو بتاسێم.

نەمدەزانی بۆ ژیان هێند ناخۆشە و هەموو شتێک ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە. تەنانەت ئەو وەختانەش تۆزقاڵێک دڵم خۆش دەبوو، هەر وەک جاران نەبوو. سەرتاپای باخەکە هێند کشومات و چۆڵوهۆڵ بوو دەتگوت کەس لەوێ قسەی لە دەم دەرنایە. بەڵام هێندێک جار کە وایان دەزانی منیان لە لا نیم و لە شوێنێکی دیکەم، دەمتوانی گوێم لێیان بێ لەگەڵ یەک چپەچپیانە. نەمدەزانی من چیم کردووە، بەڵام دەمزانی مەترسییەک لە گۆڕێدایە بە شێوەیەک ئەوان بە بینینم ئازار دەچێژن. تێدەکۆشام خۆم بخافڵێنم و تا بۆم دەکرێ لێیان دوور کەومەوە، ئاخر تێگەیشتبووم ئەوان وایان دەوێ.

دایکم گۆنای تێک قوپیبوو و هیچی نەدەخوارد. هەموو بەیانییەک چاوبەگریان بوو. لە بیرمە دەچووم لە پشت تەویلەکەوە بە وردەبەرد خانوو و خانووچکەم بۆ خۆم ساز دەکرد.

لە ئاکامدا ڕۆژێکیان دایکم بانگی کردم. بابیشم لەوێ بوو. کە چوومە پێشەوە، دەستی گرتم و

بەرەو نێو دارستانەکە کەوتە ڕێ و بابیشم ڕاوەستا و لە دواوە چاوی لێ کردین. کە هەستم کرد بەو تووڵەڕێیەدا دەچێ کە من پێی ڕاهاتبووم بچم، بۆ یەکەم جار بە ڕاستی ترسام. بەڵام هەموو شتێک هێند ناخۆش و خەمهێنەر بوو کە پێم وا بوو لەوە خراپتر ڕوو نادا، ئیدی لەگەڵی ڕۆیشتم. خزامە بنهەنگڵی دایکمەوە و هەوڵم دەدا بە باریکەڕێیەکەدا کە ئەو هەموو بەرد و ڕیشەیەی لێ بوو، بە وریایی هەنگاو هەڵێنم و هیچ دەردیسەرێک بۆ دایکم دروست نەکەم. ڕوخساری هێند بچووک بووبووەوە پیاو بە ئاستەم دەیتوانی بیناسێتەوە.

کە گەیشتینە پێشەوە و بەرەو ماڵەکە بۆ سەرەوە چووین، دایکم ئەژنۆی شل بوو. ئەوەندەی هێزم تێدا بوو دەستیم گوشی هەتا نەختێکم سوکنایی دابێ.

ئەمجارە جگە لە منداڵەکان و ژنەکە، پیاوێک لە ژوورەوە بوو. تێکسمڕاو بوو و لەش و ڕوخسارێکی زەبەلاح و دەمولچێکی ئەستووری شۆڕەوەبووی پڕ پەڵە و چرچولۆچ و سیمایەکی دڕندانە، دوو چاوی قورس و خوێنتێزاو و تەواو مەیلەوزەردی هەبوو. من پێشتر شتی ئەوتۆم نەبینیبوو وام بترسێنێ.

کەس سڵاوی نەکرد. ژنە لە لای ئاگردانەکە ڕاوەستا و هێند توند سیخی بەنێو کوانووەکەدا کرد کە

ئاورینـگ و پزیشـک دەرپەڕییـە دەرەوە. پیاوەکـەش کـە سـەرەتا نـەختێک تیلـەی چـاوی تـێ بڕیبـووین، ئەویش ڕووی وەرگێڕا.

دایکـم لـە بـەر دەرگـا ڕاوەسـتا و بـە دڵفراوانییـەوە دەستی بە پاڕانەوە کرد و تکای شتێکی لێ دەکردن، دیـار بـوو پێوەنـدیی بـە منـەوە هەیـە، تـوانیم تێبگـەم، بـەڵام زۆری تێنەدەگەیشـتم و نەمـدەزانی دایکـم چیـی دەوێ. دایکـم لـە پەسـتا دەیگـوت کـە ئەگـەر ئـەوان بیانەوێ، هەڵبەت ڕێگاچارەیەک هەر دەبێ هەبێ.

هیچ کامیان وەڵامیان نەدایەوە.

دایکـم هێنـد بەسـتەزمان و کڵۆڵ لـەوێ ڕاوەسـتابوو کە من پێم وا بوو نەدەبوو دەست بە ڕوویەوە بنێن. بـەڵام ئـەوان تەنانـەت ئاوڕیشـیان نەدایـەوە. هـەر دەتگوت ئێمە لەوێ نیین.

هەموو ئەو ماوەیە دایکم لە پەستا تکا و نزای کرد و ناهومێـد و زەلیـل کڕووزایـەوە. زۆر گونـاح بـوو، گوتی کە تەنیا من شک دەبا و فرمێسکی بە چاودا هاتە خوارەوە.

هەروا لەوێ بۆ خۆی ڕاوەستا و فرمێسکی ڕشت... بەڵام ئەمەش هیچ سوودی نەبوو.

وەزعەکە هێنـد دژوار و نـاخۆش بـوو نەمـدەزانی چ بکـەم، چـووم بـۆ لای منداڵـەکان کـە لـە قوژبنێکـدا خۆیـان گرمۆڵـە کردبـوو. بـە ترسـولەرزەوە سـەیری یەکدیمان کرد. سەرەنجام پێکەوە لەسەر قەنەفەیـەک

لـە پـەنای دیوارەکـە دانیشـتین، چونکـە ئێمـە هێنـد شەکەت و وڕوکاس بووین چیی دی خۆمـان بەسـەر لاقەوە نەدەگرت.
ماوەیەکی زۆر لەو بێدەنگییە ترسـێنەرەدا دانیشـتین. لە پڕ گـوێم لـە دەنگی پیاوەکـە بـوو و ڕاچـەنیم. ئـەو ڕاوەستا و سەیری ئێمەی کرد، بـەڵام چاوی لەسـەر من بوو.
گوتی:
– دوام کەوە!
بە ئەسپایی و لەرزەلەرز چوومە پێشـەوە و هـەر کـە پیاوەکە چووە دەرەوە، من هـیچ دەسـتەڵاتێکم نـەبوو بێجگـە لــەوە دوای بکــەوم. هەڵبــەت دایکیشــم بــە دواماندا هـات. ژنەکـە لـە ژوورەوە ڕووی کـردە لای دایکم، تفێکی بۆ هاویشت و گوتی:
– تف!
بەڵام من و پیاوەکە بەباریکەڕێیەکی داتەپاودا کە بە پــەنای ماڵیانــدا بــۆ نێــو کۆمەڵــە ســپیدارێکی پــەرژینبــۆکراو شــۆڕ دەبــۆوە، کەوتینــە ڕێ. بەڕێدارۆیشـتن لەگـەڵ ئـەو بـۆ مـن، نـامۆ بـوو و هەمیشە نەختێک لە دووری ئەو هەنگاوم دەنا. بـەڵام وێـڕای ئـەوەش بـەو ڕۆیشـتنە زیـاتر لەگـەڵ یـەکتر ئاشـنا دەبـووین. لـە نێوەڕاسـتی مێشـەکەدا کانیاوێـک هەبوو. بە خۆشییەوە ئەوە چاڵاوەکەیان بوو، چونکە ئاوگــەردانێکی لــە لا بــوو. پیاوەکــە لــە لێــواری

کانیاوەکەدا چۆکی دادا و دەستی لەو ئاوە زوڵاڵە پڕ کرد، گوتی:

- بیخۆوە!

هەستم کرد نیازی لەگەڵم خراپ نییە. بە خۆشییەوە ملم بۆ شل کرد و تۆزە ترسێکیشم بە دڵدا نەهات. پیاو وای بۆ دەچوو ئەو پیاوە لە نێزیکەوە دەبێ لە هەموو کەسێک زیاتر تۆقێنەر بێ، بەڵام وا نەبوو، بەڵکوو ئەو نەرمونیانتر دەهاتە پێش چاو و بگرە زیاتر لە مرۆڤی ئاسایی دەچوو. ڕاکشابوو و بەو نیگا قورس و خوێنگرتووانەی سەیری کردم و لە بیرمە وام بیر کردەوە ئەویش بێگومان بەختەوەر نییە. سێ جاران لەو ئاوەی پێ دام و خواردمەوە. گوتی:

- ئێستا، کە لە دەستی من ئاوت خواردۆتەوە، ئیدی ئەو شتە بەتاڵ بۆتەوە. ئێستا چیی تر پێویست ناکا لە شتێک بترسێی.

پاشان نەختێک دەستی بە سەردا هێنام.

هەر دەتگوت مووجیزەیەک ڕووی داوە!

ئەو هەستایە سەر پێ و دووبارە گەڕاینەوە دواوە. خۆر دەدرەوشایەوە و باڵندەکان لەنێو ئەو سپیدارانەدا جریوەجریویان بوو، بۆنی گەڵا و توێکڵی سپیدار دەهات، دایکیشم لەو بانە چاوەڕێی ئێمە بوو و کە بینیی ئێمە دەست لەنێو دەست

دەگەڕێینـــەوە، چـــاوی لـــە خۆشـــیان بریســـکانەوە.
باوەشی پێدا کردم و ڕایمووسیم.
بە جەللادی گوت:

– خودا خێرت بنووسێ.

بەڵام جەللاد تەنیا ڕووی وەرگێڕا و ڕۆیی.
ئێمە بە کەیف و شادییەوە بەرەو ماڵ بووینەوە.

کاتێـک کـە داسـتانەکەی تـەواو کـرد، خـەڵک گوتیان:

– بەڵێ، بەڵێ.
– ئاوایە، دە بزانە.
– بـەڵێ، بێگومـان ئـەو هێـزە شـەیتانییە سـەیرە، کـێ حاشای لێ دەکا.
– جۆرێکە هەر دەڵێی تایبەتمەندییەکی باشی تێدایە.
– بەڵێ.
– جا چ هێزێکی هەیە، دەتوانێ هەم پیاو لە عەرز بدا و هەمیش ڕزگاری بکا. پیاو ئەوە دەزانێ.
– بێگومان.
– کە سەیروسەمەرەیە، با ئاوا بڵێم.
– بـەڵێ داسـتانێکی سـوودبەخـش بـوو، بـە ڕاسـتی سوودبەخش بوو.
– من پێم وایە دایکی تۆ دەبوو داوای لێبووردنی لە کـەیبانووی جـەللاد کردبـا، چونکـە بـەسـەریدا بۆڵاندبووی.

- لەگەڵ قسەتدا هەم، بەڵام بەهەرحاڵ ئەوەی نەکرد.
- نا، نا.

دانیشتن و نەختێک بیریان کردەوە. سەر و قومیان لە بیرەکەی بەردەمیان خواردەوە و دەمیان سڕی.

- بەڵێ، جەللاد دەکرێ پیاوەتییشی لە دەست بێ. دەڵێن دەستی یارمەتیی بۆ نەخۆشان و هەژاران درێژ کردووە و یارمەتیی کەسی وای داوە کە لەوپەڕی نەخۆشی و داماویدا بووە لە حاڵێکدا بە هیچ داوودەرمانێک تیمار نەکراوە.
- بەڵێ. ئەوەی کە جەللاد هەست بە مرۆڤی ئازارچێشتوو دەکا، ڕاستە. ئەو هەڵبەت خۆیشی بە هۆی کارەکەیەوە ئازار دەچێژێ. پیاو دەشزانێ کە ئەو پێش ئەوەی تاوانبارکراوێک بکوژێ، هەمیشە داوای گەردنئازادیی لێ دەکا.
- بەڵێ، ئەو دەرحەق بەو کەسەی گیانی لێ دەستێنێ، هیچ ڕق و کینەیەکی لە دڵدا نییە! دەشبێ لەگەڵ ئەو کەسە هاوڕێی گیانی گیانی بێ، من بۆ خۆم ئەوەم بینیوە.
- هاوڕێی گیانی گیانی، بەڵێ! من جارێکیان بینیم وەختێک چوونە سەر سەکۆی سێدارە، چۆناوچۆن دەستیان کردبووە ملی یەکتر!
- کورە نا!

- بەڵێ چونکە هەردووکیان ئەوەندە سەرخۆش بوون بە حاڵ دەیانتوانی بە ڕێدا بڕۆن و هێندیان خواردبۆوە بە لەتردان خۆیان گەیاندە سەر سەکۆی سێدارە. جیاوازییەکە زۆر گەورە نەبوو، بەڵام من پێم وایە جەللاد سەرخۆشتر بوو. هەر کە سەری کابرای پەڕاند، گوتی: یا...!

پێکەنین و دانیشتن و ساتێک خواردیانەوە.

- بەڵێ، تۆ دەبوو بچیتە سەر سەکۆی سێدارە. بەڵێ، ئاخر دەکرێ  ئەوە چارەنووسی هەمووومان بێ.
- بەڵێ، گومان لەوەدا نییە.
- بەڵام کورە چ هێزێکی هەیە! ئەوەی ئێستا تۆ بۆت گێڕاینەوە، ڕاست وەک موعجیزە وایە. ئەگەر ئەو ڕزگاری نەکردبای، ئێستا ئێسقانیشت نەمابوو.
- بەڵێ، منیش پێم وایە موعجیزە دەکا. بۆ موعجیزە لە زۆر قەدیس کاریگەرترە.
- ئۆو، ئەوە تەنیا قەدیسەکان و مریەمی پاکیزەیە هەموو موعجیزەیەکی گەورەیان لە دەست دێ.
- حەزرەتی مەسیحیش، کە لە هەموو گوناحەکانمان ڕزگاری کردین!
- ئەوەیان ڕوونە، کەرە. بەڵام خۆ ئەم باسە پێوەندیی بە بابەتەکەوە نییە. ئێمە لەبارەی میرغەزەبەوە دەدوێین!
- بەڵێ ئەو هێزی تێدا هەیە. بەدی و خراپەکاری، هێز و دەستەڵاتیان هەیە، گومانی تێدا نییە.

- بەڵام ئەو هێزە لە کوێوە دێ؟ من دەڵێم، لە شەیتانەوە دێ! لەبەر ئەوەشە خەڵک بەو شێوە شێت و شەیداین. خەڵک لە دنیادا لە هەر شتێکی دیکە زیاتر شێت و شەیدای ئەو هێزەن، تەنانەت زیاتر لە قسەی خودا و ڕێورەسمی ئایینییش.
- بەڵام یارمەتیی ئەم کابرایەی دا.
- بەڵێ، هەرچۆنێک بێ یارمەتیی ئەوی دا!
- دەبێ وا بێ.
- ڕەنگە قەشەیەک ئەو کارەی لە دەست نەهاتبا.
- نا، هەرگیز لە دەستی نەدەهات، چونکە ئەمە کاری شەیتانە کە لەو پێوەندییەدا بڕیار دەدا، ئاخر ئەویش یەخسیری هێز و توندوتیژییەکانی شەیتانە!
- بەڵێ، تف، هەموو ئەوانە کاری شەیتانن!
- مەبەستت...؟
- خۆ بە گوێی خۆتان گوێتان لێ بوو وەختێک دایکی بە جەللادی گوتبوو "خودا خێرت بنووسێ"، جەللاد ڕووی وەرگێڕابوو و دوور کەوتبۆوە.
- ئۆی...
- دەسا لێ گەڕێ با بە سلامەتیی شەیتان بخۆینەوە! بەس دانیشن و لەبارەی شەڕ و نەهاتیی ئاواوە بدوێن!
- بەڵێ.. دە بیرەمان بۆ بێنە! گوتم، بیرەی زیاتر! بەڵام لەوانە بێنە کە گیراییان زۆرترە!

- له بۆشکه باشەکەمان بۆ تێ کە!... نا... لەو بۆشکه نا کـه قـامکی دزی تێدایـه... ئـەرێ ڕاسـته ئێـوه لێـره قامکی دزتان له بیرەکەتاندا هەیە؟

کچەکه ڕەنگی پەڕی، سەرێکی لەقاند و پچڕپچڕ شتێکی گوت.

- ئەی چۆن، هـەموو خـەڵکی شـار دەزانـن کـه تێیدایـه. بەڵێ لەوەیان بۆ من بێنە! کوره هەر وەک یەک وایە، تەنیا گیراییی هـەبێ و تـەواو! یـاا...! وەک چۆن ئـەو گوتی!

- دەمــت بوەســتێ ســەرت ســڵامەته! هاکـا ڕۆژێـک سەریان له لەشت کردەوه و چیی دی گەرووت نـەما که بین به بیرەوه بنێی.

- که وا بوو تا ڕۆژمان نەهاتووه با خۆشی ڕابوێرین.

- ئەمەیان شەیتان بۆ خۆی دروستی کردووه، هەر بـه تامەکەیەوه دیاره!

- بەڵێ، ئێره خۆی هێلانـەی شـەیتانه، لەگەڵ ئەوەشـدا پیاو باشترین بیرەی دەست دەکەوێ!

بیرەیـان خـواردەوه. لەســەر ئانیشـک خۆیـان بەسەر مێزەکەدا پان کردەوه.

پیرەمێرده پینەچییەکه گوتی:

- نـازانم داخـۆ سـبەی زوو لـه بـن سـەکۆی سـێداره کەس هەڵدەواسرێ، یان نا؟

- ئەی چۆن.

- لەوانەیه هەڵواسرێ...

- بەڵێ ئاخر پاڵەوان خۆی گورجوگۆڵ کردۆتەوە. جلوبەرگە سوور و جوانەکەشی لە بەر کردووە.
- بەڵێ، لەوانەیە.
- بەڵام خۆ کەس نەیبیستووە ئێستا کەسێک لە سێدارە بدرێ، ها؟
- نەخێر...
- با، وەختێک تەپڵی لێ بدەن، مرۆڤ گوێی لێ دەبێ.
- دە هەڵدە، پیرەمێرد! بەس دانیشە و چەنە لێ دە!

ئەوان خواردیانەوە.

کوڕەجحێڵەیەک کە دوو ژنی بە دواوە بوو، هاتە ژوورەوە.

- بەهـ بەهـ ئەوەتانێ قەحبەکانیش هاتن!
- بەڵێ، لە شوێنێک میرغەزەب هەبێ، دەستوپێوەندەکانیشی لەوێ هەن.
- مۆمەکە داگیرسێنە با بزانین ژنە وێڵگەڕەکانت چۆناوچۆنن، کوڕەکە!
- گوڵبەدەمن، ئەرێ هیی قەحبەخانەن؟
- خۆ ئەوەتا ئاشکرایە.
- ئێوە لێرە لەگەڵ میرغەزەب دانانیشن؟ ناوێرن؟
- نا، نا... لەوانەیە زۆر باشی بناسن.
- کچینە گوێ بگرن، ئەرێ ئێوە لە بن سەکۆی سێدارە بوون؟.. لەوێ کەسێک هەڵواسراوە کە دوێنێ شەو هەموو جلوبەرگەکانیان لە بەر داکەندووە و دزیویانن، بە شێوەیەک هیچ جلێکی لە بەردا نییە و

ڕووتوقووتـــە و دەتـــوانن هـــەموو ئـــەو شـــت و موعجیزانەی خودا بەو کابرایەی بەخشیوە، ببینن... چی، شتی وا زۆر دەبینن؟ بەڵێ بەڵێ، دەزانم. بەڵام زۆر ژن لە کەڕەی بەیانییەوە دەچن بۆ ئەوێ و لەو دیمەنە بەشکۆیە دەڕوانن، چونکە لە هەموو شتێک خۆشتر، دیتنی گەڵوگونی ئەو کەسانەیە، ئەوان وا دەڵێن. ئەرێ ئەوە ڕیشخەن بە کێ دەکەن؟ ئێوە تەنیا خۆتان لە میرغەزەب بپارێزن ها!

– ئەرێ چما تا ئێستا لە کەلاوە کۆنێکدا زرمەی لێ هەڵنەستاندوون؟

– با، لێی هەڵستاندوون. ئەوان لە بن سێدارە چۆنن، لە شوێنی دیکەش هەر وان.

– ڕۆژێکی خۆش بە شێوەیەک وە بەر قامچیتان دەدا و لە شارتان وە دەر دەنێ کە ئەگەر بتانەوێ سمتی خـڕ و لووســتان وەک خــۆی وەمێنــێ، ئــەوە دوو قاچتان هەیە، دەبێ دووی دیکەی بۆ قەرز بکەن و تێی تەقێنن!

یەکێک لە ژنەکان ئاوڕی لێ دانەوە:

– دەمت داخە، یۆکویم[1]ی دەبباغچی، بچۆ ماڵەوە بۆ لای پیرەژنەکەی خۆت. خۆ ئەویش هەر بە قەد ئێمە لەشفرۆشی دەکا و دوایین جار کە لە ماڵی ئێمە

---

[1] Jockum

بوو، دوێنێ شەو بوو کە بە دوای کڕیاردا دەگەڕا. دەیگوت چونکە لە ماڵەوە زۆر خراپی پێ ڕادەگەی!

- ئەوەندە بێحەیا مەبن. ئەگەر پێتان وایە ئەم هەواڵەی ئێوە نوێیە، ئاوی بێلغاوتان خواردۆتەوە. چونکە من بۆ خۆم لە هەموو کەینوبەینێکی ئەو ئاگادارم. بەڵام شەرت بێ، هەر بە زیندوویی کەوڵی دەکەم!
- ئای ترحێو!
- هەر بینا گیانیم کێشا!
- جا خۆ لە دڵەوە پێی خۆش دەبێ چونکە ئەو کات ئیدی بە مەیلی دڵ لەگەڵ خودی شەیتان قەحبەگەری دەکا!

کابرا لەوێ دانیشتبوو و لەژێر لێوەوە بۆڵەبۆڵی بوو و ئەوانیش لە دڵەوە پێی پێکەنین.

- نە لەم دنیا و نە لەو دنیا کەس داوی ژنانی بۆ با نادرێ و قەت وە بەر گاز نایەن.
- من پێم وایە ئەوانیش وەک ئێمە کوشتن و بڕین و ئاگری دۆزەخیان بە نسیب دەبێ.
- وایە، میرغەزەب هەرگیزاوهەرگیز بەزەیی پێیاندا نایە، نا.
- بەڵێ، وایە.
- خەڵکیش زۆر جەللادیان بینیوە کە کەیفیان بەوە دێ ژن لە سێدارە بدەن.
- بەڵێ، ڕێی تێ دەچێ.
- لە پیاوی بۆگەن خۆشترن، ئەوە ئاشکرایە.

- ڕاست دەکەی.
- پێم وا نییە ئەوان ئەوەیان پێ خۆشتر بێ. هەمیشە وا نییە، نا. چونکە من بۆ خۆم جارێکیان لەوێ بووم کە جەللاد هەرچییەکی دەکرد، نەیدەتوانی کارەکەی ئەنجام بدا.
- ئەی دوایی؟
- دوایی، هەرچییەکی کرد، هەر نەیتوانی. چونکە ئەو هەر لە بن سێدارەدا بە یەکجاری شێت و شەیدای ژنە بوو.
- چی؟
- ئەوە بە ڕاست؟
- بەڵێ هەموو کەسێکیش سووسەی ئەوەی کرد کە جەللاد دڵی پێ داوە. ئەو تەنیا ڕاوەستا و لەوی ڕوانی و تەنانەت نەیتوانی تەورەکەی خۆی بڵیند کاتەوە!

بەڵێ، ژنە شۆخوشەنگ بوو. من باشم لە بیرە، قژێکی ڕەشی درێژ، دوو چاوی بەخومار و بەسۆزی هەبوون کە ترسی مەرگیان لێ نیشتبوو و تەڕ بوون، هەر وەک چاوی جانەوەر. ڕوخساری تا ڕۆژی ئەمڕۆش بە بەرچاومەوەیە، چونکە سەیر خانومان بوو. هیچ کەسێک نەیدەناسی، ئاخر ئەو ژنێکی نامۆ بوو کە تازە پێی نابووە ئەو شارە، جەللادیش پێشتر قەت نەیبینیبوو. نەخێر، ئەوەش سەیر نەبوو کە ئەو بەو شێوەیە گرفتاری بێ.

جەللاد یەکجار ڕەنگپەڕیو بوو و دەستی دەلەرزی. بە دەنگێکی هێند بەرز کە ئەوانەی نزیکتر بوون، بە گوێی خۆیان بیستیان، گوتی: من ناتوانم.

- ئاوا..؟ جا بزانە.
- بەڵێ، دیمەنێکی سەیر بوو کە ببینی، دیمەنێکی زۆر سەیر. هەر کە خەڵک ئەوینیان لە چاوی جەللاددا بینی، هەستیان جووڵا و لەنێو خۆیاندا لەبارەیەوە کەوتنە مقۆمقۆ و چپوهوڕ. دیار بوو هەموو دڵیان بۆ جەللاد دەسووتێ.
- بەڵێ، ڕاستە.
- بەڵێ. کە ماوەیەک هەر وا ڕاوەستا، ئەوجا تەورەکەی دانا و لە ژنە چووە پێشەوە و دەستی بۆ درێژ کرد. ئیدی فرمێسک بە چاوی ژنەدا هاتە خوارەوە و دەتگوت ئەوین بەسەر ئەویشدا زاڵ بووە. خۆ سەیریش نەبوو، ئەو، کە بڕیار وا بوو ببێتە جەللادی ژنە، بەو شێوەیە لەگەڵی هەڵسوکەوتی کرد و بۆ خۆیان پێک هاتن.
- نا.
- بەڵام ئەی دوایە چۆن بوو؟
- بەڵێ، کابرای جەللاد دوایە لە دادوەر چووە پێشەوە و بە بەرچاوی ئەو و هەموو خەڵکەوە ڕایگەیاند کە ئامادەیە لەگەڵ ئەو ژنە ژیانی هاوسەریتی پێک بێنێ... خۆتانیش دەزانن ئەوان دەتوانن ئازادی بکەن، ئەگەر بیانەوێ. خەڵکەکەش دەنگیان بەرز

کردەوە کە ژنە دەبێ ببەخشرێ. هەم خەڵکەکە و هەمیش دادوەر پێیان وا بوو کە ئەم دەستەڵاتە سەیرەی ئەوین، ڕێک لە بن سێدارەدا، دیمەنێکی بنیاتنەرە و زۆر کەسیش خۆیان پێ ڕانەگیرا و گریان. ئیدی شتەکە وای لێ هات. قەشە لێکیانی مارە کرد و بەو شێوە بوون بە ژنومێرد.

بەڵام ژنە ناچار بوو بهێڵێ داغی سێدارەی بە نێوچاوانەوە بنێن، چونکە یاساکەی ئاوایە و سێدارە هەر دەبێ مۆرکی خۆی بەسەر قوربانییەکەیەوە هەبێ. بەڵام وەک گوتم، ژنە لە مەرگ ڕزگاری بوو.

- زۆر سەیر بووە.
- بەڵێ، سەیر بووە.
- دوایی چییان لێ هات؟ توانییان بۆ خۆیان لە ژیاندا بەختەوەر بن؟
- بەڵێ. ئەوان لەماڵی جەللاددا وەک بەختەوەرترین ژنومێرد ژیان، هەموو دەرودراوسێکان وایان گوت و شاهیدییان دا. خەڵکی ببڕای ببڕ جەللادی ئاوایان بە خۆوە نەدیتبوو، چونکە ئەو عیشقە بە یەکجاری ئاڵوگۆڕی بەسەردا هێنا. من پێم وایە، ئەو پێشتر وا نەبوو. ژیان لەو ماڵەدا بە بارێکی دیکەدا چەرخا و چووە پێشەوە، هەرچەندە وەک هەمیشە هەموو جۆرە بەرەڵا و هەرچیوپەرچییەک لەو ناوچەیەدا دەژیان. لە حاڵێکدا ژنەکەی سکی پڕ بوو، چەندین کەرەت پێکەوەم دیتن، وەک دوو ژنومێردی

دڵخوازی یەکدی بوون و ژنەش هەرچەندە ناچار بوو وەک هاوسەری جەللاد سەرپۆشی قەشەیی بە سەردا بدا، بەڵام هەروا خانومان بوو. هەڵبەت ئەو داغە دزێوەی هەر بە نێوچاوانەوە بوو، بەڵام وێڕای ئەوەش، وەک گوتم، هەر شۆخوشەنگ بوو.

وەختێک قەرار بوو ژنە منداڵی ببێ، ئەوان هەوڵیان دا وەک خەڵکی دیکە مامانیان هەبێ. چونکە گۆیا ئەوانیش دروست وەک خەڵکی ئاسایی دڵیان بەوە خۆش بووە منداڵێکیان هەبێ، ئیدی وا باس دەکرا. بەڵام مامانیان دەست نەکەوت، ئەوەم لە بیرە، چونکە بە دوای ژنێکدا دەگەڕان کە لە بەرامبەرماڵی ئێمە دەژیا و دەیانویست ئەو بە بێ مەرج ببێتە مامان. چونکە دەترسان نەکا لە کاتی زاییندا تووشی دەردیسەر بن. بەڵام ژنە ئامادە نەبوو بچێ و دیارە هیچ کەسی دیکەش بەو کارە قایل نەبوو. ئاخر ئەوان بەهەرحاڵ پڕاوپڕ بوون لە ناپاکی.

– لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، من پێم وایە مەسیحییەکی پاک و بێخەوش بەو شێوەیە دەست بە ڕووی خەڵکەوە نانێ.

– بەڵام ئاخر گەلاون، تێدەگەی، پاشان ئەو مامانە ڕەنگە لە دواییدا بچێ مامانی بۆ ژنێکی نەجیب بکا!

– بەڵێ، ڕوونە.

– هەر بۆیە ژنی جەللاد بە ناچاری لە تەنیاییدا ژان گرتی. چونکە ڕێک نەکەوت جەللاد لەو کاتەدا لە

لای بێ، شتەکە کوتوپڕ ڕووی دا، دیارە ناخۆش بوو، ئیدی کەس شتێکی دروست و حیسابی لەو بارەوە نازانێ، یان نازانێ لە ڕاستیدا چۆناوچۆن بووە. بەڵام ژنە دوایی لە دادگادا دانی پێدا نا کە خۆی منداڵەکەی خنکاندووە.

– به ڕاست؟... منداڵی خۆی خنکاند؟

– ئاخر چۆن توانیی وا بکا؟

– دەڵێن گوایە ژنە، وەختێک منداڵەکەی بووە و پاشان تۆزێک هێزی هاتۆتەوە بەر خۆی بە شێوەیەک کە توانیویەتی بە منداڵەکەی ڕابگا و خوێنی سەر ڕوخساری پاک کاتەوە، مۆرێکی زکماکیی بە تەختی نێوچاوانیەوە دیوە. مۆرەکە، مۆری سێدارە بووە. هەڵبەت ئەوان داغیان پێدا چزاندبوو و لەو کاتەشدا کە منداڵەکەی کەوتبووە زگ، دیارە، ئێش و ئازاری تووش بووبوو، ژنە وای گوتبوو. گۆیا گوتبووشی کە نەیویستووە منداڵەکەی لەم دنیایەدا بژی و ئەو مۆرەی پێوە بێ چونکە زۆری خۆش ویستووە، ئیدی زۆر قسەی دیکەی لەم بابەتە. من بیستم کە خۆیشی نەیزانیوە چیی گوتووە، ئەو، بێچارە، هەڵبەت بۆ خراپەکاری لە دایک بووبوو، خۆ ئەوە ئاشکرا بوو.

– زۆر گوناح بووە، بە ڕای من.

– تەواو گوناح بووە، دەبا بیڵێم.

– بەڵێ، پاشان ژنە حوکم درا کە زیندەبەچاڵ بکرێ. ئاخر هەڵبەت ئەوە تاوانێکی بچووک نەبوو کە لە ئاکامدا ئازاری ویژدانی دابوو. جەللاد ناچار بوو دووبارە خۆڵی بەسەردا بکا و داپپۆشێ. دیارە من بۆ خۆم لەوێ بووم و سەیرم کرد. بۆ جەللاد بێگومان کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە ڕەنگە هەمیشە خۆشی ویستبێ، لەوەدا گومان نییە، تەنانەت ئێستاش، دوای ئەو تاوانە ترسناکەی ژنەکەی، هەر دەستی تێ نەدەچوو و نەیدەتوانی ئەرکەکەی خۆی ئەنجام بدا. ڕاوەستا و سەیری لەشولاری ناسکی ژنەی دەکرد کە لەژێر خاکوخۆڵی بێڵدا نوقم دەبوو، خۆڵی بەسەر ڕوخساریدا هەر نەکرد هەتا لە ئاکامدا چارەی نەما. ژنە لە تەواوی ئەو ماوەیەدا وشەیەکیشی بە زاردا نەهات. پێم وایە پێشتر ماڵئاواییان لە یەکدی کردبوو. بەڵام ژنە لەوێ ڕاکشابوو و نیگای پڕ لە ئەوینی بڕیبووە مێردەکەی. وەختێک لە دواییدا جەللاد ناچار بوو خۆڵ بەسەر ڕوخساریشیدا بکا، ڕووی وەرگێڕا. نا، ئەمە بۆ ئەو خۆش نەبوو، بەڵام ئەو ناچار بوو بیکا، چونکە یاسا بەو شێوەیە بوو.

خەڵک دەیانگوت جەللاد شەودرەنگان لەسەر گۆڕی ژنە بووە و هەوڵی داوە دیسان لە گۆڕەکەی دەربێنێ، بەشکم گیانی تێدا مابێ. بەڵام ئەوە ئیدی

قسەی قۆڕ بوو، چونکە جەللاد حەتمەن تێگەیشتبوو ژنە مردووە.

هەر خێرا پاش ئەو مەسەلەیە لە ناوچەکە ون بوو و کەس نەیزانی بەرەو کوێ سەری خۆی هەڵگرتووە.

– بەڵێ، کە وایە، من دەڵێم بێگومان گوناح بوون.
– بەڵام ئەوان ئەوکات دەبوو بیریان لەوە کردباوە کە بۆیان ناچێتە سەر و منداڵەکەشیان هەر دەبێ وەک خۆیان ناپاک بێ.
– بەڵێ، زۆر سەیر نییە منداڵەکە مۆری سێدارەی بە نێوچاوانەوە بووە!
– نەخێر، ئەو مۆرە هەمیشە هەر هەیە.
– ئەدی.
– نایشکرێ لە دەستی ڕزگار بی. ئەوە مەعلوومە.
– کە وا بوو لە ئاکامدا هەر خۆی بوو بە جەللادی ژنەکەی.
– بەڵێ، بوو.
– بەهەرحاڵ ئەمە هەر لە سەرەتاوە دەبوو ببێ.

دەنگەدەنگ و هاتوهاوارێک لە دەرەوەی دەرگا بیسترا. پیاوێک بە لەتردان هاتە ژوورەوە و بەسەر کەسێکدا کە لەوێ لەو تاریکاییەدا شوێنی کەوتبوو، دەینەڕاند و دەستی لەمەچەکەوەبڕاوی ڕادەوەشاند و دەیگوت:

– ئەوە درۆیە، خوێریی لادێیی! خۆ تۆ خۆت بژاردت و بینیت کە دروستە!

– بـەڵام قورقوشـم لـە زارەکانتـدا بـوون، هـەی دزی قۆڵبڕ!

– ئەی خوا ڕووت ڕەش کا! لە کوێ وا بوو، یووکە[1]؟

کوڕێکی گەنج کە وەک سێبەر بە دوای کابرای بێدەستەوە بوو، وەڵامی دایەوە:

– نا، نا، بە مەرگت مەحاڵە فێڵ لە گۆڕێدا بووبێ.

– جارێ ئەو شـەیتانی بەدفەڕە، ئەویش لـە هونـەری دزی و فڕوفێڵەکانتدا لەگەڵتە و بە فێڵەوە یاریت بۆ دەکا کە خۆت نە دەتوانی وەرەقەکان ڕابگری و نە دەشتوانی کاری دیکە بکەی، هەی ناتەواوی نەگبەت! وەرەقەکانی تۆ دیاریکراو بوون ئەگینا تۆ ئەو پیاوە نییت لەگەڵ من یاری بکەی!

– کورە دەمت لێک نێ، گێلی دێهاتی!

لە پەنای مێزێک دانیشت و لـەژێر چاوەوە لـە چـواردەوری خـۆی ڕوانـی. کـە جـەللادی بینـی، ڕوخساری گرژومۆن بوو. ڕوخسارێکی لەڕولاواز و قوپـاو و نیگایـەکی درەوشـاوەی هـەبوو. کوڕەکـە لەسەر تەختەکە خزایە بن هەنگڵی ئەو.

– خۆ ئەمە لاسێ[2] سێدارەیە بە پێی خۆی هاتووە!

– لاسـێ، ئـەوە چمـا تـۆش دەترسـێی لـە پـەنای میرغەزەب دانیشی؟

– ئای لە تۆ کە چەنێک گوو دەخۆی!

---

[1] Jocke
[2] Lasse

ئەو بە کاوەخۆ چوو بۆ ئەویێ، لەولاوە لە چزی مێزەکەوە لێی دانیشت. کوڕەکەیش بە ئەسپایی شوێنی کەوت.

جووتیارەکە هاواری کرد:

– بەڵێ، ئەویێ بۆ تۆ باشە، پیس و پۆخڵ! هاکا جەللاد بە یەکجاری دەستی لێ گەرم کردیتەوە!

– بەڵێ، ئەمجارەیان سێدارەیە، لاسێ. ئاخر هیچ شتێک جگە لە سەرت نەماوە کە هەڵیپڕووسقێنن.

– تۆ هەر گوو دەخۆی، چونکە هیچ عەقڵت نییە. هیچ سێدارەیەک نییە بتوانێ گیانی من بکێشێ!

– نا، نا...

– بە ڕاستتە...

لە پشت مێزەکە دانیشت و شانێکی هەڵتەکاند. بە کچەکەی گوت:

– بیرە!

کچەش بە پەلە گەیاندیێ. کوڕەکە پەرداخەکەی لە لای دەمی ئەو ڕاگرت و ئەویش بە یەکجار چەند قومی لێ دا. وەختێک ویستی پشووی بێتەوە بەر خۆی، کوڕەکە چاوەڕوان ما، پاشان سەرلەنوێ پێی دایەوە.

بە کاوەخۆ ڕووی بۆ لای جووتیارەکە، کە لە خوارەوە لە پەنای دەرگاکە دانیشتبوو- وەرگێڕا و گوتی:

– گوتت من لە یاریدا گزی دەکەم!...

– بەڵێ، گوتم گزی دەکەی!
– تۆ پێت وایە من پێویستم بەوە هەیە لە پێناوی ئەو پارە دێهاتییە پیس و هیچوپووچەی تۆدا گزی بکەم! پارە و پووڵی تۆ خۆیان سووک و هاسان دەخزێنە گیرفانی منەوە چونکە ناتوانن بەرگەی بۆگەنیوی دەرپێ شڕەکەی تۆ بگرن!
– دەمت داخە تۆیش!

ئەوان بە کابرای جووتیار، کە نەیتوانی چەند قسەیەکی ناشیرین بدۆزێتەوە، پێکەنین.

– نا کاکە، لاسێ سێدارە پێویستی بەوە نییە وەرەقەکان دیاری بکا و قوڕقوشمیان تێ بهاوێ، ئەگەر بۆخۆی نەیەوێ.
– نا، هونەری ئەو زۆر لەوانە گەورەترە و تۆش لە ئاستیاندا هەر زۆر هیچوپووچیت، گەلحۆ.
– ئەو وەک کەسانی دیکە لە یاریدا دەستی دزیی هەیە. بەڵام من تێناگەم، ئاخر لاسێ، تۆ بەم وەزعەوە کە بەسەریان هێناوی، چۆناوچۆن دەتوانی ئەم کارانە بکەی؟
– کورە بابە، خەمی ئەوە مەخۆ. لاسێ هەمیشە کاری خۆی بە ڕێوە دەبا!
– لەوەدا گومانێک نییە...

لاسێ لە حاڵێکدا کوڕەکەی نیشان دەدا، گوتی:

– لە بیرمە وەختێک ئەنگوستەکانیان بڕیمەوە و بە تەختەدا بزمارڕێژیان کرد، لە تەمەنی ئەمەدا بووم.

من بۆخۆم لەوێ بووم و قاقا پێیان پێکەنیم. گوتیان: ئەوەتانێ ئەنگوستە دزەکانت. بەڵام من تەنیا هەر پێکەنیم و گوتم گوێیشم نابزوێ. گوتم لاسێ هەمیشە کاری خۆی بە ڕێوە دەبا! کاری خۆیشی بە ڕێوە برد!

چەند جارێک بە توندی چاوی تروووکاندن و ڕوخساری گرژومۆن بوو. ئانیشکی سەرەوانده کوڕەکە هەتا بیرەی زیاتری پێ بدا. کوڕەش بە جۆشوپەرۆشەوە پەرداخەکەی بەرز ڕاگرت. کوڕە ڕوخسارێکی بچکۆلانە و وشیاری هەبوو و چاوی لە قاپیلکەکانیدا نەدەحەجما. ئاگای لە هەموو بزووتن و ڕووداوێک بوو.

– بەڵام وەختێک دەستتیان بڕییەوە، خراپت لێ قەوما، ها!

– خراپی چی، پێت وایە چیم لێ قەوما؟ نە بابە...

بە قۆڵی کراسەکەی دەمولێوی سڕی.

پیرەمێردە پینەچییەکە لەوبەری مێزەکەوە خۆی کێشا پێشەوە و بە سرتە و هەژاوییەوە گوتی:

– دەزانن گیائادەمەی[1] هەیە!

لاسێ سێدارە بە دەنگێکی بەرز و ڕوون گوتی:

---

[1] گیائادەمە: گیایەکە بنکەکەی لە بیچمی بنیادەمە بۆ دەرمان دەشێت. گوایە ئەو کەسەی گیائادەمەی هەبێت، گشت کارێکی بە ئاسانی بۆ جێبەجێ دەکرێت و لە بەڵا و کارەساتیش بە دوور دەبێت. **وەرگێڕ**

– نا، بۆ من وەک یەک وایە، هیچ گرفتێکم نییە. ئا ئەم کوڕەشم لەگەڵە. ئەو توانستی هەیە.

– بەڵێ، من باوەڕ دەکەم!

کوڕەکە کەوتە چاوەپرتە، ستایشەکەی بە دڵ بوو.

– ئەمە کوڕی خۆتە، لاسێ؟

– بە ڕاستی نازانم، بەڵام تەقریبەن ڕۆحم وا دەڵێ، ئاخر وا بزانم لە من دەچێ.

– کە وا بوو نازانی.

– نا. هەرچۆنێک بێ، هاننا[1]ی لەشفرۆش دایکیەتی، بەڵام ئەو وازی لە دایکی هێناوە، چونکە لە لای دایکی تەنیا لێدانی دەخوارد و هیچ خواردنی پێ نەدەدرا و ئێستاش بۆ لای من هاتووە، ئاخر من فێری دەکەم ئەوەی لە دنیادا پێویستە بیزانێ. هێند گوێڕایەڵە، نەبێتەوە. ئایا من بابی تۆم، یووکە؟

کوڕەکە بزەیەکی هاتێ و گوتی:

– وەک یەک وایە.

– بەڵێ، ڕاست دەکەی. گووی تێ بێ! بەڵام لە لای من خۆشی لێ دەگوزەرێ، سەیر کەن. وا نییە، یووکە؟

کوڕەکە بە بزەوە گوتی:

– بەڵێ وایە.

– تۆ ناتوانی تەنیا بە یارمەتیی ئەو کوڕەچڵمنە کاری خۆت بە ڕێوە بەری. لەمەدا ناتوانی قایلم بکەی.

[1] Hanna

– ناتوانم؟...
– بەڵێ...
– نا، تۆ دەستەڵاتی لەو گەورەترت بۆ یارمەتیی خۆت هەیە.
– دەسەڵاتی گەورەتری چی، ها؟
– جا من چووزانم.
– بەڵێ، تۆ چووزانی. ئەی ئەگەر وایە ئەم ترەترەت لە چییە؟
ساتێک بێدەنگ بوون. دانیشتن و هەڵسان و دەستیان لە پەرداخەکانیان وەر دا.
– بەڵام ڕاستە کە تۆ گیائادەمەت هەیە، ها؟
– حاهـ لەو قسە قۆڕە...
– ئاخر تۆ چۆنت توانی هەڵیکێشی، تۆیەک کە ئەوە حاڵتە؟!
لەو کەشوهەوا نیوەتاریکەدا، نیگا داگیرساوەکانی بەڵاچەیان دا و ڕوخساری لاوازی گرژ بوو.
– لاسێ، کاری لەوە قورستری لە دەست دێ، ئەگەر بیەوێ.
– بەڵێ، ئەوە هەمووی جێی باوەڕە.
– بەڵام هەڵکێشانی گیائادەمە لەسەر سەکۆی سێدارەدا، هەروا بە دەم ئاسانە. تەنانەت بە بێ ئەوەی دەستیشت پێوە بێ.
– بەڵێ. پیاو ئەو دەمەش کە زریکەی دەبیستێ، دەزانێ کە ئیدی وادەی مەرگیەتی!

لەژێر چاوەوە سەیری ئەویان دەکرد. ئەو بە توندی سەری ڕاوەشاند و پاشان هەر لەرزی و لەرزی.

– من دەڵێم هەم گیائادەمەی هەیە و هەم زۆر شتی دیکەش! پێم وایە تۆ لە مێژە خۆت بە شەیتان فرۆشتووە، لاسێ!

– بەڵێ بێگومان خۆم فرۆشتووە!

– مەگەر خۆم نەمگوت!

– دە گوێی بدەنێ!

– بەڵام شەوانە جندۆکە ناچێتە کەوڵتەوە؟

– حاهــ.. وەختێک پیاو خۆی لەگەڵ شەیتان هاوڕێی گیانی گیانی بێ، جندۆکە ناچێتە کەوڵیەوە. بەڵکوو پیاو دەتوانێ وەک منداڵێکی بەرمەمکان بچێتە شیرینیی حەوت خەوەوە.

– ئێستا ئیدی ئەوانە هەموو شاتوشووتن، لاسێ!

– ئای لە تۆ! کەم با لە خۆت کە! ئەگەر لەگەڵ شەیتان دۆستی گیانی گیانی ببوویتایە، ئێستا بەم شێوەیە شەلوپەت و ڕیسوا بە دنیادا نەدەگەڕای!

– میرغەزەبیش باش گەیشتۆتە خزمەتت وەک بڵێی پێی وا بووە تۆ ملکی ئەویت، نەک هیی شەیتان!

ئەوان بە قسە و جەفەنگی خۆیان پێکەنین. لاسێ کە ئاگری لە چاو دەباری، بە ڕق و کینەوە لێیان مۆڕ بووەوە.

– پێت وایە، چیم لێ دەکا!

– هیچت لێ ناکا!

– من پێم وایە ئەوان ئەوکات وەک خواردنی ئاساییی جەللاد ڕەفتاریان لەگەڵ کردووی!

– چ نییە، نا! ئەوان لەگەڵ لاسیَ سێدارەدا هیچیان پیَ ناکریَ!

بە چیقەچیق لەگەڵیان دەدوا و لێیان زیت بووبووەوە.

– نەخێر، ئەوەندە ئاسان نییە، با پێت بڵێم!

– ئاوا! بەڵام ئەوان بەهەرحاڵ باشیان دەست پیَ کردووە!

لاسیَ لە شوێنی خۆی دەرپەڕی و هاواری کرد:

– ئەوان دەستەڵاتیان نەبووە کە شتێکی من بەرن! نا، تێبگە، ئەوان شتێکیان نەبردووە! هیچ دەستەڵاتێکی مرۆڤایەتی نییە بە من بوێریَ، دەبا بزانی!

– ئەوە تۆ چ دەڵێی! ئەمەیان سەرسووڕهێنە!

– هەرگیزاوهەرگیز بە من ناوێرن! ئەو شتەی من هەمە، هیچ دەستەڵاتێکی سەرزەوی ناتوانیَ لێمی وەرگریَ! هەروەها ئەم کوڕەش میراتگرم دەبیَ!

– چی؟ تۆش میراتیت هەیە، لاسیَ؟ خۆ گوێتان لیَ بوو، ها؟!

– بەڵیَ میراتیم هەیە! لە هەرکەسێک و لە ئێوەش زۆر زیاترم هەیە. پاش من، ئەو هەم گیائادەمەکە و هەمیش تەواوی ئەو دۆزەخەی بە میرات بۆ دەمێنێتەوە!

– کە وا بوو گیائادەمەت هەیە؟!

– بەڵێ هەمە، با جوان بە دڵتەوە بنووسێ! دەتەوێ ببیینی، ها!

– نا، نا...!

– ئەوەتا لە ملمدایە! وەک بنیادەم گەورە بووە، ئەوجا پیاو هەم دەتوانێ دزی بکا و هەمیش دەتوانێ بۆ هەموو شوێنێک بچێ و گشت کارێکی لە دەست دێ، جا چ دەستی هەبێ چ نەیبێ!

دەمیان بوو بە تەڵەی تەقیو، بە سەرسامی لێیان ڕوانی.

– چۆناوچۆن ئەوەت دەست کەوت، هەی نەگبەتی بەستەزمان! لەسەر سەکۆی سێدارە؟!

– ئەدی لە کوێ! ڕاست لەژێر سێدارەکەدا، لەو شوێنە وا تەرمەکان دەخەنە چاڵ و بە خۆڵ دایاندەپۆشن!

– زاتت کرد بچیە ئەوێ! بە شەو!

– بێگومان زاتم کرد! بەڵام خۆ وەک ئەوە نەبوو لە ماڵەوە لای دایە بی و لە نوێنگەدا "بابی ئێمە"[1] بخوێنیەوە! تۆ قەت زاتت نەدەکرد، نا!

– نا، نا!...

– ئەوان هەناسەیان هەڵدەکێشا و هاواریان دەکرد و ترس...

– کێ دەڵێی؟

– مردووەکان دەڵێم، خۆ تێدەگەی! لە حاڵێکدا بەدوای گیائادەمەدا دەگەڕام، ئەوان هێرشیان بۆ دەهێنام و

---

[1] "بابی ئێمە" دوعایەکە لە ئینجیلدا مەسیحییان دەیخوێنن. **وەرگێڕ**

چنگیـان لـێ دەگـرتم! وایـان دەکـرد! ناچـار بـووم بـە هــەموو هێزێکــی هــەمبوو، لێیــان بــدەم. ئــەوانیش دەیانزریکانــد و شــین و ڕۆڕۆیــان دەکــرد وەک کۆمــەڵێک شـێت و دێوانـە کـە لـە شـێتخانەدا بـن و نۆکەری جەللاد وە بەر قامچیی دابن تا هێمن بنـەوە! ناڵــە و قیــژە و زریکەیــەک بــوو دەتگــوت ڕۆژی قیامەتە، پێم وا بوو شێت دەبم. هەروەها نەمدەتوانی بەرەو دواوەیان ڕادەم! بەسەر ئەو بیچمە دزێوانـەدا گوڕانـدم: لـە بـەرچاو ون بـن! لـە بـەرچاو ون بـن، جنۆکــەکان! مــن مــردوو نــیم، نــا. مــن زینــدووم و گیائادەمەم پێویستە! ئیدی لە ئاکامدا نەختێکم لە خۆ دوور خسـتنەوە. پاشـان بینـیم گیاکـە ڕاسـت لـە بـن سـێدارەکەدا، لـەو شـوێنەی پێتـر[1]ی قەسـاب و چەنـد کەسێکی دیکە هەڵواسرابوون، ڕوابوو. بە ئانیشـکێکم خــۆڵی چــوار دەوریــم دایــەوە و ئــەوجا بەســەر زەوییەکەدا ڕاکشام و بە ددان گرتم و هەڵمکێشا!

– لەو کابرایە! بە ڕاستتە؟!

– بـەڵێ! بـە ڕاسـتمە! ئەوانـەی بـۆ خۆیـان زاتیـان نییـە، سەگیان هەیە ئەم کارەیان بۆ دەکا!

چاوانی دەرپۆقیبوون و لە هیی دڕندە دەچوون.

– لە پڕ گیائادەمەیەک دەستی کـردە زریکـە. زریکانـدی! زریکانــدی! بــە شــێوەیەک خــوێنی پیــاو وشــک

[1] Petter

هەڵدەهات. بەڵام من هیچ شتێکم وەک زۆر بێچارەی ترسنۆکی دیکە لە گوێ نەئاخنیبوو! سەبرم لەگەڵی هەبوو، ڕیشەکەیم ڕاکێشا و هەر ڕامکێشا! بۆنی مەرگ و خوێن و وێرانیی لێ دەهات ! هاواریان دەکرد و لەژێر خاکەوە کێشیان دەهات! بەڵام من گوێی خۆم نەگرتبوو، نا! من تەنیاوتەنیا هەر ڕامکێشا و ڕامکێشا! ئاخر من دەمویست بە دەستی بێنم!

وەک شێت هاتوهاواری دەکرد. ئەوان ڕوویان بۆ لای ئەو وەرگێڕابوو.

– کە لە بن خاکەکە دەرمهێنا، چواردەورم دەنگی لێوە هات، بوو بە گرموهۆڕ و بوومەلەرزە! چاڵاییەکە درزی برد و خوێن و تەرم هاتنە سەرەوە! زەوی لە تاریکاییدا قڵیشا و ئاگر بڵێسەی سەند و دنیای داپۆشی! ترس و قیرە! هەموو شتێک سووتا! هەر دەتگوت دۆزەخ لەسەر زەوی ساز بووە!..

هاوارم کرد: ئێستا بە دەستم هێناوە! ئێستا بە دەستم هێناوە!

هەستایە سەر پێ و هەردوو دەستە بڕاوەکەی وەک تارماییەکی لەتوپەت و تۆقێنەر، بەسەر سەریدا ڕاوەشاند. چاوە شێتەکانی دەرپەڕیبوون و دەنگیشی هەموو حاڵەتێکی ئینسانیی لە دەست دابوو.

– من میراتیم هەیە! من میراتیم هەیە! با جوان بە دڵتانەوە بنووسێ!

جەللاد بێ جموجووڵ لەوێ دانیشتبوو، لە تاریکاییدا، قورس و خاڵی لە زەمەن، چاوی بڕیبووە بەردەمی خۆی.

**لە**وێ خەڵکێکی زۆر هاتبوونە ژوورەوە، بووبووە بەزمورەزم و خەڵک جمەیان دەهات، لەو کەشوهەوا نیوەتاریکەدا قاقای پێکەنین و دەنگی لێکدرانی پەرداخ دەبیسترا، گڵۆپە خڕەکەی بنمیچ بە ئەسپایی دەخولایەوە و ڕووناکییەکی وەنەوشەییی شین و ئامالسەوزی بڵاو دەکردەوە، خەڵک بە دەم سەماوە دەخزانە شوێنێک لە نێوەڕاستی هۆڵەکەدا و دەنگی مۆسیقایش بە کزی دەگەیشتە گوێ.

سەما لە ڕێڕەوی نێوان مێزەکاندا درێژەی پێ درا، هەموو هۆڵەکەی گرتەوە، ژنان بە جلوبەرگی درەوشاوە و ئاڵوواڵاو بە چاوی نیوە بەستراوەوە لە پیاوان دەئاڵان، مۆسیقایش جاز[١]ی خۆی لێ دەدا.

---

[1] Jazz

ژنێکی خرپن بەوێدا تێپەڕی، بەسەر شانی ئەو پیاوەدا کە لەگەڵی سەمای دەکرد، ڕووی وەرگێڕا و گوتی:

– بەهـ بەهـ دە بزانە جەللادیش لێرەیە، وەی کە خۆشە!

ڕووناکییەکە، بەسەر ئاپۆڕەکەدا دەخولایەوە، مێزەکان بە ڕەنگی زەرد و سەوز کە لە ڕەنگی مردوو دەچوو، دەدرەوشانەوە، گارسۆنەکان شەلاڵی ئارەق، بەنێو ژاوەژاو و قریوەقریودا هەڵدەهاتن، زاربەندی شامپانیا پڵتەی دەهات و دەردەپەڕی.

پیاوێکی قەڵەو کە بەرۆکی کراسەکەی شکابووەوە، هاتە پێشەوە و بە ئەدەبەوە نووشتایەوە و گوتی:

– بۆ ئێمە شانازییەکی گەورەیە کە جەللاد لەنێو خۆماندا دەبینین.

ئەوجا بە نەزاکەتەوە دەستی خۆی لێک سوون، چاویلکە فەنەرییە بێدەسکەکەی لەسەر چاوە بچووک و زیتەکانی ڕێک گوشی.

سەما تەواو بوو، ژنان و پیاوان لێک هەڵبڕان و بە دەم بزە و پێکەنینەوە لە پەنای مێزەکان دانیشتنەوە.

– ئەرێ دەزانن جەللاد لێرەیە؟

– نە کورە!

– بەڵێ، لەو لایە دانیشتووە.

– ئای کە جوانە!

پیاوێکی گەنج کە ڕوخسارێکی مندالانەی بەجۆشوخرۆشی هەبوو، لێی چووە پێشەوە و هەردوو

قـاچی  بـه نیشـانەی خەبـەردار، لـه بەردەمیـدا جـووت کردن و دەستی به هەواوه ڕاست ڕاگرت، گوتی:

– هایل[١]!

ئـەوجا کـەمێک لـه جێـی خـۆی پەیکەرئاسـا ڕاوەسـتا. پاشان وەرچەرخا، دیسان پاژنەی لێک دان و گەڕایـەوه شوێنەکەی خۆی.

خـەڵک قسـەیان دەکرد و پێدەکـەنین، پیـاوێکی پـەڕپووت هاتـه ژوورەوه و بـەو نێـوەدا سـووڕایەوه و لـه پـەنای مێزەکانـدا، لـه کاتێکـدا دەسـته لـەڕ و لاوازەکـەی بـۆ پێشـەوه پان دەکردەوه، به سرتەوه شـتێکی دەگوت، تـا کردیانه دەرەوه. سۆزانییەکان دانیشتبوون و قومیـان لـه پەرداخەکانیان دەدا.

– به ڕاستی بەو لیباسـه سوورانەیەوه زۆر جوانـه، تـۆ چاوی لێ کە!

– بەڵێ، زۆر!

– زۆریش له دڕنده دەچێ.

– به ڕای من له گەواد دەچێ!

– ئۆی بێگومان وا نییه، ئەرێ تۆ شـێت بووی! ئـەو بـه ڕاستی پیاوێکی لەبەردڵانه.

– ئـەرێ بـۆ وەختێـک دادەنیشـێ، هەمیشـه دەسـتێکی لەسەر نێوچاوانیەتی، ها؟

– جا من چووزانم.

---

[١] Heil وشەیەکی ئاڵمانییه، واته "سڵاو". **وەرگێڕ**

- زۆر جوانه.
- ئەرێ هەر بە ڕاست، چوونە کەوڵی جەللادەوە چ هەستێکی هەیە؟
- پێم وایە بەلەزەت بێ.

مۆسیقا دیسان دەستی پێ کردەوە، ئێستا بە جۆشتر، ئۆرکێسترایەکی دیکە بوو کە لێی دەدا. ژنان و پیاوان بە جووتە لەو ڕۆشناییە شینە لەرزۆکەدا خزانە دەرەوە، ژنان قۆڵی ناسکیان لە شان و ملی پیاوان ئاڵاندبوو، چاویان لێک نابوو و خەوەنووچکە بردبوونیەوە.

- ئەرێ سبەینێ شتێکی تایبەت ڕوو دەدا؟
- من نازانم، بەڵام دەنگۆیە کە خەڵکێکی زۆریان کۆ کردۆتەوە و دەیانەوێ بیانکوژن، چ لەوە خۆشتر.
- بەڵێ، جا چ قەی دەکا. دنیا بە ئەندازەی پێویست خەڵکی تێدایە، خەڵکی ماقووڵ و ڕێکوپێک. بەهەرحاڵ، هەمیشە هەر پیاوچاک لە دنیادا دەمێننەوە، دیارە پیاو ئەوە دەزانێ.
- بێگومان.

پیاوێکی بەتەمەنی نیزامیپۆش بە ملچەملچ و لەنجەولار چووە بەردەم مێزی جەللاد، گوتی:

- یەکجار خۆشە کە ئاڵوگۆڕ دروست دەبێ، جەنابی جەللاد! بێگومان خەڵک دەبێ فێر بن چۆناوچۆن هەڵسوکەوت بکەن!

– ئەرێ ئەمە چ بەزمێکە! ئێمە خۆ شەرابی تاڵمان داوا کردووە کەچی ئێوە هیی تفتمان پێ دەدەن! ئەمە چ ڕەفتارێکە!

– ببوورە، ببوورە...

– بەڵێ، ئێوە هەر وا دەڵێن. چ میوانداریییەک! ئەوجا پیاو دەبێ هەر دانیشێ و تا ئەبەد چاوەڕێ بێ.

– ئەوەتانێ تازە سەرەکەی هەڵپچڕیوە!

– بەڵێ، دەتوانن بیگۆڕن. ئێمە جگە لە شەرابی توند و تاڵ، قەت شتی دیکە ناخۆینەوە.

ژنە بۆرژوایەکی دابەستە کە چووبووە توالێت، هەڵقونهەڵقون بەوێدا تێپەڕی. هەر کە چاوی بە جەللاد کەوت، دەستی لێک دان، گوتی:

– ئەهـ تەماشا! جەللاد لێرەیە! بە ڕاستی دەبێ هێربێرت[1] ئاگادار کەم!

چووە پێشەوە و دڵسۆزانە دەستی خستە سەر باڵی جەللاد.

– کوڕەکەم بە دڵنیاییەوە ئێجگار زۆر حەز بە ئاشنایەتیی ئێوە دەکا. ئەو بە جۆرێک لایەنگری خوێنڕێژییە نەبێتەوە، دەک بە قوربانی بم!

قیت بووەوە و بە شێوەیەکی دایکانە لە دەوروبەری خۆی ڕوانی تا بزانێ بنەماڵەکەی لە کوێن.

---

[1] Herbert

مۆسـیقایەکی دڵگیـر دەبیسـترا و لەشـولاری ئـەو ژنـە ناسک و سرکانەی دەلاواندەوە، کوڕێژگەیەکی پیس و پۆخڵ لە دەرگا دوو لاییەکەوە خۆی خزاندە ژوورەوە و لـە پـەنای ئـەم مێـز و ئـەو مێـزدا جلوبەرگـە کۆنـە دڕاوەکەی دەکردەوە بۆ ئەوەی نیشان بدا کە لەژێرەوە ڕووتوقووتــە هــەتا گارســۆنەکان گرتیــان و کردیانــە دەرەوە.

– بـە پێچەوانـەوە، کـاکی خـۆم! تونـدوتیژی، ئەوپـەڕی دەربڕینی دەستەڵاتی مرۆڤایەتییە نەک تەنیا لە باری هێــزی جەســتەیی، بگــرە تەنانــەت لــە بــاری ڕۆحییشەوە! ئەوە حەقیقەتێکە شوکور بە هیممـەتی ئێمە سـەرەنجام تـەواو ئاشکرا بووە. ئەو کەسـەش کـە جیـاواز بیـر دەکاتـەوە، ئێمـە هـەر لـە ڕێگـای بــەکاربردنی ئــەم توندوتیژییــەوە خەتاکــەی پــێ دەسـەلمێنین و ئەوجا بە دڵنیاییەوە ئیمان بە ئێمە دێنێ، یا ئێوە ئاوا بیر ناکەنەوە، ها؟

– هەڵبەت ئاوایە، بە دڵنیاییەوە.

– ئەدی! ئێمەش هیوادارین.

– وەک گـوتم. ئێمــە مــەرجێکی نــەگۆڕ دادەنێـین کـە هەموو ئەوانەی جیاواز بیر دەکەنەوە دەخەسێنرێن! ئــەم کــارە بــۆ چەســپاندن و ســەرکەوتنی بیــر و بۆچوونەکانمان پێداویستییەکی سادەیە. پێم وا نییە بتانـەوێ داوامـان لـێ بکـەن کـە بهێڵـین ئـەم پەتایـە بــەنێو نــەوەکانی داهاتوومانــدا بــڵاو بێتــەوە. نــا،

بەقوربان! ئێمە هەست بە بەرپرسیاریێتیی خۆمان دەکەین!

- بەڵێ، بێگومان.
- بەڵام کاکە گیان، ئێوە هێشتا بە شێوەیەکی زۆر گاڵتەجاڕانە ئەسیری تێنەگەیشتن و چاخ و دۆخی ئەوسان! بزانە، هیچ جۆرە تێڕوانینێکی جیهانی جگە لە هیی ئێمە هەرگیزاوهەرگیز بوونی نابێ و بڕایەوە! تێدەگەن، تەواو!
- ئاوا، بەو شێوەیە! دەسا من باشتر لێتان تێدەگەم! هەڵبەتە! بەڵێ، بێگومان!
- بەڵێ، سەیرە، کاتێک پیاو تەنیا لەو بیرە چەقبەستووانە دێتە دەرەوە، ئەوسا وردەوردە لەم شێوازە ئێجگار نوێیەی ئێمە تێدەگات و شتەکان دەبینێ. هەر لە سەرەتاوە تۆزقاڵێک دژوارە. بەڵام لە ڕاستیدا خۆی ئێجگار زۆر ئاسانە.
- بێگومان.
- داخوا ئێوە دیوتانە یەکێک لەو کەسە ملهوڕانەی لایەنی دژ بە ئێمە، لەم مەملەکەتەدا وەک ئێمە سەرکەوتن بە دەست بێنێ؟ من دڵنیاتان دەکەم، کە ئەمە لە ڕاستیدا بەرزترین ڕۆڵێکە مرۆڤ دەیبینێ. پیاو هەست دەکا کە لە بەرەوپێشبردنی مرۆڤایەتی بۆ ژیانێکی بەشکۆتر و باڵاتردا دەوری بینیوە.
- بەڵێ، من لە ڕاستیدا بە دڵ و بە گیان پێم خۆشە ئەو دەورە ببینم!

– ڕووی داوه و ئێمــه توانیومانــه بیــر و ئیمــانی ئــەو پیرەپیاوانــەی زیـاتر لـه هەشـتا سـاڵیان تەمـەن بـووه بگۆڕین و تـەنیاش پێویسـت بـووه نـەختێک زیاتریـان لەگەڵ خەریک بین.

– جێـی بـاوەڕ نییـه. بەتایبـەت کاتێـک پیـاو بیـر لـەوه دەکاتەوه که بیروبـاوەڕێکی ڕاسـتەقینه لـەنێو خەڵکدا بڵاو بکاتەوه.

– بـەڵێ! لـه ڕاسـتیدا ئـەوه ئاکـامێکی ئێجگـار بێوێنەیـه ئێمه به دەستی دێنین، دڵنیاتان دەکەم.

– لەگـەڵ ئـەوەدا، ئێمـه لـه بەرانبـەر نـەوەی داهـاتوودا خۆمــان بــه بەرپرســیار دەزانــین، تێدەگــەن! ئێمــه دەزانین که ئێستا هـەل لـەبارە! ئـەوەی ئێسـتا ڕاسـت بیـر بکاتـەوه، لـه داهـاتوودا چیـی دی هـەرگیز لاڕێ نابێ. نابێ له بیرمـان بچـێ کـه ئێمـه لـه سـەردەمێکی مەزنــدا دەژیــین! ســەردەمێک کــه بــۆ تــەواوی مرۆڤایــەتی و پێشــکەوتنی بــوون و ژیــان لەســەر زەویدا چارەنووسسازە.

– بەڵێ، هەڵبەته.

– ئێمه بەرپرسیاری ئەوەین، دەزانین.

– چینەکان! چیی دی هیچ چین و توێژێک بوونی نییه! ئـا ئەمەیـه ئـەو ئـاڵوگۆڕە مـەزن و گرینگـه کـه ڕووی داوه! تــەنیا خــەڵکانێک هــەن کــه وەک ئێمــه بیــر دەکەنــەوه و بەشـێکیش کـه لـه ژوورەوەن، ئـەوەتا خــەریکن فێــر دەکــرێن وەک ئێمــه بیــر بکەنــەوه.

ئەوانەشـــیان کـــە دەمێننـــەوە و دێنـــە دەرەوە، بـــە دڵنیاییيەوە ئیدی خۆیان فێر کردووە.

– ئێـوە خۆتـان دەبیـنن... لێـرە خـەڵک دانیشـتوون و شـامپانی دەخۆنـەوە یـان، زۆربـەیان ڕەنگـە، تـەنیا پەرداخێک بیرەی سادە بخۆنەوە. بۆرژوا، کرێکار و ئەوانەی تۆزێک وەزعیان باشترە، هـەموو یەکسـانن. هەروەها هەمووانیش ڕێک وەک یەک بیر دەکەنـەوە، واتە وەک ئێمە! هـەموو ئـەو خەڵکە کە لـە دەرەوەن، وەک ئێمە بیر دەکەنەوە!

– وایە.

– ئێـوە لـە ئاکامـدا دیمـەنێکی دڵگیـر و بێوێنـەتان لـە میللەتێکی یەکدەنگ و یـەکگرتوو لـە پێش چاوە! ئـەو کۆمەڵـە کەسـەش کـە گـومڕا بـوون، هاکـا تێکـەڵمان بوونەوە، لەمەدا هیچ گومانێک نییە. چارەی ئەوانەش دەکەین کە ملهوڕی و سـەرپێچی دەکـەن! خـەڵکانێک بـە دڵنیاییيـەوە لـە دەرەوەی بەندیخانەکانیانـدا کـۆ بوونەتـەوە و لـە چاوەڕوانیـدان تـا لـەوێ گوێیـان لـە هاواری کەسێک بێ کە لە ژوورەوە ئیمانی هێناوە.

– کاریگەرە. ڕۆحی ئەوتۆ!

– بەڵێ، دنیا قەت شتی ئەوتۆی بە خۆوە نـەدیوە! ئەمـە لە نزایـەکی هاوبـەش دەچـێ و زۆر کـەس خەبـەردار ڕادەوەستن لە حاڵێکدا چاوەڕێی ئەوانە دەکەن کە بە دەم ناڵە و هاوارەوە ئیمان دێنن. ئـەوان لـە پێوەنـدی لەگەڵ ئەوەی لە پشت دەرگـا داخراوەکانـەوە بەسـەر

ڕەگـەزی خۆیانـدا دێ، هـەسـت بـە ڕێـز و حورمـەت دەکەن. ئیدی دیمەنێکی هەستبزوێنە. شتی لەم بابەتە تـەنیا هـەر لـە لای ئێمـە ڕوو دەدا. ئێمـە لـە هـیچ میللـەتێکی دیکـەی سـەر زەوی نـاچین! نـا، بـە هـیچ شێوەیەک!

– بـەڵێ، یەکجـار پێویسـتە کـە ئێمـە بـۆ خۆمـان خودایەکمان هەبێ، هەر دەسبەجێ. پیاو نـاتوانێ داوا بکا کە میللەتەکەمان خودایـەک بپەرستن کـە خـەڵکی دیکـە، ڕەگـەزە پەسـتەکان کـەڵکی لـێ وەردەگـرن. میللەتی ئێمە زۆر ئایینییە، بەڵام پێویستی بە خـودای خۆی هەیە! بیری خودایـەکی هاوبـەش بۆ هـەموان، گاڵتەیەکی ئاشکرایە بە ئەندێشـە و تێڕوانینی ئێمـە و لـە ئێستاشـەوە وەک هـەر تـاوانێکی دیکـەی نـەریتی سزای لەسەرە.

لەو کەشوهەوا نیوەتاریکەدا، کەسێکی ترسێنەر دەستی پـان دەکـردەوە و بـە دەم ڕیشـخەنێکی بێشـەرمانەوە سـواڵی دەکرد، کاتێک هیچیـان پـێ نـەدەدا، مێزەکـانی دەدانـە بـەر مشـتەکۆڵە و مـەی دەشـڵەقا و بـە وڵاتـدا دەپڕژا.

لەولاوە لە گۆشەیەکی سالۆنەکەوە چەند کـەس پێکـەوە لە دەوری مێزێک دانیشتبوون.

– ئەمـــە چ گوویەکـــە! خـــۆ ئێمـــە داوای بیـــرە و سووسیسمان کردووە کەچی ئێوە بـە شامپانییەوە

دێن. ئەمە چ بەزمورەزمێکە! چما پێتان وایە ئێمەش وەک ئەو بەرازە لەعنەتییانەی ئێرە میلیۆنێرین، ها!

– ببەخشن قوربان، وام زانی ئێوە لە چینی سەرەوەن...

– لە چینی گووش تەواو نیین! جارێکی دیکە باش ئاگادار بە، دەنا گوللەیەک بە تەختی نێوچاوانتەوە دەنێم هەتا لە خەو ڕاچەنی!

سەربازێک بە لەقەلەق هات و لە پەنای جەللاد خۆی بە عەرزدا دا و دەستی کرد بە چەنەوەڕی.

– تەمەشا ئەو سەروسەکوتە! ئەوە بۆچ جلوبەرگی نیزامیت لە بەردا نییە؟ تۆ سەیری کە، سەیر!...

کەسێک کە لە تەنیشتیان دانیشتبوو، بە چرپە گوتی:

– کورە دە وس بە.. نابینی ئەوە جەللادە...

– باشی دەبینم! بەڵام پێم وایە زۆر مەسخەرە دێتە بەرچاو!... ئەمە گۆیا جەللادە، ها؟ وەیش، باشە بە کەڵکی چی دێ! کورە ڕەشاش و نارنجۆک پێویستن!... شتی دیکە پێویستن، تێدەگەی؟ تۆ لە کاری دەستی نازانی، پێتەوە دیارە!

– بەس قسەی قۆڕ بکە! بەڵێ، دەزانێ، لە تۆ باشتریش. چەنەبازی مەکە، کوڕی باش. ئەتۆش و ئەویش هەردووکتان لە یەک چینن، خۆ تێدەگەی؟

– بەڵێ، بەڵام ئەو دەبێ ڕەشاش بە کار بێنێ، وەک گوتم! شتی مۆدێڕن و باش، تێدەگەی! ئەوجا ئیشی

باش دەچێتە پێش. تۆ دەبێ نیزامیپۆش بی، تێدەگەی، پیرەمێرد!

– کابرا، لەسەرخۆ شاتوشووت لێ بدە! تۆ بە قەد ئەو لەگەنەی من کە شەوانە میزی تێ دەکەم، شەڕت نەدیوە. بە سەر و قەیافەتەوە دیارە!

– بەڵام با بزانی دەیبینم! با بە دڵتەوە بنووسێ! ئەوجا دەمبینن، ها!

– بەڵێ، هیچ بە هیچەوە ناهێڵێ!

– ئەی چۆن، من و برادەرانی دیکە پێکەوە! بۆ ئاگاداریت، ئەوە کوڕەکانن کە لێی دەزانن، بە گیانی خۆت! لە هیچ شتێکیش ناترسین!

– دەمخۆش کوڕی باش!

– کوڕێکی باشە، هەرچەند ئەمشەو تۆزێک زۆری بیرە هەڵداوە. مایەی شادییە کە ئێمە گەنجێکی ئاوامان لە وڵاتدا هەیە! پیرەمێرد دەبزوێن...

– ئامان لە ئێوە پیرەمێردینە کە چۆن لا دەگرن... خۆ ئێوە هەر ئەوەندەی لێ دەزانن... بە سڵامەتیی تۆ، جەللاد! تۆم خۆش دەوێ! تۆ و من بەهەرحاڵ دنیا ڕێکوپێک دەکەین! بۆچ ناخۆیەوە؟ ئەوە ناڕاحەتم دەکا. چما خەمباری، ها؟

ئەوان لەولاوە لە پەنای مێزێک دایانە قاقای پێکەنین بە شێوەیەک میوانان و خزمەتکاران ئاوڕیان دایەوە. ژنێکی گەنج لە تاو پێکەنین تەواو بەسەر خۆیدا چەمایەوە.

– ئاشکرایە کە ئێمە دەبێ جەنگمان هەبێ! جەنگ سڵامەتییە! ئەو میللەتەی جەنگی ناوێ، میللەتێکی نەخۆشە!

– بەڵێ، ئاشتی، شتێکە بە کەڵکی منداڵەوردکە و نەخۆشان دێ، ئەوان ئاشتییان پێویستە، نەک ئینسانی ساغ و سڵامەت و گەورەساڵ!

– سەنگەر، تاکە شوێنێکە کە ئینسانی دروست و حیسابی تێیدا دەحەسێتەوە. پیاو لە کاتی ئاشتییشدا دەبێ هەر لە سەنگەردا بژی، نەک لە ماڵەوە کە تەنیا پیاو سست و لاواز دەکا.

– بەڵێ، بازاڕی جەنگ، دەبێ هەر گەرم بێ! دەمەوێ بڵێم، میللەتی تەندروست ناتوانێ لە دە ساڵ زیاتر بە بێ جەنگ هەڵ بکا. دەنا دەست بە تێکچوون دەکا، ئەمە ئەگەر تەندروست بێ.

– بەڵێ. ئەو کەسەش کە جەنگ دوایی پێ دێنێ، خەیانەتکارە!

– ئەوە ئاشکرایە!

– نەمان بۆ خەیانەتکاران! نەمان بۆ خەیانەتکاران!

– مەرگ بۆ ئەوان!

– بەڵێ تەنانەت ئەگەر هەر سەرکەوتنیش بە دەست بێنێ. چونکە لەم حاڵەتەدا بە دوور لە ویژدان، میللەتەکەی فڕێ دەداتە باوەشی نادیاری ئاشتییەوە. پیاو دەزانێ جەنگ چی شتێکە. بەڵام ئەو میللەتەی

لـە ئاشـتیدا دەژی، هەمیشـە هەڕەشـەی مەترسـییە نەناسراو و گونجاوەکانی لەسەرە.

- بەڵێ ئەوە ڕاستە.
- نـا، ئێمـە دەبـێ خۆمـان لـە چنگـی نـازونووز کـە چارەنووسـمان تێک دەدا، ڕزگـار بکـەین. منداڵـەکان دەبێ بۆ جەنگ بەخێو بکرێن. کاتێک فێری دارەدارە دەبن، دەبێ لە بنکەی سـەربازیدا فێری بن، نـەک لـە پشت سەری دایکیانەوە!
- بەڵێ، ئەو کارە بێگومان جێبەجێ دەبێ. ئێمە هەڵبەت ئاگامان لە منداڵەکانە و بە دەستی دایک و باوکانی نابەرپرسیاریان ناسپێرین.
- نا، بێگومان.
- بەم شێوەیە دەتوانین بە یـەکجاری لـە داهـاتوو دڵنیـا بین.
- بەڵێ!

پیاوێـک کـە ڕوخسـاری شـتی پێدا تـەقیبووەوە و تـەنیا بەشـــی خـــوارەوەی مـــابووەوە و ئـــەوەی دیکـــەی ســـووری دەکـــردەوە و داچۆڕابـــوو، بـــە گومانـــەوە لەسەر کورسییەکەی ڕاست بووەوە و گوتی:

- گوێم لێیە سەبارەت بە جەنگ قسە دەکەن. دڵم پاراو دەبێ! هیوادارم تەمەن مۆڵەتم بدا ئەو ڕۆژە بـە چـاو ببینم کە میللەتەکەمان جارێکی دیکە دەچێتەوە ئـەو گۆڕەپانە کۆن و پر لـە شـانازییەی جـەنگ! هـەروەها ئاواتـەخوازم کـە زانسـتی مۆدێرن ئەوەندە چووبێتـە

پێش کە تەنانەت منیش بتوانم لە گەڵتان بم! کەسێک کتێبێکی تازەبڵاوبۆوەی بۆ خوێندوومەتەوە کە ئینسان لەو باوەڕەدایە بتوانێ لە ڕێگای ڕۆحەوە بگاتە ئەو ئاستە کە ڕاستەوخۆ شت ببینێ و لەوەش تێپەڕێ، ڕاستەوخۆ لە ڕێگای ڕۆحەوە سێرە بگرێ. کە وا بوو، ئێوە لە ڕیزەکانی پێشی پێشەوەدا، بە چاوێکی دڵنیاوە، من دەبیننەوە، چونکە هاوڕێیان، ڕۆحی من ئێجگار سلامەتە و دەستی لێ نەدراوە!

– ئافەرین! ئافەرین!

– ئەوە شانازی بوو!

– بەشکۆیە!

– ئینسانی ئەوتۆ تەنیا لە سەردەمێکی مەزندا سەر هەڵدەدەن!

– بەڵێ، جەنگ مۆری ڕەسەنایەتی بە نێوچاوانی پیاوەوە دەنێ، وەک گوترا! پیاو دەتوانێ بیبینێ!

– شکۆدارە!

– شا ئەو میللەتە! هەڵبەت کۆڵنەدەرە!

– بەڵێ، ڕوون و ئاشکرایە کە ئێمە دەبێ ڕێسا و یاسامان بە هەموو دنیادا بڵاو کەینەوە! شتێکی جاڕزکەرە کە ئەو ڕێسا و یاسایە لای خۆمان ڕاگرین، هەر میللەتێکیش نەیەوێ قبووڵی کا، ئێمە لە ڕەگوڕیشەوە هەڵیدەکەنین.

- بێگومان. هەر لەبەر خاتری خۆیان. ئەو میللەتەی بڕی و ئەمە بە چاو نەبینێ، باشترە کە لە ڕەگوڕیشەوە هەڵکەنرێ.
- هەڵبەتە!
- دنیا، هەر ئەوەندەی تێبگا ئێمە مەبەستمان چییە، سوپاسمان دەکا.
- بەڵێ، بۆ مرۆڤایەتی یەکجار پێویستە کە پاش ماوەیەک هەموو ئەو شتانە کە لە ڕابوردوودا وەسەر یەکی ناوە، بڕووخێنێ! دەنا بە قەد منداڵێک ئەقڵی نییە. هەروەها ڕووخاندن ماندادارترە لە سازکردنی سادە و تەواو لەباوکەوتوو. ئەمە سەردەمە مەزن و پڕ لە شانازییەکانە! هەمیشە ئەو کەسە بچووک و چالاکانە بوونیان دەبێ کە مێروولەئاسا دنیا ساز دەکەن، جا بە قوربان، پێویست ناکا پیاو خەمی بۆ بخوا. بەڵام ئەو ڕۆحە بەجەرگانە کە لە چاوترووکانێکدا دنیای بچووک و ماڵۆچکەئاسای مرۆڤەکان وێران دەکەن بە شێوەیەک کە پیاو دەبێ سەرلەنوێ دەست پێ بکاتەوە، ئەوانە نایابن، ئەوانە تەنیا لە کاتێکدا دێن کە ئێمە شایانیان بین.
- بەڵێ، میللەتی ئێمە یەکپارچە تەندروستە! بۆیە ئەو شەهامەتە ئەخلاقییەی هەیە کە بێپەردە بڵێ: ئەوەی کە خەڵکی دیکە ناوی دەنێ زوڵم، ئێمە خۆشمان دەوێ. تەنیا ڕەگەزە لاواز و ناڕەسەنەکانن کە

خۆیان لە زوڵم دەبوێرن. هەموو میللەتێکی بەهێز بە دڵ پێی خۆشە قامچیی لەسەر پشت بێ و چێژی لێ ببینێ!

– بەڵێ، ڕاستە! لە هەمووی دڵخۆشکەرتر ئەوەیە کە لاوان لە ڕیزی خۆماندا دەبینین! ئێمە پشت بە لاوان دەبەستین! ئەو لاوە ئازا و دوور لە سۆز و مۆدێرنانە! لە هەموو لایەک، ئەو لایەنە خاوەندەستەڵاتانە پشتیوانیمان لێ دەکەن! لاوە قارەمانەکان...!

– بەڵێ، چ ئازایەتییەکیان هەیە!

– ئەرێ کەسێک قسەی کرد؟... ئەها، وامزانی کەسێک قسەی کرد.

لەولاوە، لە لای دەرگای هاتنەژوورەوەدا جەنجاڵ ساز بووبوو. خەڵک کەوتنە سرتەسرت و هەستان و دەستیان هەڵبڕی. هەموو نیگاکان بۆ هەمان لا وەرگەڕان. ژاوەژاوێک ساڵۆنەکەی تەنی.

– هایڵ پیاوکوژەکان! هایڵ پیاوکوژەکان!

دوو پیاوی گەنجی تەڕپۆش، کە لەبەردڵان بوون و سەروسەکوتێکی تا ئەندازەیەک ئاساییان هەبوو، بەنێو ڕیزی دەستدا چوونە پێش و بە دەم زەردەخەنەوە سوپاسی لای ڕاست و چەپیان کرد. هەموو هۆڵەکە هەستابووە سەر پێ، مۆسیقای سەما تەواو بوو و لەجیاتی ئەو، ئۆرکێسترایەکی ماقووڵ سروودێکی لێ دا کە هەر بە پێوە گوێی لێ

ڕاگیرا. لەو کات و ساتەدا، سێ خزمەتکار بە هەڵەداوان و بە بێدەنگی بەرەو پیریی ئەو کەسانەوە چوون کە تازە دەهاتنە ژوورەوە و سەرکارگەرێکیش کە لە دواوە دەهات، مێزێکی، کە چەند پەرداخێک بیرە و تونگەیەک شەرابی سووری لەسەر بوو- بەسەر چەند خانمێکدا قەلْپ کردەوە و خانمەکانیش بە دەنگێکی نزم و بەجۆشەوە داوای لێبوردنە بەپەلەکەیان، لە حاڵێکدا بە دەم غاردانەوە دەیگوت، لە کۆڵ خۆیان کردەوە. شوێنێک بۆ دانیشتن نەمابووەوە بەڵام چەند میوانێک کەوتنە ڕێ و بۆ ماڵی خۆیان چوونەوە و دوو پیاوە گەنجەکەیش مێزەکەیان گرتن و لێی دانیشتن.

– کورە گووی تێ بێ، دەچیتە هەر جێیەک، دەسبەجێ دەتناسنەوە.

ئەوی دیکە دووکەڵی جگەرەکەی بە هەوادا بڵاو کردەوە و قاچی بۆ ژێر مێزەکە ڕاکێشا و لە حاڵێکدا چاوەڕێی ئەو شتانەیان دەکرد کە داوایان کردبوو، گوتی:

– بەڵێ، تف لە وەزعی وا، پێم وایە خراپمان لەسەر دەکەوێ.

– بەڵێ، ئەگەر بمانزانیبا بوون بە پیاوکوژ هێندەی دەردیسەر هەیە، پێم وایە ئەو کابرایەمان قەت

نەدەکوشت. لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێن گوایە بنیادەمێکی میهرەبان بووە.

– بەڵێ، بەڵام بە قەڵافەتیدا دیار بوو لە خۆمان نییە.

– بێگومان. سەر و قەیافەی زۆر ناحەز بوو.

ئۆرکێسترای ڕەشپێستەکان جارێکی دیکە جازی خۆی دەست پێ کردەوە و ژنێکی لەڕولاواز کە منداڵێکی لە چارۆکەیەک پێچابوو، بەنێو هۆڵەکەدا هات و چوو بە بێ ئەوەی تەنانەت کارمەندەکانیش هەستی پێ بکەن، بە شێوەیەک دوای ساتێک توانیی دووبارە بچێتە دەرەوە.

– ئەرێ ئەمشەو دێی تەرم بار کەین؟

– تەرم بار کەین؟

– بەڵێ، چەند خەیانەتکارێک کە دژ بە بیروڕای نوێی جیهانی بوون، لە گۆڕستانی کلێسا دەبەینە باتلاخێک کە بۆ ئەوان ئەوێ باشترە.

– ئاخر...

– ئاخر و ماخری چی؟ ناتەوێ؟

– نازانم... بە چ مەبەستێک؟

– بە چ مەبەستێک؟ بە مەبەستی جووڵانەوەکەمان، هاوڕێ!

– ئاخر... ئاخر ئەوان پێش ئەوەی ئێمە دەست پێ بکەین، مردبوون.

– کە چی، ها؟

– نازانم... پێم وایە زۆر ناخۆشە.

– ئەوە تۆ دەڵێی چی؟! ناتەوێ! سەرپێچی دەکەی؟!

– سەرپێچی؟ من تەنیا دەڵێم کە پێم وایە قورسە.

– قورس؟ ڕەنگە پێت وا بێ ئەمە کارێکی گەمژانەیە؟

– نا، مەبەستم ئەوە نییە.

– بڵێ بزانم، مەبەستی تۆ لە ڕاستیدا چییە؟ قسەی دڵت بکە، دەی!

– مەبەستی من چییە؟ کورە تۆ چیت لێم دەوێ لامەسسەب!

– ئەوە تۆ سەرپێچی لە بڕیار دەکەی! وا بزانم بیری هیچوپووچ لە مێشکتدا دەخولێتەوە، ها؟

– دەڵێم، لە کۆڵم بەوە!

– نا، لێرە بەو ئاسانییە لە کۆڵت نابنەوە!

– لە کۆڵم ببنەوە، حەرامزادینە!

– گوێتان لێ بوو چیی پێ گوتین!

– کورە هەی بێحەیا! سەرپێچی دەکەی!... بیر لەوە دەکەیتەوە ببیتە خۆفرۆش!...

– من سەرپێچیم نەکردووە!

– با، کردووتە!

– بەسە چیی دی لەگەڵ خۆفرۆشاندا هێند دەمەقاڵە مەکە. باسوخواس، تەواو!

دەنگی گوللەیەک و ترپەیەکی قورس بیسترا.

– تەرمەکە ببەنە دەرەوە.

– نا، لێی گەڕێ با لەوێ بکەوێ، ڕێی لە کەس نەگرتووە.

جاز لەپەستا زرمەی هات و درێژەی پێ درا، کچێکی گەنج کە ملێکی باریکی هەبوو، سەری وەرگێڕا و پرسیی:

– شتێک ڕووی دا؟

– دیارە کەسێکیان بە گوللە پێکا.

– ئەها.

دەستەیەک لە دەوری مێزێک دوورەپەرێز دانیشتبوون.

– دەزانن من پێم وایە سبەینێ چ دەبێ، ها؟ ئەوەی کە ئەوان زۆری لەبارەوە دەدوێن..؟

– نا، چ دەبێ؟

– شتێک ڕوو دەدا یەکجار جیاواز لەوەی ئەو چڵمنانە بیری لێ دەکەنەوە.

– دەسا چی؟

– ڕاوەستە...

جگەرەیەکی پێچپایەوە، بە هیی کەسێکی دیکە دایگیرساند و وردکە تووتنەکانی تف کردەوە.

– کاتێک پێویست بێ، ئێمەش دەتوانین دەست لە پەلەپیتکەی تفەنگ بدەین. لەگەڵ ئەوەشدا خودا دەزانێ کە ئەوە ئێمە بووین میتۆدەکەمان فێر کردن.. گوتمان ئێستا پێویستە فێری بن.

– کورە کاری لەو چەشنە ئاسایی بۆتەوە و ئێستا ئیدی هەموو کەسێک ئەو توانستەی هەیە.

– بێگومان.

– زۆر خۆش دەبوو ئەگەر مرۆڤایەتی نەختێکی دیکە بژار بکرایە، وا نییە؟ هەڵبەت ئەم کارە لەوانەیە پێویست بێ.

– بەڵێ، شتێک نییە ڕێم لێ بگرێ لەگەڵت نەبم.

ژنێکی جحێڵ هات و بە هێمنی لە پەنای جەللاد دانیشت. لە گەدا و سواڵکەر دەچوو بەڵام هەر کە چارشێوەکەی لەسەر خۆی لابرد، ڕوخساری یەکجار سەیر درەوشایەوە. بە هێمنی دەستی لەسەر دەستی جەللاد دانا و ئەو ئاوڕی لێ دایەوە.. بێگومان ئەم ژنە تاکەکەس بوو کە جەللاد هەمیشە سەیری دەکرد. لەبارەی ئەم ژنەوە دواتر باسوخواس دێتە گۆڕێ.

مۆسیقا گۆڕا، لەو سەری ساڵۆنەکەوە، ئۆرکێسترا باشترەکە تانگۆیەکی[1] هەستبزوێنی لەسەر بنەمای ئاوازێکی کلاسیک لێ دا. ساڵۆنەکە بارودۆخێکی هێمن و پڕ جۆشوخرۆشی بە خۆیەوە گرتبوو، بەڵام پیاوێک لە پڕ تەنگەتاو بوو و ناچار بوو بچێ بۆ ئاودەستخانە. کە گەڕایەوە، ڕەشپێستەکانی بینی لە پشت تەختەی شانۆکەیانەوە لە پەنای مێزێک دانیشتوون و بە پەلەپەل و هەڵپەهەڵپ ساندویچ دەخۆن. ڕوخساری خوێنی تێ زا و سوور هەڵگەڕا و لێیان چووە پێشەوە.

– ئەرێ ئەوە خەریکی چین، توخمە سەگانە! دانیشتوون لەگەڵ ئەو پیاوە سپیپێستانە نان دەخۆن!

---

[1] Tango

ئەوان بە حەپەساوییەوە ئاوڕیان دایەوە. یەکێکیان، کە لەوانی دیکە زیاتر لە پیاوەکەوە نزیک بوو، لەسەر کورسییەکەی ئەمبارەوبار بوو و گوتی:

– چی؟ گەورەم مەبەستتان چییە؟...

– مەبەستم چییە! تۆ حەدت چییە لێرە دانیشی و نان بخۆی، هەی مەیموونی بۆگەنیو!

کابرای ڕەشپێست وەک برووسکە لە شوێنی خۆی ڕاپەڕی و چاوی چووە تۆقی سەری، بەڵام زاتی نەکرد هیچ بکا.

پیاوە تووڕەکە ڕووی لە ئامادەبووان کرد و پڕ بە دەم هاواری کرد:

– سەیر کەن خەڵکینە، سەیر کەن!

خەڵکەکەش بە هەڵەداوان چوونە پێشەوە و بە دەوری ئەو و ڕەشپێستەکاندا کۆمیلکەیان بەست.

کابرا درێژەی دا:

– ئەرێ ئێوە شتی واتان دیوە! کورە زۆر سەیرە! ئەو مەیموونانە دانیشتوون و لەنێو **ئێمە**دا نان دەخۆن!

هەراوهوریایەکی پڕ لە توندوتیژی سەریهەڵدا.

– لەو بێشەرمییە! کە سەیرە! ئەرێ بە ڕای ئێوە، ئێرە ئاغەڵی مەیموونانە؟! پێتان وا نییە لەوە دەچێ!

یەکێک لە ڕەشپێستەکان گوتی:

– هەڵبەت ئێمەش دەبێ وەک بوونەوەرانی دیکە نان بخۆین!

– بەڵام لەنێو خەڵکدا نا، سەگی خوێڕی!

– نان بخۆین! ئێوە لێرەن بۆ ئەوەی مۆسیقامان بۆ لێ بدەن! نەک بۆ ئەوەی نان بخۆن!

– ئێوە ئەو شانازییەتان بۆتە نسیب کە بۆ ئێمە مۆسیقا لێ دەدەن، چونکە ئێمە پێمان خۆشە چێژ لە مۆسیقای ئێوە ببینین! بەڵام ئێوە پیاوی چاک بن و باش هەڵسوکەوت بکەن، ئەگینا بە بێ لێپرسینەوە و دادگاییکردن، هەڵدەواسرێن! تێگەیشتن!؟

– یاڵڵا هەستن بۆ شوێنی خۆتان، دەی!

– ئێ! ئەوە چاوەڕێی چ دەکەن!

ڕەشپێستەکان هیچ بزووتنێکیان بە نیشانەی ملدان بۆ فەرمانەکانیان نیشان نەدا.

پیاوێکی بەڕێزی بەشکۆ بە سەروسەکوتێکی ماقووڵەوە گوتی:

– ئەمە ئیدی خۆی لە خۆیدا بەربەرەکانێیەکی جوانە، بەڕێزان!

– کورە بابە! ئاخر ئەمانەش بوون بە شت!

– هەستن دەی!.. یاڵڵا بۆ سەر تەختەی شانۆ!

– ئێمە برسیمانە! دەبێ نان بخۆین هەتا بتوانین مۆسیقا لێ بدەین!

– برسیتانە! ئەرێ خۆ گوێتان لێ بوو، ها!

ڕەشپێستێکی تێکسمڕاو بە نیگایەکی هەڕەشەئامێزەوە گوتی:

– بەڵێ، دەبێ نان بخۆین! هەروەها ئەوەش حەقی خۆمانە.

- حەق! تۆش حەقومەقت هەیە، ها؟! ئاگات لە دەمی خۆت بێ!

کابرای ڕەشپێست لە حاڵێکدا لێی دەچووە پێشەوە، گوتی:

- بەڵێ، هەمە!
- چی! بەو شێوەیە وەڵامی سپیپێست دەدەیتەوە، خوێڕیی بێئەدەب!

ئەوجا یەکسەر بە بناگوێی ڕەشپێستەکەیدا کێشا.
کابرای ڕەشپێست خۆی گرمۆڵە کرد، ڕاوەستا و وەک جانەوەرێک لەرزی، دواتر لە پڕ و برووسکەئاسا بازی دا پێشەوە و مشتێکی وای لە کابرای سپیپێست دا کە بە پشتدا کەوتە سەر عەرز.
بوو بە هەرایەک نەبێتەوە. خەڵک هەموو ڕژانە ئەوێوە، تەواوی هۆڵەکە بە دڕندانەترین هەڵچوونەوە هاتن. ڕەشپێستەکان بوون بە دەستەیەک و پاڵیان بە یەکترەوە دا، هەڵکوڕماو و ئامادە، چاویان پەڕیبووە تۆقی سەریان و ددانی سپییان لە چیرەوە دەبرد، دەتگوت کۆمەڵێک جانەوەری تازەی سەیروسەمەرەن لەنێو دارستانی مرۆڤاندا. گوللەیەک تەقێنرا و کەسێک لەنێو ئەو دەستەیەوە، گەوزاو لە خوێندا، بە دەم هاوارەوە دەرپەڕییە نێو سپیپێستەکان و هەرچییەکی بەر دەست کەوت، بە تووڕەیی لێی دا. ئەوانی دیکە بە هاوار و داد و بێدادەوە دوای کەوتن، بەڵام دەمانچەکان بردنیە دواوە، تەقە و زرمەی بێپسانەوەی گوللە دەهات

و ئەوانیش بە جەستەی خوێناوییەوە خۆیان لە پشت کورسی و مێزەکاندا گرمۆڵەی سەر زەوی دەکرد.

پیاوێکی خۆشسەروسیما کە قژی کاڵ بوو، لە حاڵێکدا بە دەمانچە براونینگەکەی ڕوو بە حەشارگەکەی ئەوان تەقەی دەکرد، هاواری کرد:

– دەتانەوێ مۆسیقا لێ بدەن، ها!؟

ڕەشپێستەکان هاواریان کرد:

– نا!

کەسێک، بۆ ئەوەی نەختێک هێمنیان بکاتەوە، هاواری کرد:

– خۆ ئێمە ئۆرکێسترایەکی دیکەمان هەیە! خۆ یەکێکی دیکە هەیە!

– بە زیادم نەکرد بۆ سۆز و عاتیفەیەکی هەتە! ئەمانە دەبێ مۆسیقا لێ بدەن! هەستن هەی مەیموونینە!

لە پەناگاکانیان هەڵیانساندن و دیسانەوە هەراوهوریا دەستی پێ کردەوە، لە ئەوەڵ خراپتر. پشێوییەکی شەیتانە هەموو لایەکی گرتبووەوە. شت لە چەشنی مووشەکی کوشندە بە هەوادا دەخولایەوە، لەشفرۆشەکان لەسەر کورسییەکان ڕاوەستابوون و دەیانقیژاند. ڕەشپێست لەمپەڕ و ئەوپەڕی هۆڵەکەوە ڕاوەدوو دەنران.

– نەکەن کورە، بە لەعنەت بن! خۆ ئێمەش خاوەن شارستانیەتین...!

– چی؟! دا جارێکی کە ئەو وشەیە بڵێوە، با قوربانی گوللەیەکت کەم!

– شارستانییەت، گەنوگوو خواردن!

ڕەشپێستێکی تێکسمڕاو، هەر ئەوەی کە مشتەکەی وەشاند، وەک پیاوێک ئاگری چووبێتە کەوڵ، دەرپەڕییە نێو هۆڵەکە، هەرچییەکی دەهاتە سەر ڕێ، بە قاچ و پێلەقە تێی هەڵدەدا و بە ڕاست و چەپدا چەکی کوشندەی دەوەشاند هەتا گوللەیەک، کە ڕاست نیشانەی لێ گرتبوو- خستیە سەر عەرز، دەستی بە سینگیەوە گرت و بە دەم بزەیەکی گەورە و بەتاڵەوە بە لادا هات. ئەوانەی مابوونەوە، هێزی پەرشوبڵاوی خۆیان کۆ کردەوە، کورسییەکانیان وەک ئامێری شەڕ و کوشتار بە دەستەوە گرت و بە سەر و کەللەی ئەو کەسانەیاندا دەدا کە بەرەو ڕوویان دەچوون. بە توورەیییەکی کوێرانە، بە ڕقێک کە لە سپیاتیی چاوەکانیانەوە دەدرەوشایەوە، تێکۆشان هەتا لە پەلوپۆ کەوتن. شەڕکەرێکی نیزامیپۆش بەسەر ڕەشپێستێکی نیوەگیاندا، کە کەوتبووە سەر عەرز و قەپی لە قاچی گیر کردبوو، دەینەڕاند: گاز دەگری، بێچارەی ترسنۆک؟!

پاشان لووتی تفەنگەکەی بۆ لای وەرچەرخاند و گوللەیەکی پێوە نا. ڕەشەکان هاواری ترسێنەر و سەیروسەمەرەی شەڕیان لێ هەڵسا وەک لە دارستانی چڕوپڕەوە بێ، بەڵام سپییەکان دیار بوو ناترسێن،

ئـەوان توانییـان تـەنیا بـە چـەکـەکانیان بەربـەرەکانێیان لەگەڵ بکەن. گوللـە، چەشنی ڕەشاشـە لە دەمانچەکانـەوە دەتــەقی. ئــاپۆرەی شــەڕێکی تــووڕە هــەموو لایــەکی گرتبووەوە.

دوو پیاوکوژە گەنجەکە بەشدارییان نەکرد، بەڵکوو تەنیا دانیشتن و لـەزەتیان بـرد، ئـەوان ئـەرکی خۆیـان ئـەنجام دابوو.

لــە ئاکامــدا ئــەو ڕەشپێســتانەی زینــدوو مابوونــەوە، ڕاپێچی قوژبنێک کران و دەورە دران. ئـەوان نـەیانتوانی چیـی دیکـە بـەرگری بکـەن، ناچـار بـوون خۆیـان بـە دەستەوە بدەن.

سپیپێستەکان بە دەم هەناسەبڕکێوە گوتیان:

– ئاوەها!

– بۆ سـەر تەختەی شانۆ!

ڕەشپێستەکان بۆ سـەر شانۆ درانە پێش و ناچار کـران سازەکانیان بە دەستەوە بگرن.

پیـــاوێکی بـــەهێز کـــە جلوبـــەرگێکی زۆر جـــوان و مەجلیسـیانەی کردبـووە بـەر، بەرامبـەر ئـەوان لەسـەر کورسـییەک دانیشـت و هـەردوو لاقـی بـڵاو کـردەوە و لوولـەی دەمانچەکەی تێ کردن، گوتی:

– ئەوەی ساز لێ نەدا، دەکوژرێ!

ئیدی ڕەشپێستەکان سازیان لێ دا. دڕندانە، ناخۆش، بـە چـاوی دەرپۆقیـو و ڕوخسـار و دەسـتی خوێناوییـەوە، ڕقهەستاو سازیان لـێ دا. مۆسـیقایەک بـوو پێشـتر قـەت

نەبیســـترابوو، تـــوورِە و ترســـێنەر، وەک هـــاواری شـەوانەی نێو دارسـتان و دەنگـی دەهـۆڵی مـەرگ ئـەو کاتـــەی خێڵـــەکان دوای خۆرئـــاوابوون لـــە دارســـتانی چرِوپـــرِدا کـــۆ دەبنـــەوە. رِەشپێســـتێکی کەڵەگـــەت و تێکسـمرِاو کـە ددانـی لـە چیـرِەوە بردبـوو، لـە رِیـزی پێشـــەوە شـــێت و هـــار بووبـــوو و بـــە تـــوورِەیی لـــە تەپڵـــەکـــانی دەدا. خـــوێن، لـــە برینێکـــی ســـەریەوە بـــۆ خـوارەوە بـە لاملیـدا چۆرِاوگـەی بەسـتبوو و کراسـە هەڵدرِاوەکـەی سـووری دەکـردەوە. ئـەو بـەو مشـتە مەزنانەی کە شەلاڵی خوێن بوون، لە پەستا لێی دەدا و ســازی ئــەوانی دیکــەش تێکــەڵ دەبــوو، دەتگــوت تاقــە هاوارێکی گێژ و نارِوونە.

– زۆر باشە! زۆر باشە!

سپیپێســتەکان هەڵپــەرِین، لەگــەڵ مۆســیقاکەدا بــەملا و بـەولادا سـەما و بازبازێنیـان کـرد. سـەما و هەڵپـەرِین هـەموو شـوێنێکی ئـەو هۆڵـە مەزنـەی گرتبـووەوە. هـەر دەتگوت مەنجەڵی سەر ئاگری پیرەژنی جادووبازە کە دەکوڵێ و چەپۆکانیەتی. رِوخسارەکان دوای شـەرِەکە و لەبـــەر گـــەرمای هۆڵەکـــە ســـوور بووبوونـــەوە. بـــۆنی وشـــکەئارەقی جەســـتە ئـــەو نێـــوەی تـــەنیبوو، ئـــەو نیوەگیانانـەی بـە لادا هـاتبوون و لـەنێوان مێزەکانـدا لـە گیانـــەڵادا بـــوون، لەلایـــەن ژن و پیاوانـــەوە کـــە بـــە دەم مۆسـیقای جازەوە هەڵدەپـەرِین، شـەپیان تـێ هەڵـدەدرا. گڵۆپە خرِەکە بە بنمیچەکـەوە دەخولایـەوە و رِووناکیی

خۆی بە هەموو ڕەنگێک بەسەر ئەو خەڵکەی گەرم داهاتبوون، بڵاو دەکردەوە. ژنەکان لە هەوەس و جوانیدا دەدرەوشانەوە، نیگا گەرمەکانیان دەگرتە ئەو ڕەشپێستە کەڵەگەتەی خوێنی لە بەر دەچۆڕا و لنگیان بەنێو قاچی هاودەمەکانیاندا دەکرد، پیاوەکان بە گەرموگوڕییەوە خۆیان بە بەر و ناوگەڵی ژنەکاندا دەنووساند، بە نیگای ژنەکان و لە خۆشیی ئەو دەمانچە گەرمە کە وەک کێرێکی زیادەی دووکەڵکەر بە لاقەدیانەوە هەڵواسرابوو و بەملاو بەولادا تەکەی دەهات، گەرم داهاتبوون. بەزم و گەرموگوڕییەک بوو، بێهاوتا.

پیاوێکی سەرخۆش و سوورهەڵگەڕاو کە ئێخەی کراسەکەی لە پێکدادانەدا دڕابوو، لەولای جەللادەوە چووە سەر مێزێک و دەمانچەکەی بە هەوادا ڕاوەشاند.

– سەرکەوتن هیی ئێمەیە، هاوڕێیان! بێسوودە ئەگەر کەسێک دژ بە ئێمە بوەستێتەوە! ڕێسا! دیسپلین! لەو دوو نیشانەیەوە سەر دەکەوین! لەسەر ئەو دوو بنەمایە فەرمانڕەواییی خۆمان بنیات دەنێین!

دەستی ڕادەوەشاند و هاواری دەکرد، خەڵک لە دەوری کۆ بوونەوە هەتا گوێیان لێ بێ.

– هەروەها لەم ڕۆژە پڕ لە شانازییەدا کە ئێمە باڵادەستیی ڕەگەزی خۆمان بەسەر هەر ڕەگەزێکی دیکەدا پاراست، ئەو بەختەوەری و شانازییەمان بۆتە نسیب کە نوێنەری ئەو شتەی ئێمە لە ژیاندا

بەرزترین ڕێزمان بۆی هەیە، لەنێو خۆماندا ببینین!
جەللاد لێرە لە نێوەڕاستی ئێمەدایە! ئێمە سەربەرزین کە لێرە ئەومان لەگەڵە. چونکە ئەوە نیشان دەدا، نەکا پێشتر نەمانزانیبێ- کە ئێمە لە سەردەمێکی مەزندا دەژیین! کە سەردەمی ڕیسوایی وبێهێزی تێپەڕیوە و بەیانێکی نوێ وا خەریکە بۆ مرۆڤایەتی دادێ! سیمای بەهێزی ئەو پڕمان دەکا لە هیواداری و غیرەت! ئەو ڕێبەریمان دەکا، تاکە کەسێک کە ئێمە شوێنی دەکەوین، هەر ئەوە!

ئێمە، وێڕای هێما پیرۆزەکان، وێڕای ڕەمزەکانی ئەو شتەی کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەست بە چەرخێکی دیکە دەکا و لە ژیاندا بۆ ئێمە پیرۆزترین و گرانترینە، سڵاوت لێ دەکەین، ئەی ڕێبەری ئێمە! خوێن، ڕەنگی مرۆڤە! هەروەها دەزانین کە ئێمە شایستەی تۆین! دەزانین کە تۆ دەتوانی باوەڕمان پێ بکەی کاتێک بە دەم "هایڵ! هایڵ!"ی خۆمانەوە هەلهەلەت بۆ لێ دەدەین.

پیاوەکە لە مێزەکە پەڕییە خوارەوە و بە ڕوخساری سوور و بە دەم هەناسەبڕکێوە بەرەو لای ئەو کەسە چوو کە ستایشی کردبوو.

جەللاد بێ ئەوەی سەری هەڵبڕێ، سەیری کرد، خۆی نەجووڵاندەوە و هیچ وەڵامی نەدایەوە.

کابرای گڕگرتوو تۆزێک لەم کارە سەری سووڕ ما، نەیدەزانی چی بکا و چ شتێک درێژە پێ بدا. باڵی بەرز کردەوە، نەختێک بە گومانەوە هاواری کردەوە:

– هایڵ!

خەڵکەکەی دەوروبەری هەموو وەک ئەویان کرد.

جەللاد بێ ئەوەی وشەیەک بڵێ، سەیری کردن.

خەڵک بە گومانەوە پرسیاریان کرد:

– بەڵام... بەڵام چما تۆ جەللاد نییت؟

ئەو کەسە کە ئەوان ڕووی دەمیان تێ کردبوو، دەستی لەسەر نێوچاوانی، لەو شوێنە کە نیشانەی جەللادیی لێ هەڵکەندرابوو، لابرد. خۆشی بەنێو خەڵکەکەدا شنایەوە.

ئەو گوتی:

– با، من جەللادم!

پاشان هەستایە سەر پێ، لەو جلوبەرگە خوێنڕەنگەیدا، تێکسمڕاو و ترسێنەر بوو. نیگای هەموو ئەو خەڵکە گواسترایە لای ئەو و لەو هۆڵە پڕ لە زرموکوت و غەڵبەغەڵبەدا، بێدەنگی بە شێوەیەک زاڵ بوو، پیاو دەیتوانی دەنگی هەناسەی جەللاد ببیستێ.

– هەر لە کاتی سەرهەڵدانی زەماندا، من ئاگاداری پیشەی خۆم بووم و هەڵبەت لەوە ناچێ تا زەمانێکی دیکەش لێی ببمەوە. هەزاران ساڵ تێدەپەڕن، میللەتان سەر هەڵدەدەن و میللەتان دیسانەوە لە شەودا ون دەبن، بەڵام من لە پاش

هەموو ئەوانە دەمێنمەوە و خۆم دەبینم کە بە خوێن سوورم، من تاکەکەسێکم کە پیربوونم بۆ نییە. بە ئیمانەوە دوای ڕێگای مرۆڤەکان دەکەوم و هیچ توولەڕێیەک نییە ئەوان پێیدا چووبن و ئەوەندە شاراوە بێ من ڕێم تێی نەکەوتبێ و ئاگرێکی سووتێنەرم تێدا نەکردبێتەوە و لەوێ، زەویم بە خوێن پاراو نەکردبێ. من لە ئەزەلەوە لەگەڵتان بووم و هەتا کاتتان دەچێتە سەر، هەر لەگەڵتان دەبم. کاتێک کە ئێوە یەکەم جار نیگاتان بۆ ئاسمان وەرگێڕا و هەستتان بە خودا کرد، من برایەکم بۆتان داپاچی و کردمە قوربانی. هێشتا ئەو درەختە زریانلێدراوانە و ڕۆشناییی ئاگرەکەم لە بیرە کە لە ڕوخسارتانی دەدا کاتێک من دڵی ئەوم هێنایە دەرەوە و بەرەو بڵێسەی ئاگرەکەم تووڕ هەڵدا. لەو دەمەوە، زۆرم کردوونەتە قوربانی، بۆ خوداکان و شەیتانەکان، بۆ بەهەشت و دۆزەخەکان، تاوانباران و بێتاوانانی ئێجگار زۆر و لەژمارەنەهاتوو. میللەتگەلێکم لەسەر زەوی تەفروتوونا کردوون، وڵاتگەلێکم وێران کردوون و کردوومن بە وێرانە. هەموو ئەو شتانەی ئێوە داواتان لێ کردووم. سەردەمانێک تا سەر گۆڕستانەکان چوومە و ساتێک لەوێ ڕاوەستاوم و پاڵم بە شمشێرە لە خوێنهەڵکێشراوەکەمەوە داوە تا نەوە نوێیەکان بە دەنگە گەنج و بێتاقەتەکانیان بانگیان لێ کردووم.

خەڵکێکی زۆرم داونەتە بەر قامچی تا ڕادەیەک کە خوێنیان لێ تکاوە و ورتە و دەنگە نیگەرانەکانیانم بۆ هەمیشە کپ کردووە. فاڵچی و ڕزگارکەرانم بە ئاگری بێئاییینی سووتاندووە. سێبەری شەو و تاریکیم بەسەر ژیانی مرۆڤدا کێشاوە. من تەواوی ئەوانەم بۆ ئێوە کردووە.

بەم حاڵەشەوە خەڵک هەر هاوارم لێ دەکەن و منیش دێم. بەسەر وڵاتاندا چاو دەگێڕم... تاو بەسەر زەویدا هەڵاتووە و گەرمی داهێناوە و قیڕەی باڵندە نەخۆشەکان بە هەواوە دەبیسترێ. ئەوە ئیدی کاتی تێکئاڵان و لێک نزیکبوونەوەی شەڕە! ئەوە ئیدی کاتی جەللادە!

خۆر دەچێتە ژێر هەوری خنکێنەرەوە و گۆی بێوزەی دەیبەستێ و شەیتانییانە دەدرەوشێتەوە. ترساو و بێزار بەسەر زەویدا ڕادەخوشێم و بەروبوومم خڕ دەکەمەوە.. نیشانەی تاوان وا بەسەر تەوێڵمەوە هەڵکەنراوە، منیش خۆم تاوانبارم، مەحکوومم بە زەمەنی ئەبەدی. لەپیناو ئێوەدا.

من مەحکوومم خزمەتی ئێوە بکەم. هەروەها لە خزمەتەکەمدا وەفادار بم. خوێنی هەزاران هەزار ساڵم پێوەیە.

ڕۆحم لەبەر خاتری ئێوە پڕاوپڕە لە خوێن! بەرچاوم تاریکە و ناتوانم ببینم، ئەو کاتەی هاوارێک لە بێشەڵانی مرۆڤانەوە دەگاتە لام. من هەڵدەچم و هەموو شتێک تێکوپێک دەدەم وەک چۆن ئێوە دەتانەوێ، وەک چۆن

ئێوە هاوارم لێ دەکەن! من بە خوێنی ئێوە کوێرم! کوێرێک، گیرخواردوو لە ناخی ئێوەدا! ئێوە ئەو زیندانەی منن کە ناتوانم لێی دەرباز بم!

کاتێک لە خانووی جەللادیدا لە پەنای پەنجەرە لێڵەکەم ڕادەوەستم و دەبینم شەوانە لە دەرەوە مێرگەکان کڕوکپ و بێدەنگ لەگەڵ گوڵەکان و درەختەکان لەو ئاشتییە سەیر و مەزنەدا گیرساونەتەوە، ئەو دەمانە هەر دەڵێی چارەنووسم دەمخنکێنێ. ئەگەر ئەو لێرە لە پەنام نەوەستابا، من هەرەسم دەهێنا.

جەللاد سەیری ئەوی کرد... سەیری ئەو ژنە هەژارەی کرد کە لە سواڵکەر دەچوو، نیگای لە نیگای گیر کرد.

– من ڕوو وەردەگێڕم... چونکە ناتوانم بەرگە بگرم و ببینم دنیا هێند دڵڕفێنە. بەڵام ئەو هەر ڕادەوەستێ و سەیری ئەوێ دەکا هەتا تاریکایی دادێ.

ئەو وەک من لە ماڵە هاوبەشەکەماندا ئەسیرە، بەڵام ئەو دەتوانێ جوانییەکانی ژیان ببینێ و سەرەڕای ئەوەش بژی.

ئەو ماڵی جەللاد خاوێن و ڕێکوپێک ڕادەگرێ وەک بڵێی مەنزڵی ئینسانییە. سفرەیەک لەسەر ئەو مێزە، کە من نانی لەسەر دەخۆم، ڕادەخا. من نازانم ئەو کێیە، بەڵام ئەو لەگەڵم باشە.

کە تاریکایی دادێ، دەست بەسەر تەوێڵمدا دێنێ و دەڵێ کە داغی جەللادی چیی دی شوێنەواری نەماوە. ئەو لە هیچ کەسێکی دیکە ناچێ، ئەو دەتوانێ منی خۆش بوێ.

هەواڵیم لە خەڵک پرسیوە، بەڵام کەس نایناسێ.
ئەرێ کەسێک دەتوانێ پێم بڵێ بۆچی منی خۆش دەوێ و بنەوانی ماڵەکەمانە؟
ماڵەکەی من، ماڵی جەللادە! من نامەوێ ببێ بە شتێکی دیکە! ئاخر ئەوکات ئیدی تەنیا تووشی دڵەخورپەی ترسناکتر دەبم.
کە ئەو بێ جووڵە لە باوەشمدا خەوی لێ کەوتووە، من هەڵدەستم و لێفەکەی بەسەردا دەدەم، پاشان، نەکا خەبەری بێتەوە، زۆر بە بێدەنگی خۆم ئامادە دەکەم. لە شەودا بە ئەسپایی دەچمە دەرەوە بۆ سەر کارەکەم. دەبینم ئاسمان هەڕەشەئامێز و کڕکەوتوو بەسەر زەویدا هەڵواسراوە... خۆشحاڵم کە ئەو خەبەری نەبووەوە. خۆشحاڵم کە من لەگەڵ کاری خۆم، لەگەڵ ڕەنجێک کە دەبێ بیکێشم، تەنیام.
بەڵام دەزانم کاتێک لەسەر کارەکەم دەگەڕێمەوە، ئەو چاوەڕێمە. دەزانم کاتێک بە پشتی چەماوە و بە بەرگی پیس و خوێناویمەوە دەگەمە ئەوێ، ئەو پێشوازیم لێ دەکا.
بۆ دەبێ من ئەم هەموو بارە هەڵگرم؟! بۆ دەبێ هەموو شتێک لەسەر پشتی من بار بکرێ؟! هەموو پەژارە و گوناحێک، هەموو ئەو شتانەی ئێوە کردووتانن! بۆ دەبێ گشت خوێنێکی ڕژاوی ئێوە لە هەناوی منەوە بۆ دەرەوە هاوار بکەن، بە شێوەیەک قەت ئۆقرە نەگرم! نفرینی تاوانکاران و سکاڵا بێتاوانەکان... ئەرێ بۆ دەبێ ڕۆحی چارەڕەشی من بۆ هەموو شتێک ئازار بچێژێ؟!

تاوانبـارکراوان چارەنووسـی خۆیـان بـە کـۆڵی منـدا دەدەن... مـن نـاتوانم گوێیـان لـێ بگـرم لـە حاڵێکـدا چاوەڕێی مەرگی زەلیلانەی خۆیان دەکەن.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وشەکانیان لە دڵ و دەروونمدا هەر دەمێننەوە. دەنگی هەزاران ساڵ لەوەپێش لە ناخمدا هاوار دەکەن، ئـەو دەنگانـەی نایەنـەوە بیـری کـەس، ئـەو دەنگانـەی بێگیـانن، کـەچی لـە نـاخی منـدا زینـدوون و بـۆ خۆیـان دەژین! بۆنی خوێن، پاش ئێوە، دڵـم تێک دەڕووخێنێ و قورسایی گوناحێکی لە ڕیشەنەهاتووم دەخاتە ئەستۆ! چارەنووسی ئێوە بە کۆڵدا دەدەم، ڕێگەی ئێوە دەگرمە پێش بێ ئەوەی ماندوو ببم، لە حاڵێکدا ئێوە لـە مێژە لـە دەست کاروبارەکانی خۆتان سەرتان ڕاحەت بووە و لـە گۆڕەکانتاندا دەحەسێنەوە!

ئـەرێ کـێ گـۆڕێکی هێنـد قـووڵم بـۆ هەڵدەکـەنێ کـە بمشارێتەوە؟! گۆڕێک کە ئۆقرەییم بداتێ! کێ قورسایی نفـرین لەسـەر شـانم هەڵـدەگرێ و ئـامێزی پـڕ لـە ئاسوودەیی مەرگم پێ دەبەخشێ!

هیچ کەسێک! چونکە کەس ناتوانێ ئەو شتە هەڵگرێ کە من هەڵیدەگرم!

لەو سەردەمەدا کە هێشتا خودایەک هەبوو، جارێکیان لێم دا و ڕۆیشتم تا باری خۆمی لە بەردەم دانێم. بەڵام چما ئەو چ وەڵامێکی هەبوو بیداتەوە!

لـە بیرمـە، چونکـە مـن دانیشـتبووم و چـاوەدێریم لـە کەسێک دەکرد کـە دەیگـوت ڕزگارکـەری ئێوەیـە. ئـەو

دەیەویست ئێوە ڕزگار بکا بە ڕێگایەک کە خۆی ئازار بچێژێ و لەپێناوتاندا بمرێ. ئەو دەیەویست باری من لەسەر شانم هەڵگرێ.

تێنەگەیشتم مەبەستی ئەو چییە، چونکە بنیادەمێکی سیسۆڵە بوو کە تەنانەت هێزی پیاوێکی ئاساییشی نەبوو. دیار بوو، ئیدی دەبوو هەر پێی پێبکەنم. ئەو دەیگوت کە مەسیحە[1] و لە ئاشتی لەسەر زەویدا دوابوو و بەوەش تاوانبار کرابوو.

هەر بە منداڵی تێگەیشتبوو کە لەپێناوی ئینسانەکاندا ئازار دەچێژێ و دەمرێ. ئەو لەبارەی منداڵیی خۆیەوە، کە ئەوان هەمیشە ئەوە کاریانە، زۆری گێڕایەوە. هەروەها، لەبارەی وڵاتێکەوە کە بە "جەلیل"[2]ی ناو دەبرد و دەیگوت یەکجار خۆش و دڵگیرە، ئەوان هەمیشە ئەمە دەڵێن. لەوێ بەهاران گوڵەسوێسنە کەژ و کێوانی دادەپۆشی. هەروەها کاتێک ئەو لەنێو ئەو گوڵانەدا ڕاوەستابوو و لەو زەوییە درەوشاوەیەی دەوروبەری خۆی ڕوانیبوو، تێگەیشتبوو کە کوڕی خودایە. وەختێک چەند ساتێک قسەی کرد، خێرا بۆم دەرکەوت شەلوشێتێکی بێچارەیە. هەروەها کاتێک سەرنجی گوڵەکانی دابوو، بۆی ڕوون و ئاشکرا بووبوو کە لەبارەی چ شتێکەوە بۆ ئینسانەکان بدوێ، چ

---

[1] Messias

[2] Galiléen هەرێمێکە لە باکووری فەلەستین. **وەرگێڕ**

پەیامێکیان بۆ ببا، کە ئەوە بووە: "ئاشتی لەسەر زەوی".
لێم پرسی کە بۆچی پێویست دەکا ئەو بمرێ تاکوو خەڵک بتوانن ئاشتی بە دەست بهێنن. بەڵام ئەو وەڵامی دایەوە کە ئاوایە، ئەوە پەیمانێکی پڕ لە نهێنییە. باوکی ئاوای پێ گوتبوو، بەمەش مەبەستی لە خودا خۆی بوو. ئەو هێشتا وەک منداڵێکی باش ئیمانی هەبوو.
بەڵام هەر کە کات نزیک بووەوە، ئەو پەرێشانی دایگرت و وەک کەسانی دیکە کەوتە لەرزە و هەڵبەت چیی دی وەک پێشوو لە هەموو شتێک دڵنیا نەبوو. من هیچم نەگوت و ئەو بۆ خۆی پەرێشانحاڵ لەوێ دانیشت و هێندێک جار دەتگوت لە شوێنێکی دوور دەڕوانێ. وەک بڵێی پێویستی بەوە بێ بۆ جارێکی دی ئاواییی سەردەمی منداڵیی خۆی و گوڵەسوێسنەکانی سەر زەوی لە چواردەوری خۆی ببینێ.
تا دەهات دڵەخورپەی پتر و خراپتر دەبوو. چووە سەر دوو چۆکان و دەستی بە دوعا و نزا کرد: "ڕۆحم لە لێواری مەرگدا پەرێشانە. باوکی ئازیز، ئەگەر دەکرێ، ئەم جامەم لێ لابدە.[1] " هەر کە نۆرەی هات، توانیم ڕاکێشی بکەم.
بە حاڵ گوڕی ئەوەی بوو کە خاچەکە هەڵگرێ، لە ژێریدا کووڕ بووبوو و لەتری دەدا. وەزعەکە هێند

---

[1] قسەی مەسیح بووە پێش ئەوەی لە خاچ بدرێت... واتە: ئەم شەڕەم لێ دوور بخەرەوە. **وەرگێڕ**

ناخۆش بوو کە من خاچەکەم وەرگرت و نەختێکم بۆ هەڵگرت. ئەوە تەنیا من بووم ئەو کارەم کرد و هیچ کەسێک لەوانی دیکە نەیکرد. خاچەکە، لەچاو ئەو هەموو بارەی من پێی ڕاهاتووم بۆ ئینسانەکانی هەڵگرم، هەر هیچ نەبوو.
کاتێک لە خاچم دا، پێش ئەوەی دەست بکەم بە بزمارئاژنکردنی، داوای گەردنئازادیم لێ کرد، کە ئەوە نەریتە. نازانم، بەڵام گیانکێشانی ئەو، ئازاری دام. ئەوکات بە چاوە باش و پەرێشانەکانی، کە هەڵبەت چاوی کەسێکی تاوانبار نەبوون، بەڵکوو هیی ئینسانێکی بێچارەی بەدبەخت بوون، سەیری کردم و بە دەنگە نزمەکەی گوتی: "گەردنت ئازاد دەکەم، برا." هەروەها کەسێکی تەنیشتم گوتی و پێداگریی کرد کە لە حاڵێکدا ئەو ئەوەی گوتووە، داغی جەللادی لەسەر نێوچاوانی من پاک بۆتەوە، هەرچەند من باوەڕ بەمە ناکەم.
نازانم ئەو بۆچی ئاوای ناو بردم! بەڵام تەنیا لەبەر ئەوەی وای گوت، وەک ئەوە وا بوو برای خۆم لە خاچ دابێ. لەوانی دیکە کە گیانم کێشابوون، زۆر دژوارتر بوو. پیاو کە کاری وا دەکا، ناچارە سەیری قوربانییەکەی خۆی بکا... بەڵام من نازانم، ئەو لە هیچ قوربانییەکی دیکە کە من گیانم کێشاون، نەدەچوو.
ناتوانم ئەو چاوانەی کە سەیری کردم، فەرامۆش بکەم! ناتوانم ئەوەی گوتی، فەرامۆش بکەم!

باشـم لـه بیـره! منێـک کـه هـەموو دەنگـەکان و گشـت خوێنێکی ڕژاوم لە ناخدان، هەموو ئەو شتانەی ئێوە لـە مێژ ساڵە لە بیرتان کردوون!

من بۆ دەبێ ئازار بچێژم! من بـۆ دەبـێ لـەپێناوی ئێوەدا بچمـە ژێـر بـاری هـەموو شـتێکەوە! بـۆ دەبـێ تـاوان و گوناحی ئێوە بکەوێتە ئەستۆی من!

پـێش ئـەوە، لـە حەوشـەی زیندانەکـەدا ئەشـکەنجە و ئازاریشـم دابـوو، وەک بڵێـی بـە بـێ ئـەو ئەشـکەنجە و ئازارانـــە، نەیـــدەتوانی بمـــرێ. جەســـتەی برینـــدار و هەڵامسـاو بـوو و بـۆ ئـەوە نـەدەبوو بیگـری. هێنـد لـە دەست هەموو شتێک هیلاک بووم کە بـە ئاستەم تـوانیم خاچەکە هەڵێنم.

بـەڵام وەختێـک هـەڵمهێنا، خەڵکەکـە خۆشـحاڵ بـوون. کاتێـک بینییـان سـەرەنجام لـەوێ هەڵواسـراوە، هـاواری هەلهەلە و شادییان بەرز بووەوە. من لـە بـن سـێدارەدا قەت شادی و خۆشیی ئەوتۆم نـەدیوە وەک ئـەو کاتـەی ئەوم هەڵواسی! ئیدی ئەوان گاڵتەیان بەو بێچارەیـە کـرد و پێی پێکەنین و جنێویان دایە، چونکە ئەو لەو باوەڕەدا بووبـوو کـە حـەزرەتی مەسـیحیانە و ئیـدی زۆریـان پـێ کرد. تفبارانیان کرد و بەوە و بە ئازارەکانی پێدەکـەنین. ئەو چاوی لێک نان هەتا ئینسـانەکان نـەبینێ لـە حاڵێکدا خەریک بـوو ڕزگاریـان بکـا. لەوانەشـە هـەوڵی دابـێ بیـر لـەوە بکاتـەوە کـە ئـەو هێشـتا هـەر پاشـایانە و ڕۆنـی

خودایە[1]. ئەو تاجەدڕکینەیەی بۆیان ساز کردبوو، بە لای سەر و ملە خوێناوییەکەیدا خوار بووبووەوە و پیاوی دەهێنایە پێکەنین. بە بێزەوە ڕووم لە هەموو ئەوانە وەرگێڕا.
بەڵام پێش ئەوەی گیانی دەربچێ، هەموو دنیا تاریک بوو و من گوێم لێی بوو لەوێ لەوبانەوە بە دەنگێکی کز هاواری کرد: "خودا، خودای من، تۆ بۆ منت بە جێ هێشتووە!" ئەوکات بە زەحمەت توانیم بەرگەی ئەوە بگرم. دوای ئەوە، بە خۆشییەوە، دەسبەجێ گیانی دەرچوو. بە پەلە هێنامانە خوارەوە، چونکە خەریک بوو دەبوو بە سەبات[2] و نەدەبوو بەوێوە بمێنێتەوە.
کاتێک هەموو خەڵک لێیان دا و چوون هەتا خۆیان بۆ ڕۆژی سەبات ئامادە بکەن و سەرەنجام ئەوێ چۆڵ بوو، لەوێ لە بن سێدارەدا لەگەڵ بۆگەنی کەلاک و پیس و پۆخڵیی چواردەورم، کە هەمیشە لە شوێنی وادا هەن، لێی دانیشتم. لە بیرمە لەوێ بەو شەوە زۆر لەژێر

[1] "مەسیح" واتە کەسێک کە لەلایەن پێغەمبەری خوداوە دەستی پێدا هێنراوە. بەپێی کتێبی پیرۆزی مەسیحییانیش، "مەسیح" کەسێک بوو کە لەسەر دەستی پەیامبەران و پاشایانی هەڵبژێردراوی خودا بۆ پاشایەتی هەڵبژێردرا. شێوەی ئەم هەڵبژاردنە ئاوا بوو کە پەیامبەر، بە فەرمانی خودا نەختێک ڕۆنی (کە زۆرجار ڕۆنی گیایی بووە) بەسەر کەسی هەڵبژێردراودا دەماڵی و دوعای بۆ دەکرد. مەبەست لە "ڕۆنی خودا" هەر ئەوەیە. **وەرگێڕ**

[2] "سەبات": ڕۆژی شەممە، ڕۆژی حەسانەوەی یەهوودییان. **وەرگێڕ**

ئەستێرەکاندا دانیشتم. هەر ئەودەم بوو لە کەللەی دام کە بکەومە ڕێ و بچم لەگەڵ خودا بدوێم.
زەویم بە جێ هێشت و ڕووم لە عەرشی خودا کرد، شوێنێک کە لانی کەم وەک زەوی گەرم و شێدار و کپ نییە. من هەر چووم و چووم، نازانم چەندە بە ڕێوە بووم. خودا لە شوێنێکی سەیر دوور دەژیا.
لە ئاکامدا بینیم کە لە عەرشی خۆیدا بەشکۆ و دەستەڵاتدار لە بەرامبەرم دانیشتووە. نزیکتر بوومەوە و چوومە بەردەمی و تەورە خوێناوییەکەم بە تەختەکەی هەڵپەسارد، گوتم: لە کارەکەم ماندوو بووم!
چما بە ئەندازەی پێویست کاری خۆم جێبەجێ نەکردووە! تۆ ئێستا دەتوانی لە دەست ئەم کارە ڕزگارم کەی!
بەڵام ئەو تەنیا هەر سەیری بۆشاییی ئاسمانی دەکرد، بێ بزووتن و پەیکەرئاسا.
گوێ بگرە! من لە پیشەی جەللادیم هیلاک و بێزار بوومە! لەمە زیاتر بەرگەی ناگرم! من ناتوانم لە خوێن و ترسدا، لە هەر شتێکدا کە تۆ لێ دەگەڕێی ڕوو بدا، بژیم! پاشان ئەمە چ مانایەکی هەیە، دەتوانی پێم بڵێی! من بە ئیمانەوە خزمەتم کردووە و ئەوەی دەتوانم کردوومە، ئێستا چیی دی ناتوانم! من چیی دی توان و تاقەتی ئەم کارەم نەماوە! دەبا ئیدی بەس بێ! گوێت لێیە!
بەڵام ئەو منی نەبینی. چاوە کەوانییە کاسەئاساکانی، چۆڵوهۆڵ و بەتاڵ، لە عەرشەکەوە، کە هەر دەتگوت

بیابانێکــە، بڕیبوونــە دەرەوە. تــرس و ناهومێدییــەکی تاقەتپڕووکێن سەرتاپای داگرتبووم.
دڕندانە و بە تووڕەیی بەسەریدا نەڕاندم:
– ئەمڕۆ کوڕەکەی خۆتم لە خاچ داوە!
بـەڵام ئـەو هـیچ ئـاڵوگۆڕێکی بەسـەر ڕوخسـارە ڕەق و بێهەستەکەیدا نەهێنا. دەتگوت لە بەرد داتاشراوە.
لەوێ لـە بێدەنگی و سـەرمادا ڕاوەسـتام و هەسـتم کـرد بـای ئەبەدییـەت بـەنێو مندا دەڕچێ. هـیچ شـتێک نـەبوو بیکـەم. هـیچ کەسـێک نـەبوو قسـەی لەگـەڵ بکـەم. هـیچ شـتێک. ناچـار بـووم دیسـان تەورەکـەم هـەڵگرم و بـە هەمان ڕێگادا بگەڕێمەوە.
تێگەیشـتم کـە ئـەو کـوڕی خـودا نییـە. ئـەو پێوەنـدیی بـە ئینسـانەکانەوە هــەبوو و ئــەوەش جێــی سەرسـوڕمان نەبوو کە ئەو خەڵکە بەو شێوەیە، وەک چـۆن ڕاهـاتوون لەگــەڵ یەکــدی هەڵســوکەوت بکــەن، لەگــەڵ ئــەمیش هەڵسـوکەوتیان کردبـوو. ئـەوە هـەر کەسـێک لـە خۆیـان بـوو کـە لـە خاچیـان دابـوو، وەک چـۆن ڕاهـاتوون. لـەو لاوە، بە ناڕاحەتی و تووڕەیی هاتمەوە و لە ڕێگادا ڕەق هەڵاتم.
ئەو وەک کەسانی دیکە لە بەرچاو نەمابوو و تازە ئیدی ئۆقرەشی گرتبوو. بەڵام من، ڕۆحی ناکامم، وەک جاران و بۆ هەتاهەتا ملی ڕێیان پێ لەبـەر گرتم. من تـەنیا بـۆ ئـەوە هاتبوومـەوە سـەر زەوی هـەتا دیسـان بـە دوای

ڕێگای ئازارەکاندا بگەڕێم. هیچ کەسێک یارمەتیی منی نەدا!

نا. ئەو هیچ ڕزگارکەرێک نەبوو. ئاخر چۆن بۆ ئەوە دەبوو ڕزگارکەر بێ! ئەو دەستگەلێکی هەبوو وەک هیی لاوێکی نیوەپێگەیشتوو، ناخۆش بوو بزماریان لێ بدەی و هەوڵ بدەی بزمارەکان بەو قاچە لەڕولاوازانەیدا بکوتی. لە لام بووبووە پرسیار کە ئەو دەست و قاچوقولە چۆن بەرگەی هەڵواسین دەگرن. چۆن دەبوو کەسێکی ئاوا بتوانێ ئینسانەکان ڕزگار بکا!

کاتێک کە شمشێرەکەم کوتایە بنهەنگڵی تا تاقیی بکەمەوە بزانم دەتوانین خێرا بیهێنینە خوارەوە، ئەو هەر زووتر مردبوو، زۆر زووتر لە کاتی ئاسایی.

زەلیلێکی ئاوا بە کەڵکی چی دەهات! چۆناوچۆن دەیتوانی یارمەتیی ئێوە بدا! هەروەها باری سەر شانی من لا ببا! ئەوە چۆن مەسیحێک بوو بۆ ئینسانەکان! تێگەیشتم کە بۆچی ئەوە دەبێ من بم خزمەت بە ئێوە بکەم! بۆچی دەبێ ئێوە هانا بێننە بەر من!

من مەسیحی ئێوەم، بە داغی جەللادیی نێوچاوانمەوە! لەپێناوی ئێوەدا بۆ ئێرە نێردراومەتە خوارەوە!

بۆ: ململانێ لەسەر زەوی و خراپەخوازی بۆ ئینسانەکان!

ئێوە خودای خۆتان کردۆتە بەرد! ئەو ئێستا لەمێژساڵە مردووە. بەڵام من، مەسیحی ئێوە، من زیندووم! من ئەندێشەی مەزنی ئەو، کوڕی ئەو، ئەو کاتەی هێشتا

مەزن و زیندوو بوو و دەیزانی چیی دەوێ، دروستی کردم و لەگەڵ ئێوەدا هێنامیە دنیاوە! مەبەستی لەمە چی بوو! ئەو ئێستا لە عەرشەکەیدا وەک کەسێک کە خۆرە لێی دابێ، دەڕزێ و خۆڵەمێشەکەی لەگەڵ بای بەجێهێڵراوی ئەبەدییەت لە عەرشی ئاسماندا پەرش و بڵاو دەبێتەوە. بەڵام من، منی مەسیح، زیندووم! هەتا ئەو کاتەی ئێوە بژین! من بە سەربازەڕێی[1] خۆمدا بە دنیادا دەگەڕێم و هەموو ڕۆژێک لە خوێندا ڕزگارتان دەکەم!... بەڵام ئێوە من لە خاچ نادەن!

من مگێزم لە بوونەقوربانیی خۆمە... وەک چۆن برا دەستەوسانە کلۆڵەکەم مگێزی لێ بوو. ئارەزوومە لەسەر خاچەکەم بزمارڕێژ بکرێم و لەو تاریکییە مەزنە بەڕەحمەدا هەناسەم دەربچێ! بەڵام دەزانم ئەو ساتە هەرگیزاوهەرگیز نایە. من دەبێ تا ئەو کاتەی ئێوە هەن، پیشەی خۆم درێژە پێ بدەم. خاچی من هەرگیزاوهەرگیز بەرز نابێتەوە! وەختێکیش سەرەنجام کاری خۆم بە ئاکام گەیاند و هیچ شتێک نەما هەتا لێرە

---

[1] سەربازەڕێ (Härväg): بەو ڕێگایانە گوتراوە کە کاتی خۆی بۆ ئەوە ساز کرابوون هەتا لە ڕێگای دەستەڵاتی نیزامییەوە ئیمپراتۆریی ڕۆم یەکپارچە ڕابگرن. زۆرێک لەو ڕێگایانە لە هێندێک شوێندا تەنانەت هەتا ڕۆژی ئەمڕۆیش کەڵکیان لێ وەردەگیرێت. ئەو وتەیەی کە دەڵێت: "هەموو ڕێگاکان دەچنەوە سەر ڕۆم"، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە سەربازەڕێیەکان لە ڕۆمەوە بۆ هەرێمە جیاجیاکان دەچوون. **وەرگێڕ**

بیکەم، هەمیسان وەک ڕۆحێکی بێئۆقرە لە تاریکاییی شەودا، لە مەنزڵگای مەرگئاسای بابمدا سەرگەردان دەبم و خەم و پەژارەکانم و پەرێشانیی ئەوەی بۆ ئێوەم کردووە، لێم ناگەڕێن و بە دوامەوەن.

کەچی سەرەڕای ئەوەش خۆزگەی بۆ دەخوازم.

خۆزگەمە ئیدی کارم تەواو ببێ، هەتا چیی دی پێویستم بەوە نەبێ زیاتر باری گوناح لەسەر شانم کۆ کەمەوە.

خۆزگەی ئەو کاتە دەخوازم کە ئێوە ڕەگ و ڕیشەتان لەسەر زەوی هەڵکەنرابێ و ئەوجا سەرەنجام شانوباڵی منیش حەسانەوە بە خۆیانەوە ببینن. هیچ دەنگێکی گڕ چیی دی بەرەو لای من هاوار بەرز ناکاتەوە. من لەوێ بە تەنیا ڕادەوەستم و چاو لە دەوروبەری خۆم دەکەم، تێدەگەم هەموو شتێک ئێستا بە ئەنجام گەیەنراوە.

پاشان لەو تاریکاییە ئەبەدییەدا دەچمە دەرەوە و تەورە خوێناوییەکەم لە پاش خۆم لەسەر ئەو زەوییە چۆڵوهۆڵە، بە یادی ئەو نەسڵەی لێرە ژیاون، فڕێ دەدەم.

بە نیگا سەخت و گڕگرتووەکانی سەیری کردن. ئەوجا بە تەکانێک مێزەکەی لا دا و بە تووڕەیییەوە بەرەو دەرگاکە چوو.

دەرگاکەی گرت... بەڵام ئەو ژنەی لە تەنیشتی دانیشتبوو و لە سواڵکەر دەچوو، هەستایە سەر پێ و لەولاوە بە دەنگێکی ڕوون و هێمن قسەی لەگەڵ جەللاد

کرد. ڕوخساری ژنە لە تاو بەختەوەرییەکی نهێنی و پڕ لە ئازاردا دەدرەوشایەوە.

- تۆ دەزانی کە من چاوەڕێی تۆم! ئەو کاتەی تۆ پشتچەماو و شەلاڵی خوێن دێیتەوە، من لە دەرەوە لەنێو سپیدارەکاندا چاوەڕێت دەکەم. تۆ دەتوانی سەرت بخەیتە کۆشمەوە و منیش خۆشم دەوێی. نێوچاوانە سووتاوەکەت ماچ دەکەم و خوێنی سەر دەستت وشک دەکەمەوە.

تۆ دەزانی کە من چاوەڕێی تۆم!

ئەو بە دەم بزەیەکی هێمن و ماتەمینەوە سەیری ژنەکەی کرد. لە دەرەوە ترپەی لاوازی تەپڵەکان دەبیسترا... ڕاوەستا و گوێی بۆ ڕاداشت.

پاشان نەختێک کەمەربەنەکەی توند کردەوە و لەو سپێدە سارد و سڕەدا چووە دەرەوە.

## زنجیرە چاپکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس

١ جیهانی سۆفیا/ یۆستاین گاردەر/ و: بەهرۆز حەسەن
٢ کچەی پەرتەقاڵ/ یۆستاین گاردەر/ و: بەهرۆز حەسەن
٣ لەتەمدا دیارنیم/ دلاوەر قەرەداغی
٤ سەفەرنامە/ هیوا قادر
٥ ئێستا کچێک نیشتمانمە/ شێرکۆ بێکەس
٦ هەزار ماڵ لە خەون و ترس/ عەتیق ڕەحیمی/ ئازاد بەرزنجی
٧ زۆربای یۆنانی/ نیکوس کازانتزاکیس/ و: ڕەووف بێگەرد
٨ دەروازەیەک بۆ جوگرافیای سیاسی/ هاوڕێ یاسین محەمەد
٩ پاسەوانێک لە مەزرا/ ج.د. سالنجەر/ و: ژوان جەلال
١٠ نامبینیت چون پاییز دەبمەوە/ جەمال غەمبار
١١ جوگرافیای هەرێمی کوردستان/ هاوڕێ یاسین محەمەد
١٢ تەنیاییەکی پڕ هەراوزەنا/ بوهیمیل هراباڵ/ و: دلاوەر قەرەداغی
١٣ کازینۆی منداڵان/ کاروان کاکەسوور
١٤ ڕاپۆرتی مەرگێکی پێشوەخت ڕاگەیدندراو/گارسیا مارکیز/ و:حەمە قادر
١٥ خێراکە... مردن خەریکە بگات/ شێرکۆ بێکەس
١٦ سوارچاکێکی نەبوو/ ئیتالۆ کالڤینۆ/ و: ئەحمەدی مەلا
١٧ ئەحمەد شاملوو/ ئەحمەد شاملوو/ و: بەڕۆژ ئاکرەیی
١٨ نوسین بە ئاوی خۆڵەمێش/ شێرکۆ بێکەس
١٩ تۆ مەچۆ بۆ شەڕ/ ماردین ئیبراهیم
٢٠ جوگرافیای ستراتیجی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست/ جێفری کەمپ رۆبەرت هارکاوی/ هاوڕێ یاسین محەمەد
٢١ کەوتن / ئەلبێر کامۆ/ و: سەیوان محەمەد
٢٢ حەفتاکێل/ یەدوڵڵا ڕوئیایی/ و: بەڕوژ ئاکرەیی
٢٣ ئیتر لە دەرگا نادات پۆستەچی/ بوشرا کەسنەزانی
٢٤ لۆلیتا/ ڤلادیمێر نابۆکۆڤ/ و: توانا حەمەنووری
٢٥ جۆناسانی نەورەس/ ڕیچارد باخ/ و: ئازاد بەرزنجی
٢٦ عاشق هەمیشە تەنیایە/ سوهراب سپهری/ و: ئازاد بەرزنجی
٢٧ ژنێک لەبەردەم ورزێکی سارددا/ فرووغ فەڕوخزاد/ و: ئازاد بەرزنجی
٢٨ دیوانی لەتیف هەڵمەت
٢٩ دیوانی ڕەفیق سابیر
٣٠ ئیمپراتۆریای لم/ ڕەفیق سابیر
٣١ بەستانداردکردنی زمان و ئەلفوبێی کوردی/ ڕەفیق سابیر
٣٢ ئەفسانەی سیزیف/ ئەلبێر کامۆ/ و: ئازاد بەرزنجی
٣٣ کوڕێژگە بیجامە خەتخەتەکە/ جۆن بۆین/ و: ماردین ئیبراهیم

٣٤ گوڵی ڕەش/ شێرزاد حەسەن
٣٥ حەسار و سەگەکانی باوکم/ شێرزاد حەسەن
٣٦ لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا/ ساموێل بێکێت/ و: سەرکەوت جەلیل
٣٧ فەهرەنهایت ٤٥١/ ڕەی برادبێری/ و: سەیوان محەمەد
٣٨ جوگرافیای خاک/ د.هاوڕێ یاسین محمدامین
٣٩ جیۆپۆلەتیکی گۆڕانی ئاووهەوا/ جیمس. ئار. لی/ د.هاوڕێ یاسین محمدامین
٤٠ چەمکی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانای ڕۆمیدا/ د. سەبور عەبدولکەریم (شکار)
٤١ رەنگدانەوەی کەسێتی و دنیابینی حەلاج لەشیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا/ د. سەبور عەبدولکەریم (شکار)
٤٢ تاوان و سزا/ فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی/ و: ڕەووف بێگەرد
٤٣ مەسخ/ فرانس کافکا/ و: پێشەوا فەتاح
٤٤ ماڵی نالی/ کاروان کاکەسوور
٤٥ بێگانە/ ئەلبێر کامو/ و: د. موحسین ئەحمەد عومە ر
٤٦ مەنفا و مەملەکەت/ ئەلبێر کامو/ و: د. موحسین ئەحمەد عومەر
٤٧ زەماوەند و هاوین/ ئەلبێر کامو/ و: د. موحسین ئەحمەد عومەر
٤٨ هەزار خۆری درەوشاوە/ خالید حوسەینی/ و: ئازاد بەرزنجی
٤٩ چیاکانیش دەنگیان دایەوە/ خالید حوسەینی/ و: ئازاد بەرزنجی
٥٠ زۆربای یۆنانی/ نیکۆس کازانتزاکیس/ و: ڕەووف بێگەرد/ چاپی شەشەم
٥١ چیرۆکی ئەیووب بە گێڕانەوەی تەورات/ و: حەمە قادر
٥٢ پاریس جەژنی نەبڕاوە/ ئێرنست هەمنگوەی/ و: ژوان جەلال
٥٣ بەرەی ڕۆژئاوا ئارامە/ ئێریش ماریا ڕیمارک/ و: کەریم پەڕەنگ
٥٤ دەروازەیەک بۆ میتافیزیکا/ ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام/ و: هۆشمەن جەلال
٥٥ گفتوگۆ لەگەڵ مێژوودا/ ئۆریانا فالاچی/ و: عەزیز گەردی
٥٦ گاتسبیی مەزن/ ف. سکۆت فیتزجێراڵد/ و: سەیوان محەمەد
٥٧ کاک برایم و گوڵەکانی قورئان/ئیریک ئیمانوئیل شمیت/ و: سەلاحەدین بایەزیدی
٥٨ مێرووولەکان بەژێر ڕووناکیی مانگدا دەڕۆن/ بەختیار حەمەسوور
سلاڤۆی ژیژەک/ و: وەلید عومەر /بێن بۆ بیابانی ڕیاڵ ٥٩ بەخێر
٦٠ حیکایەتی چل شەوەی شاری قەلەندەران/ بە ڕیوایەتی بوشرا کەسنەزانی
٦١ قاوەکان خراپ سەفەر دەکەن / پەری کەریمی نیا
٦٢ کێ-لە-من-و-ڤیرجینیا-ڤۆلف-دەترسێت/ پەری کەریمی نیا
٦٣ هەموو ڕێگاکان دەچنەوە قرەجاڕ؟ / پەری کەریمی نیا
حوسێن حوسێنی/٦٤ ئاسمان و ڕێسمان
٦٥ گیرۆدەیی: گەورەترین نهێنیی فیزیا /ئامیر ئەسڵ/ و: حوسێن حوسێنی و د. ئومێد غەریب
٦٦ عەشیقی وەرگێڕ / جان دۆست / و: سەباح ئیسماعیل
٦٧ مێژووی ڕەخنەسازی / پ.د.کامل حەسەن بەسیر

٦٨ ئیسلام لە شەبەنگی فەلسەفەی ئاییننەوە / ئازاد قەزاز
٦٩ کۆمار / ئەفلاتوون / د. محەمەد کەمال
/ عادل باخەوان ٧٠ سۆسیۆلۆژیای بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان
٧١ وڵاتێک بۆ مردن / عەبدوڵلا تایع / و:سەلاحەدین بایەزیدی
٧٢ ئەودیوی فیزیا چاوپێکەوتن و گفتوگۆ/ ویرنەر هایزەنبێرگ / و: حوسێن حوسێنی
نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد ٧٣ فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان/ د.
٧٤ بوودای ناو هەورەبانەکە / جولی ئۆتسوکا / و: سەیوان محەمەد
٧٥ سەرهەڵگرتن / هێرتا مولەر/ و: عەبدولغەنی کاکۆ
٧٦ ستروکتوورەکانی بیرکردنەوە و گەشەسەندنی مەعریفیی منداڵان/ فایەق سەعید
٧٧ مۆسیقا فەرامۆشی کردم/ شاڵاو حەبیبە
شێرزاد حەسەن٧٨ دەرۆزەکەرەکانی سەربەستی /
٧٩ هۆمۆسێکسوالی و داهێنان / د.ڕەمسیس عەوەز / و: شوان ئەحمەد
٨٠ ئیمان یا بێ ئیمانی / ماریا مارتینی و ئەمبەرتۆ ئێکۆ / و: مەحموود شێرزاد
٨١ مامۆستای نەزان / ژاک ڕانسییێر / مەنسوور تەیفووری
گۆران ئیبراهیم /کات و پەیدابوونی ژیان ٨٢ گەردوون،
بۆ هیچ / فرانک کلۆز / و.گۆران ئیبراهیم ٨٣ پێناسەیەکی زۆر کورت
٨٤ ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش/ کاروان عومەر کاکەسوور
٨٥ نەوەکەی مسیولین / فیلیپ کلۆودێل / و.سەلاحەدین بایەزیدی
٨٦ گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو (بەرگی یەکەم)/ مارسێل پرووست/ و.سیامەند شاسواری
٨٧ دڵی تاریکی/ جۆزیف کۆنراد/ یاسین محەمەد
٨٨ قاچی چەپم/ کریستی براون/ و.باهۆزێ میر داوود
٨٩ دیاردەناسیی شوێن و شوناس/ ڕێبوارسیوەیلی
٩٠ گێلەکانی چێلم و مێژوویان/ ئیزاک بێشڤیس سینگەر/ و.عەزیز گەردی
٩١ دەربارەی ستەمکاری/ لیۆشتراوس/ و.فاروق ڕەفیق
٩٢ خۆشم ویست / ئانا گاڤاڵدا/ و.ژوان جەلال
٩٣ نەخۆشی مەرگ/ مارگرێت دوراس/ و.کەریم تاقانە
٩٤ سۆسیولۆژیای زەبروزەنگ/ و.عادل باخەوان
٩٥ ئەفسانەی سیزیف/ ئەلبێر کامۆ/ و: ئازاد بەرزنجی/ چاپی دووەم
٩٦ دەقە شیعرییەکانی گۆران لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە لێکۆڵینەوەیەکی دەروونشیکارییە/سامان عیزەدین سەعدون
٩٧ هەڵزنین بەرەو هەڵدێرگە / فاروق ڕەفیق
٩٨ کوندەپەپووی کوێر/ سادق هیدایەت/ و.فەرشید شەریفی
ماکسێنس فێرمین / و. ئازاد بەرزنجی ٩٩ بەفر/
ماکسێنس فێرمین / و. ئازاد بەرزنجی ١٠٠ کەمانچە ڕەشەکە /
ماکسێنس فێرمین / و. ئازاد بەرزنجی ١٠١ هەنگەوان /
١٠٢ دیزاینی مەزن / ستیڤن هۆوکینگ / و.حوسێن حوسێنی و کامیار سابیر

١٠٣ ئەزموون و یاد ( کتێبی سێیەم / ١٩٨٩_ ٢٠٠٣) / پشکو نەجمەدین
١٠٤ ئاهەنگی ماڵئاوایی / میلان کوندێرا / و. ڕەووف بێگەرد
١٠٥ دەروازەیەک بۆ جوگرافیای سیاسی/ هاوڕێ یاسین محەمەد/ چاپی دووە،
جوگرافیای مرۆیی ململانێی مرۆڤ لەگەڵ ژینگە/ عبدلله عەتوی/ و: مئەحمەد عەلی و هاوڕێ یاسین محەمەد ١٠٦
١٠٧ جوگرافیای دەرەمەتە سروشتییەکان/ د. هاوڕێ یاسین محەمەد
یادگارییەکانی خانەی مردووان/ دوستۆفیسکی/ و. حەمەکەریم عارف ١٠٨
١٠٩ کارکردنی ئەکتەر لە سەر خۆی لە میانەی کاریگەری وەرگرتندا/ ستانیسلاڤسکی/ و.پێشڕەو حسێن/ بەرگی یەکەم
١١٠ شتەکان لێک دەترازێن / چینوا ئەچێبێ/ و.یاسین محەمەد
١١١ سمایل گەشتێک بە هزر و ڕۆحدا/ دانیاڵ کوین/ و.دیلان قادر
١١٢ گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو (بەرگی دووەم)/ مارسێل پرووست/ و.سیامەند شاسواری
١١٣ ساڵانی هەورین/ عەلی ئەشرەف دەروێشیان/ و.عەزیز گەردی
١١٤ هەر تەنها مانگ نییە لەژێر درەختا بیردەکاتەوە/ عەبباس بەیزون/ و. عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی
١١٥ پەڕەسێلکەکانی کابول/ یاسمینە خەزرا/ و. تارا شێخ عوسمان
١١٦ پاسەوانێک لە مەزرا/ ج.د. سالنجەر/ و: ژوان جەلال
١١٧ قارەمانەکان و گۆڕەکان/ ئیرنستۆ ساباتۆ/و: حەمە قادر
١١٨ ماتریالیزمی مێژوویی/ ئالان وودس و ڕۆب سیوێل/ و: کارزان عەزیز
١١٩ ماڵە ئەندەلوسییەکە/ واسینی ئەلئەعرەج/ و: سەباح ئیسماعیل
١٢٠ دارستانی ونبوو/ ڕافایل ئەلبێرتی/ بورهان عەتا
١٢١ زەنگەکانی ڕۆما/ جان دۆست/ سەباح ئیسماعیل
١٢٢ کورتیلەیەک لە مێژووی کات/ ستیڤن هۆوکینگ و لیۆنارد ملۆدینۆ/ و. حوسین حوسینی و د. هاوڕێ عومەر
بێگەرد کافکا/ و. ڕەووف میلینا/ فرانتس بۆ ١٢٣ نامە
١٢٤ تەپڵی تەنەکە/ کوینتەر گراس/ و. کەریم پەڕەنگ
١٢٥ برسێتی/ کنووت هامسۆن/ حەمە قادر
١٢٦ کتێبی نووسینەوەی هەزارویەک خەون/ لازۆ ئازاد
١٢٧ خوێنبەربوونی بەرد/ ئیبراهیم ئەلکونی/ ئازاد مەولوود
١٢٨ وشەکان و تابلۆکان/ فۆکۆ و هاوڕێکانی/ و: هاوار محەمەد
١٢٩ ژیان لەگەڵ چەترەکەمدا/ ڕۆمەن گاری/ و:سەلاحەدین بایەزیدی
١٣٠ پڵینگەکانی کافکا/ مواسیر سکلیر/ و: سەیوان محەمەد
١٣١ گەردوون لە توێکڵەگوێزێدا/ ستێفن هۆوکینگ/ و: حوسێن حوسێنی
١٣١ ئیتر قیتارەکان ناگەن/ سیروان کەریم
١٣٢ کالیگولا/ ئەلبێرت کامو/ و: د. موحسین ئەحمەد عومەر
١٣٣ دادپەروەران/ ئەلبێرت کامو/ و: د. موحسین ئەحمەد عومەر

١٣٤ گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو (بەرگی سێیەم)/ مارسێل پرووست/ و.سیامەند شاسواری.
بێگەرد ١٣٥ هەشت نامە/ کوینتەرگراس و کینز بۆرا/ و. ڕەووف
١٣٦ ئەو مریشکەی خەونی بە فرینەوە دەبینی/ سۆن می هوانگ/ باهۆزێ میر داوود
فینیخ/ ڕۆشنا محەمەد ئانێتا و مایندەرتس ١٣٧ پیاوی ناو هەورەکان/ کۆس
فینیخ/ ڕۆشنا محەمەد ئانێتا و مایندەرتس ١٣٨ کچەبەفرینە/ کۆس
١٣٩ ئەستێرەکان بژمێرە/ لویس لەوری/ شلێر ڕەشید مەحمود
١٤٠ عەتری ئەو عاشقانەی مردن/ ئەدۆنیس/ تەلعەت تاهیر
١٤١ شازادە چکۆلە/ ئەنتوان ئیگزۆپێری/ سەلاحەدین بایەزیدی
١٤٢ هەڵەی ناو ئەستێرەکانی بەختمان/ جۆن گرین/ ژیوار جەوهەر
١٤٣ خوایە تۆ لەوێی، منم مارگرێت؟ جودی بلوم/ هەژار عوسمان
١٤٤ ئەم هونەری شیعرە/ بۆرخیس/ سەیوان محەمەد
١٤٥ ئێستای ئۆلۆشن/ گۆران ئیبراهیم
١٤٦ هێشتا لە سەفەردام/ سوهراب سپهری/ و: پێشڕەو حسێن و سۆران نەقشبەندی
١٤٧ سێ هەنگاو و سێدارەیەک/ جان دۆست/ وریا غەفووری
١٤٨ هیچ کەس وەک تۆ هیی ئێرە نییە/ میراندا جـولای/ و: هێشوو خسرەوی
١٤٩ لەدایکبوونی وشە/ فاروق عومەر سدیق
١٥٠ بیرەوەرییەکانی ئانا گریگۆریڤنا/ خێزانی ڕۆماننووس دۆستۆیڤسکی/ و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
١٥١ ئینسانێک بە پێوە/ د. فرێدێریک تیسۆ/ د. موحسین ئەحمەد عومەر
١٥٢ بۆچوونەکانی لێبووکێک/ هاینریش بوێل/ و:کەریم پەڕەنگ
١٥٢ گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو (بەرگی چوارەم)/ مارسێل پرووست/ و.سیامەند شاسواری
١٥٣ منداڵە پێخاوسەکان/ تەقی کاغەزچی/ ڕووناک شوانی
١٥٤ ڕووەکی/ هان کانگ/ و: هەژار عوسمان
١٥٥ خۆزگە بەردەکان دەیانتوانی بدوێن/ ماگدا ئێگێنس/ و: کەریم تاقانە
١٥٦ بە ناوی دایک/ ئێری دی لۆکا/ و: خەسرەو مەحموود
١٥٧ با بە ڕووتی بچینە ژێر باران/ سوهراب سپێهری/ و: مەریوان هەڵەبجەیی
١٥٨ مەرگی من ڕۆژێک/ فرووغ فەرۆخزاد/ و: مەریوان هەڵبجەیی
١٥٩ دەروونناسیی گەشەکردن/ نووسینی: میران زوهدی
١٦٠ سەفەری بوتڵە بەتاڵەکان/ قادر عەبدوڵلا/ و: سەلاحەدین بایەزیدی
١٦١ میلارێپا/ ئێریک ئێمانۆئێل شمیت/ و:سەلاحەدین بایەزیدی
١٦٢ هاوسەنگی ئاویی لە عێراق و قەیرانی ئاو لە جیهاندا/ فواد قاسم الامیر/ و:دکتۆر خلیل کریم محمد و مامۆستا احمد علی احمد
١٦٣ ئەو ڕۆژەی کە خۆی فرمێسکەکانم دەسڕێتەوە/ کینزابۆرۆ ئۆ/ فەرشید شەریفی
١٦٤ بنەما زانستییەکانی ئاووهەوای پراکتیکی د. هاوڕێ یاسین محمد ئەمین
١٦٥ شەوانی هیندی/ ئەنتۆنیۆ تابووکی/ ماردین ئیبراهیم

١٦٦ فەلسەفە و ئازارەکانی ژیان/ ئارتۆر شوپنهاوەر/ عەبدوڵلا ئەمینی
١٦٧ گۆڕانکاری ئاووهەوا و کاریگەری لەسەر ژینگەی سلێمانی و دەوروبەری/
د. هاوڕێ یاسین محمد ئەمین
١٦٨ دەزانم باڵندەی ناو قەفەزەکە بۆچی گۆرانی دەچڕێت/ مایا ئەنجیلۆ/ یاسین محەمەد
١٦٩ فیزیای کوانتەم، وەهم یان هەقیقەت؟/ ئالستەر ڕای/ حوسێن حوسێنی
١٧٠ گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو (بەرگی پێنجەم)/ مارسێل پرووست/ و.سیامەند شاسواری
١٧١ مەسخ/چ٣/ فرانس کافکا/ و: پێشەوا فەتاح
١٧٢ میریام/ تروومان کاپۆتی/ و: هەژار عوسمان
١٧٣ کەشتیی تاریک/ شێرکۆ فەتاح/ و: پێشەوا فەتاح
١٧٤ ڕێگەکانی ژەهر/ کاروان عومەر کاکەسوور
١٧٥ خۆڵەمێشی ناودارەکان/ سیامەند هادی
١٧٦ پیاوی سێیەم/ گراهام گرین/ و: ئاران موهەندیس
١٧٧ هایدی/ یۆهاننا شپیری/ و: سەلاحەدین بایەزیدی
١٧٨ حەسار و سەگەکانی باوکم/ شێرزاد حەسەن
١٧٩ پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان/ شێرزاد حەسەن
١٨٠ تەمی سەر خەرەند/ شێرزاد حەسەن
١٨١ خەونی جاڵجاڵۆکەکان و ژنێکی منگن/ شێرزاد حەسەن
١٨٢ ژنێک بەسەر منارەوە/ شێرزاد حەسەن
١٨٣ دوا شەوی دابەزینی عیسا/ شێرزاد حەسەن
١٨٤ تەنیایی/ شێرزاد حەسەن
١٨٥ گوڵی ڕەش/ شێرزاد حەسەن
١٨٦ گەڕەکی داهۆڵەکان/ شێرزاد حەسەن
١٨٧ پیرەپەپوولەکانی ئێواران/ شێرزاد حەسەن
١٨٨ ژیان چییە؟ لایەنە فیزیاییەکانی خانەیەکی زیندوو/ ئێراوین شرودینگێر/ و:
حوسێن حوسێنی و هێمن حوسێن
١٨٩ نانی بەیانی لە تیفەنی/ تروومان کاپۆتی/ و: ئاران موهەندس
١٩٠ ڕۆحی ئێمە لە شەودا/ کێنت هاروف/ هەڵۆ فەریق
١٩١ سلوولی ١٨/ عەلی ئەشرەف دەروێشیان/ و: عەزیز گەردی
١٩٢ نامەیلێ بۆ شاعیرێکی گەنج/ ڕەینە ماریا ڕیلکە/ و:دیلان قادر
١٩٣ ڕاگەردان/ کاروان عومەر کاکەسوور
١٩٤ قیژە/ فەرهاد چۆمانی
١٩٥ پیاسەیەک لەگەڵ جۆن دۆن/ نەزەند بەگیخانی
١٩٦ نامەوێ زۆر زوو بمرم/ ڕێن هانگ/ و: هەژار عوسمان، ژیوار جەوهەر
و د. کانی بەرەو زانستی پەرەسەندن/ فرانک ڕۆدز/ و:حوسێن حوسێنی ١٩٧ ڕێگەیەکی زێڕین
مستەفا ڕەئووف
١٩٨ ژیانەوە بە کاتی سیروان/ مەنسوور تەیفووری

١٩٩ بەشی من/ پەرینووش سەنیعی/ و:ڕووناک شوانی
٢٠٠ تاعوون/ ئەلبێر کامۆ/ و: د. موحسین ئەحمەد عومەر
٢٠١ مارتینی بەختەوەر / جان دۆست/ و: سەباح ئیسماعیل
٢٠٢ میرنامە / جان دۆست/ و: سەباح ئیسماعیل
٢٠٣ گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو (بەرگی شەشەم)/ مارسێل پرووست/ و.سیامەند شاسواری
٢٠٤ دەمویست کەسێک لە شوێنێک چاوەڕوانم بێت/ ئانا گاڤاڵدا/ و: زریان مەحمود
٢٠٥ یەعقوبە درۆزن/ یورەک بێکەر/ و: کەریم پەڕەنگ
٢٠٦ چیرۆکێکی تەواونەکراو/ ڤۆلکەر براون/ و: عەبدولغەنی کاکۆ
٢٠٧ مردن ئەڕای کۆبانێ/ پاتریس فرانچێسکی/ و: سەلاحەدین بایەزیدی
٢٠٨ پاڵتۆ / نیکۆلای گۆگۆل/ و: ئاران موهەندیس
٢٠٩ دیوار/ ژان-پۆڵ سارتەر/ و: ئاران موهەندیس
٢١٠ هێزی کێشکردن/ جۆرج گامۆڤ/ و: حوسێن حوسێنی
٢١١ ئایین و زانست/ بێرتراند ڕەسڵ/ و: حوسێن حوسێنی
٢١٢ یەک، دوو، سێ... ناکۆتا/ جۆرج گامۆڤ/ و: حوسێن حوسێنی
٢١٣ مێژووی هونەری شێوەکاری / سوزی هۆج/ و: هەڵگورد ئەحمەد
٢١٤ نانی ساڵانی زوو/ هاینریش بۆل/ و:عەبدولغەنی کاکۆ
٢١٥ لەبیر دەچیتەوە وەک ئەوەی هەرگیز نەبووبیت/ ژیان و شیعری مەحموود دەروێش/ و: ئازاد بەرزنجی
٢١٦ دۆنی ئارام/ میخائیل شۆلۆخۆف/ و: حەمە کەریم عارف
٢١٧ شتێک لەم دەوروبەرە/ بەڕۆژ ئاکرەیی
٢١٨ ترسولەرز/ غولامحوسێن ساعیدی/ و: بەڕۆژ ئاکرەیی
٢١٩ خۆشم دەویست/ ئانا گاڤالدا/ و: سەلاحەدین بایەزیدی
٢٢٠ جیهانێک لە ئەگەرییەکان/ گۆران ئیبراهیم
٢٢١ فەلسەفە و شۆڕش/ کۆمەڵێک نووسەر
٢٢٢ ژیانی حەقیقی/ ئەلەن بەدیوو/ و: مەنسوور تەیفووری
٢٢٣ بنەماکانی شێرپەنجەی گەدە، ڕیخۆڵەیی تیرۆید، مەمک و پرۆستات/ د. حەسەن شەتەوی و د. کامەران ئەمین ئاوە
٢٢٤ گەڕان بۆ کاتی لەدەستچوو (بەرگی حەوتەم)/ مارسێل پرووست/ و.سیامەند شاسواری
٢٢٥ شیری ڕەش/ ئەلیف شەفەق/ و: ڤیەننا سەلام
٢٢٦ میشێل فۆکۆ/ عارف دانیالی/ و: سەروان ئەحمەد
٢٢٧ نامەکانی فێرناندۆ پێسوا بۆ خۆشەویستەکەی/ و: شوان ئەحمەد
٢٢٨ دڵدارە هەرە ئازیزەکەم/ نامەکانی نێوان ئەنتوان چیخۆف و ئۆلگا کنیپەر/ و: ڕەئوف بێگەرد
٢٢٩ هەزار خەون و یەک قەفەس / ئورسولا لی گوین/ و: شیلان ڕەشید

٢٣٠ ڕووداو و داهاتوو/ جاك دێریدا/ و: هاوار محەمەد
٢٣١ سیستەم و تاقانە/ ژان بۆدریار/ و: هاوار محەمەد
٢٣٢ سەحەر/ سەلاحەدین دەمیرتاش/ و: فەرهاد چۆمانی
٢٣٣ كاركردنی ئەكتەر لە سەر خۆی لە میانەی كاریگەری وەرگرتندا/ ستانیسلاڤسكی/ و.پێشڕەو حسێن/ بەرگی دووەم
٢٣٤ پەڵماز گیونەی/ كارزان كاردۆزی
زەندی ٢٣٥ شالیار/ نیكۆلۆ ماكیاڤێلی/ و: جەمال
٢٣٦ گوڵی خراپە/ شارل بۆدلێر/ و: ئەحمەدی مەلا
٢٣٧ قورسایی ڕازەكان (١) تسووباكی/ ئاكی شیمازاكی/ و: سەلاحەدین بایەزیدی
٢٣٨ قورسایی ڕازەكان (٢) هاماگووری/ ئاكی شیمازاكی/ و: سەلاحەدین بایەزیدی
٢٣٩ قورسایی ڕازەكان (٣) تسووبام/ ئاكی شیمازاكی/ و: سەلاحەدین بایەزیدی
٢٤٠ قورسایی ڕازەكان (٤) واسوورەناگووسا/ ئاكی شیمازاكی/ و: سەلاحەدین بایەزیدی
٢٤١ قورسایی ڕازەكان (٥) هۆتاروو/ ئاكی شیمازاكی/ و: سەلاحەدین بایەزیدی
مێرووە شەلەی ڕیشسوور/ یاشار كەمال / و: سەلاحەدین بایەزیدی و فیلەكان ٢٤٢ سوڵتانی
٢٤٣ چۆنێتیی چارەسەركردنی دڵەڕاوكێی گشتی/ میران ئاوات زوهدی
٢٤٤ نائارامی/ زولفو لیڤانەلی/ و: فەرهاد چۆمانی
٢٤٥ كەسایەتییە كوردەكان و دەوڵەتی عوسمانی/ هاكان ئۆزئۆغڵو/ و: ئاران موهەندیس
٢٤٦ زۆربای یۆنانی (چ ٦)/ نیكۆس كازانتزاكیس/ و: ڕەووف بێگەرد
٢٤٧ وەرزێك لە دۆزەخ و درەوشانەوە/ ئارتویر ڕامبۆ/ و: ئەحمەدی مەلا
٢٤٨ كوندەپەپووی كوێر (چ ٢)/ سادق هیدایەت/ و: فەرشید شەریفی
دادپەروەری/ ن: د. دارا محەمەد گوتاری ٢٤٩ چەمك و
٢٥٠ سەرەتایەكی زۆر كورت بەرەو فەلسەفەی زانست/ سەمیر ئۆكاشا/ و: حوسێن حوسێنی
٢٥١ سیاسەتی ملكەچی/ ئێتیەن دو لا بۆتیە/و: د. عەلی ئەحمەدی
٢٥٢ كەوتن (چ ٢)/ ئەلبێر كامو/ و: سەیوان محەمەد
٢٥٣ یەكەمین مامۆستا/ جەنگیز ئیتماتۆڤ/ و: فایەق سەعید
٢٥٤ وەرچەرخانی بزاوتی ڕزگاریخوازی كوردستان لە پەكەكەوە بۆ كەجەكە/ سیڤان سەعید/و: دارا سوبحان
٢٥٥ مۆنادناسی/ لایبنز/ و: كارزان عەزیز
٢٥٦ ماركسیزم و ڕزگاریی ژنان/ لویس ئوشی/ و: حەمەی مەلا
٢٥٧ دۆخی ئاوارتە/ جۆرجیۆ ئاگامبێن/ و: هاوار محەمەد و ئەرسەلان ئەفراسیاو
٢٥٨ ڕابەری كێشی شیعری عەرووزی كوردی/ بەرگی یەكەم/ عەزیز گەردی
٢٥٩ ڕابەری كێشی شیعری عەرووزی كوردی/ بەرگی دووەم/ عەزیز گەردی
٢٦٠ ڕابەری كێشی شیعری عەرووزی كوردی/ بەرگی سێیەم/ عەزیز گەردی
٢٦١ ڕابەری كێشی شیعری عەرووزی كوردی/ بەرگی چوارەم/ عەزیز گەردی
٢٦٢ ڕابەری كێشی شیعری عەرووزی كوردی/ بەرگی پێنجەم/ عەزیز گەردی
٢٦٣ ڕابەری كێشی شیعری عەرووزی كوردی/ بەرگی شەشەم/ عەزیز گەردی

٢٦٤ گەشتی کیمیاگەر/ ن: د. خالید محەمەد عومەر

٢٦٥ سەمفۆنیای عەشق/ ن: ئاندری ژید/ و:شلێر ڕەشید

٢٦٦ ڕامیاری/ ن: کێنیت مێنۆک/ و:شێرزاد حەسەن

زمانی سادە/ ڕۆبێرت هازن و جەیمز تریفیل/ و: حسێن حسێنی و به ٢٦٧ زانستی ڕۆژ
هێمن حسێن
کردوویانە بە کوردی

٢٦٨ دیداکتیک مۆدێل و میتۆدەکانی وانەگوتنەوە/ ن: فایەق سەعید

٢٦٩ ئانا گریگۆریڤنا دۆستۆیڤسکایا بیرەوەرییەکانی ئانا گریگۆریڤنای هاوسەری دۆستۆیڤسکی
و: حەمەکەریم عارف

٢٧٠ فەلسەفەی بوونگەرایی/ جۆن ماکواری/ و: ئازاد بەرزنجی

٢٧١ هونەر و هونەرەکانی هونەر/ ن: سەنگەر قوبادی

٢٧٢ جەللاد/ پێر لاگەرکڤیست/ و: کەریم تاقانە